chalakmuhamad@gmail.com

# مامۆستای کورد



٢١

بەهاری ١٩٩٤

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

# ماموستای کورد

ژماره ٢١ ، بەهاری ١٩٩٤

سەرنووسەر : فەرهاد شاکەلی

Address : ناونیشان

Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna
Sweden

Sara Distribution
Dalagatan 42
113 24 STOCKHOLM
Tel: 08-33 12 29
Fax: 08-33 12 29

chalakmuhamad@gmail.com

# ناوەڕۆک


نامە ٣
بەڵگەیەکی مێژوویی لە بارەی هەڵوێستی هەندێ لە ئاغاکانی پژدەرەوە لە ئاست
بزووتنەوەی شێخ مەحموود : پیران ٥
زولاڵترین پێکەنینی جیهان : سـوارەی ئێڵخانی ١١
چیرۆک و چیرۆکنووسی بۆ لاوان : مەنسووری یاقووتی ( و. کامەران قازی) ١٥
هونەرمەند شوان کەمال عەلی ٢٨
هونەر لە کوردستانی ئەمڕۆدا : شوان کەمال عەلی ٢٩
بە یادی عەلی عەبدولڕەحمان ٣٢
– حەسرەتا من ، هەژارم ( شیعر) ٣٣
– خاتێ خانم ( کورتە چیرۆک ) ٣٤
کتێبخانەی مامۆستای کورد ٣٧
دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ٤٢
چاوگێرانێ بە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا کە لە گۆڤاری مامۆستای کورددا
بڵاوکراونەتەوە : ئەدەبدۆستێ ٤٣
دەستنووسی شیعرێکی مامۆستا ئەحمەد شوکری ( د. شۆ) ٤٨
لۆزان ( کورتە چیرۆک) : شێرزاد حەسەن ٤٩
هەڵبژاردەیەک لە شیعری ئاڵمانی : وەرگێڕ : هێدی ٥٦
– مارگۆت بیکێل
– بێرتۆلت برێشت
– ئێریش فرید
– گونتێر گراس
ئەلبوومی کوردەواری ٦١
یەدە بێسارانی ( کورتە چیرۆک) : کوردان ٦٣
بەردی ڕەش ( شیعر) : مەهاباد قەرەداغی ٦٨
کاریکاتوور ٦٩
دوو شیعری سوێدی : وەرگێڕ : گۆران قەرەداغی ٧٥
– کریستینا لونگن
– ئیڤار کۆنرادسۆن
چەپکێک لە گوڵزاری شیعرەکانی ئێدیت سوێدەرگران : وەرگێڕ : ڕزگار عەبدوڵڵا ٧٦



ڕێکخستنی هونەری و مۆنتاژ : ئاسۆ گەرمیانی
وێنەی سەر بەرگی یەکەم : شێخ مەحموودی نەمر و مامۆستا تۆفیق وەهبی
تابلۆی بەرگی دووەم : ڕاوکەر ، کاری هونەرمەند شوان کەمال عەلی

chalakmuhamad@gmail.com

# نامە

... خۆزیا من لەم شارەدا تەنیا کوردی عێراق نەدەبووم کە بڵاوکراوەی کوردی دەخوێنێتەوە ، دەنا دەمانتوانی بە هاوبەشی چی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی هەندەران هەیە بیکڕین و بە نۆرە بیخوێنینەوە !! یا خۆزیا ئێوە و ئێوەکانی ڕۆژنامەنووس و نووسەر ، بۆ نموونە لە سوێددا ، لە دوو گۆڤار زیادترتان بڵاونەدەکردەوە ، بە هەمان شێوەش لە ئینگلتەرا و .. هتد .

د. ه - ئەڵمانیا ١١-١-١٩٩٤

... دەنگوباسی ئەدەب و ڕۆشنبیری گەلێ خراپترە لە ڕۆژە ڕەشەکان . ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان تا ئێستاش عەشیرەتلۆژی و هاوڕێلۆژی و ناسراویلۆژی پێوانەی بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانەکانیانە ، نەک نموونەی باش . گەرمیانیش خۆی لە خۆیدا تەڵەزگەیەکی گەورەیە ، یەعنی چۆن بتوانی شتی باش و لە وەختی باشدا بڵاوبکەیتەوە .. ئەمە گشتی سەرەڕای دەستکورتی و خەمی لاوەکیی تر ...

چیا ، ئۆردوگای صمود
٩-١-١٩٩٤ کوردستان

... گرانییەکی کوشندەیە لێرە ؛ هێلکەیەک بە سێ دینارە ، کیلۆیێ ڕۆنی تەنەکە بە ٦٠ دینارە ، کیلۆیەک شەکر بە ٣٣ دینارە . ئەمە بازاڕی شێخەڵایە ، نەک بۆرسەی زیووریخ . یەک دۆلار بە ٧٤ دینارە . خەڵکەکە زۆر بێوەزعن . هەر ببینە قەوما .

ئەم ئێوارەیە لە عەیادەی دۆکتۆرێکی ناسیاو بووم ، ئافرەتێک تەنوورە و بلووزێکی لە بەردا بوو ، جانتایەکی لە شاندا بوو ، هاتە عەیادەکە . وامان زانی دەرمانی دەوێ ، کەچی داوای پارەی کرد ، شتێکی پێ بکڕێت بۆ منداڵەکانی . ئافرەتەکە دیار بوو (موظفة) بوو.

هەندێ کەرامباوگاوی ئێرە کە لای ئێوەن ، خانوویان بۆ خوشکە ........ کڕیوە بە یەک ملیۆن دینار ، سەیارەیان بۆ کوڕی خوشکە ......کڕیوە، چوار بە جارێ ، بە چوارسەدهەزار دینار . باوەڕ ناکەم گەووادی لەوێ ئەوەندە بەپیت و بەرەکەت بێ . وا ئەزانم و خۆشت چاکتر ئەزانی ، تیجارەت بە کەوڵی کورد و دروشمی بریقەدار بۆتە مایەی گیرفانپڕی و ڕووڕەشییان ، دەک خەجاڵەت خۆیان ...

ق . ج - هەولێر
٨-٣- ١٩٩٤

لە ژمارە (١٩)لاپەڕەی (٧) لە گۆڤارە بەڕێزەکەتان کاک ( کامل متی ) گلەیی و سکاڵای خۆی دەربڕیبوو. زۆر شت هەیە ئەمەوێ ڕوونی بکەمەوە، جا تکام وایە لە بەڕێزتان کە وەڵامی منی تیا بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی ڕاستی ئاشکرا بێت:

١- بەڕێز کامل متی دەڵێت کەوا لە هەولێر و شەقڵاوە سەدان خانووی هەبووە و ملیۆنێر بووە و شاری هەولێری بۆ چەکمەبۆران بەجێ هێشت ، ئەمە شتێکە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە.

٢- بەڵام کتێبەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق لقی ئێک ژمارە (٨٢٣) لە ١٩٩٢/٨/٣١ کە دەقەکەی بڵاوکردۆتەوە، ئەم کتێبە لە لایەن بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی خۆیەوە نەدراوە بە دەست کامل متی و بۆ ئەم مەبەستە بە هیچ جۆرێک نەچووە بۆ لای بەڕێزی، بەڵکوو ئەم کتێبە برادەرێک بۆی جێبەجێ کرد، کە کامل متی خانووەکەی خۆی پێ فرۆشتبوو بەر لە دەرچوونی.

٣- ئەم دوو کەسەی کە ناویان هاتووە "نقیب تحسین و نقیب اکرم"، وەکوو من بزانم کەوا کامل متی منی تێداکردووە بە شایەت، ئەم دوو کەسە بەم جۆرە ناشیرینە ناوی ئەو بەڕێزە سەرۆکانەیان نەهێناوە کەوا کامل متی باسی کردوون، بەڵکوو وتیان تەعلیماتی تازە

chalakmuhamad@gmail.com

ڕێگا نادا بۆ دەرچوون و زۆر شت گۆڕاوە، بۆیە ئەم کتێبە ناخوا بەڵکوو ڕێگای تر هەیە، مەقسەدیان پارە بوو... لەمە زیاتر هیچ قسەیەکی دیکەیان نەکرد...

٤- من خۆم و خێزان و منالّم لە سنوور دەرچووین لە ڕێگای برادەرێکی خۆمەوە و هیچ پارەمان نەدا بۆ وەرگرتنی ڤیزە.

٥- ئەو پارەیەی کەوا باس کراوە و بریتییە لە ١٧٠٠ دۆلار، کامل متی نەیداوەتە "نقیب تحسین و نقیب اکرم" و ئەوان بە هیچ جۆرێک ئاگایان لەوە نییە، بەڵکوو "قاچاخچییەک" پەیوەندی لەگەڵ فەرمانبەرانی سنووری تورکیا پەیداکردبوو، ئەم قاچاخچییە ئیشەکەی بۆیان کرد بەم پارەیە.

جا تکای زۆرم لە بەڕێزتانە ئەم ڕوونکردنەوەیە لە گۆڤارەکەی خۆتان بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی ڕاستی بە دیار بکەوێ و منیش نەبم بە شایەتی ناحەق.

لەگەڵ سوپاسێکی گەرم

نەوزاد ئەمجەد ڕەفیق
گیمۆ ١٩٩٤/٢/١١

# وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە :

- دواکۆتایی شتەکان ( شیعر)
- پرتەپرت ( پەخشان )
- عەلی ڕەزا نابدل ، شاعیری شۆڕشگێڕی ئازەربایجانی
- ئیسلامەتی و کوردایەتی ( شیعر)
- ( نوشوست ) یەکەی شۆڕشی ئەیلول نە ( هەرەس ) بوو ، نە ( ئاشبەتاڵ ) ! ( لێکۆڵینەوە )
- خوێندنەوەی مێژوو و ئەزموونی شکست لە شیعری ( پەریزاد و گوڵەکەی دوژمنی ) شێرکۆ بێکەس ـ دا ( ڕەخنە)
- ئەو ساتانەی مەرگ باری ، بە یادی شەشەمین ساڵڕۆژی لەخاچدانی هەڵەبجە ( پەخشان)
- بانێژەیەکی تینوو .... ئێوارەیەکی بێوەفا ( شیعر)
- کورتە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسانە و پرسیارە ونەکانی شاعیر ( ڕەخنە)
- شەوێک و خۆم ( چیرۆک )

ببوورن کە ناتوانین بەرهەمەکانتان بڵاوبکەینەوە

chalakmuhamad@gmail.com

# بەڵگەیەکی مێژوویی لەبارەی هەڵوێستی هەندێ لە ئاغاکانی پژدەرەوە لە ئاست بزووتنەوەی شێخ مەحموود

ئامادەکردن و پەراوێز بۆ نووسینی
پیران

لەم وتارەدا بەڵگەیەک ئەخەینە بەر دەستی خوێندەوارانی ئازیزی کورد، بۆ ئەوەی وەک هەزاران بەڵگەی تری مێژووی گەلەکەمان نەفەوتێ و ئەوانەی خۆیان بە لێکۆڵینەوەی مێژووی سیاسیی نوێی کوردەوە خەریک کردووە، کەڵکێکی لێ وەربگرن و لە شوێنی خۆیا بیخەنە روو.

تێکستی ئەم بەڵگەیە بە زمانی عەرەبییە و ئێمە خۆمان وەرمانگێڕاوەتە سەر کوردی. بۆ ئەوەیش دەسپاکیی تەواومان لەگەڵ خوانا (قاریء) و لەگەڵ ئەوانە بەکارهێنابێ کە لە دوارۆژدا کەڵک لەم بەڵگەیە وەرئەگرن، تێکستە عەرەبییەکەیشی لەگەڵ وەرگێڕانە کوردییەکەی بڵاو ئەکەینەوە. لە هەندێ شوێنی وەرگێڕانە کوردییەکە و تێکستە عەرەبییەکەیشا بە پێویستمان زانیوە بە نووسینی چەند پەراوێزێ، خوانای ئازیزمان، زیاتر لەم بەڵگەیە وەئاگا بێنین.

بەڵگەکە بە کوردی(١)

جی. ئێف. ٢٦(٢) G.F.26.

رەشنووس

بابەت: ئەو قسانەی بابەکرئاغای سەرەکی پژدەر کردنی.

بۆ: وەزارەتی ناوخۆ.

رەشنووس:

بە کوێوە پێوەندی هەیە:(٣) بەغدا.

مێژووی نووسین:

ئیمزای تایپکار و مێژووی لە چاپدان:

سەرچاوەی رەشنووس: دائیرە دیوان

سەرنج:

قەڵەم:

CONFIDENTIAL

نهێنی(٤)

ئیشارەتی رێگادانی چاپکردن:(٥) چاپ(٦)

SGPS... 189...485...1,000 PADS...

15-7-29

بە ئیشارەت بۆ تەلگرافی شفرەیی ژمارە س. ٥٦ی رۆژی ١٩٣٠/١١/٣٠مان، بە بۆنەی بزووتنەوەکەی ئەم دواییەی شێخ مەحموودەوە کە بە پێچەوانەی تەعلیماتی حوکومەتی عێراق(٧) و فەخامەتی موعتەمەدی سامی و ئەو فەرمان و بێدارکردنەوانە کردنی کە پێشتر لە لیواوە و بەگوێرەی فەرمان و تەعلیماتی وەزارەتی ئێوە دەرچوون، بابەکر ئاغای

chalakmuhamad@gmail.com

G. F. 26. — جي . اف ٣٦

مسودة

الموضوع بيانات بابكر آغا رئيس بشدر — الى وزارة الداخلية

المسود ———— الربوطات بغداد

تاريخ التسويد ———— امضاء الطابع وتاريخ الطبع

مصدر المسودة الدائرة ———— الديوان ———— الملاحظات

القلم ————

**CONFIDENTIAL**

اشارة اجازة الطبع ———— سري

8GPS...189...485...000 Pads...15 7 29.

بالاشارة الى برقيتنا الرمزية المرقمة س/ ٥٦٠ والمؤرخة ٢٠/١١/١٩٣٠ :-

نظراً لحركة الشيخ محمود الاخيرة التي التجأ رغم تعليمات الحكومة العراقية ومخالفته المعتمد السامي والاوامر والتبليغات الصادرة من الاول سابقاً حسب الاوامر وزارتكم و

تعلمنا ان بابكر آغا ابن سليم آغا رئيس بشدر وعصمت محمد آغا ابن معروف

[redacted]

قد اتى الى السليمانية وبين الافادات الآتية بالافادة للحكومة :-

١- افاد بابكر آغا بان الحكومة مطلعة على انه لم يسبق لاحد من اتباعه الالتحاق بالشيخ محمود والاشتراك معه ضد الحكومة والجنود بل قد اتى قسم من اتباعه بخدمات للحكومة في قضاء بشدر بانذار كما معلوم لدى موظفي الحكومة.

٢- ان بابكر آغا يعترف بالطاف الحكومة تجاه بشدر والرواتب المخصصة للرؤساء وانه مستعد لتسليم مجموعة والاطلاع على الشيخ محمود واخراج الشيخ محمود من قضاء بشدر وبشدر ومركز وناحية ... على ان يأمر الحكومة عباس محمود آغا (الذي تقاضى اتباعه مدا اشيا اكثر من اتباع بابكر آغا) ان يشترك في هذه الحركة بعدئذ.

٣- اذا لم يقم الفريقان بانفاذ تلك الاوامر فان بابكر آغا يرى ان الحكومة محقة في قطع الرواتب الراجعة الى كلا الفريقين.

chalakmuhamad@gmail.com

G. F. 26.　　　　　　　　　　　　جي . اف ٢٦

مسودة

الموضوع ____________ الى ____________

المسود ____________ المرسلات ____________

تاريخ التسويد ____________ اسم الطابع وتاريخ الطبع ____________

مصدر المسودة الدائرة ________ الديوان ________ الملاحظات ____________

القلم ____________

CONFIDENTIAL

سري

اشارة اجازة الطبع

GGPR...189 . 485...1,000 Pads...15 7 28.

٤ – اذا لم يقم عباس محمود آغا باتفاقه الاول والاشتراك في افلاج الشيخ محمود

[illegible] المنطقة فادرى بابكر آغا ان للحكومة الحق بتقدير

موقف لعباس محمود آغا فيما [illegible] لم يبق لدى بابكر آغا

[redacted]

ان بابكر آغا يؤمل ويسترحم ان تنظر الحكومة في موقف كلا الرئيسين و

تشخيصهما وتقدير درجة خدماتهما كل حسب اعماله وان تقدر الخدمات

والافعال الواقعة من الفريقين .

هذا ما افادنا بابكر آغا عن زيارته الاخيرة الى السليمانية وانا نترك المسألة لحكمكم

ونجد المنطقة في [illegible] احترامهم بموافقته .

متصرف لواء السليمانية

chalakmuhamad@gmail.com

کوڕی سەلیم ئاغای سەرەکی پژدەر ، لەگەڵ ئەحمەد ئاغای کوڕی مستەفا ئاغای سەرەکی تاقمی بەگزادە لە عەشرەتی پژدەر و پێنج یا شەش لە سەرەکەکانی تر هاتن بۆ سلێمانی و (بابەکر ئاغا)(٨) ئەم ئیفادانەی خوارەوەی بۆ حوکوومەت ڕوونکردەوە:

١– بابەکر ئاغا وتی: حوکوومەت ئاگادارە یەک کەس لەوانەی سەر بە ئەون نەچووەتە پاڵ شێخ مەحموود و دەستی لەگەڵ تێکەڵ نەکردووە لە دژی حوکوومەت و سوپا، بەڵکە بەشێکیشیان خزمەتی زۆری حوکوومەتیان لە قەزای شارباژێڕ کردووە، وەک کاربەدەستانی حوکوومەت خۆیان پێ ئەزانن.

٢– بابەکر ئاغا دان بە لوتفی حوکوومەتا ئەنێ لە ئاست پژدەر و بەو مانگانانەی حوکوومەت بۆ سەرەکەکانی پژدەری بڕیوەتەوە و، ئامادەیی خۆی دەرئەبڕێ کە هێزی خۆی کۆکاتەوە و لە دژی شێخ مەحموود بجووڵێتەوە و لە قەزای شارباژێڕ و پژدەر و مەرگە و هەردوو ناحیەی سووروداشی(٩) دەرکا، بە مەرجێ حوکوومەت فەرمان بە عەباسی مەحموود ئاغا بدا (کە پیاوەکانی مانگانەی زۆرتر لە پیاوەکانی بابەکر وەرئەگرن) کە بەڕاستی لەم جووڵانەوەدا بەشداری بکا.

٣– ئەگەر هەردوو لا ئەم فەرمانەیان جێبەجێ نەکرد، بابەکر ئاغا لای وا ئەبێ حوکوومەت بۆی هەیە، مانگانەی هەردوو لا ببڕێ.

٤– ئەگەر عەباسی مەحموود ئاغا فەرمانەکەی جێبەجێ نەکرد و بەشداریی نەکرد لە دەرکردنی شێخ مەحموودا لەو ناوچانە، ئەوا بابەکر ئاغا لای وا ئەبێ حوکوومەت هەقی هەیە هەڵوێستی عەباسی مەحموود ئاغا هەڵسەنگێنێ و بڕیارێکی لەبارەوە بدا و، بابەکر ئاغا هیچی بۆ نامێنێتەوە بیکا لەوە بەولاوە کە ڕێ لە هەموو کەسوکاری و لەوانەی لەگەڵینی بگرێ بەشداری لەگەڵ شێخ مەحموود بکەن (بەڵام حەزی لێیە هەر کاتێ بۆی بلوێ خزمەتی حوکوومەت بکا).

٥– بابەکر ئاغا بە هیوایە و تکا لە حوکوومەت ئەکا سەیری هەڵوێستی هەردوو سەرەک و شەخسی خۆیان بکا و پلەی خزمەتگوزاریی هەردووکیان هەڵسەنگێنێ. هەر یەکە بەگوێرەی کردەوەی و ، پایە و پلەی ئەو خزمەت و کردەوانە دیاری بکا کە لە هەردوو لاوە ڕوویان داوە.

بابەکر ئاغا ئەمەی پێ وتین لە سەردانەکەی ئەم دواییەیدا لە سلێمانی و، ئێمەیش مەسەلەکە ئەخەینە بەر دەستی پایەبڵندتان و تکامان وایە تەماشای بەیاناتەکانی بابەکر ئاغا بفەرموون و، هەرچی وەزارەتەکەتان بە باشی ئەزانێ فەرمانی پێ بدەن.

(ئیمزا)

موتەسەڕڕیفی لیوای سلێمانی

تێکستی بەڵگەکە بە عەرەبی

جی. اف ٢٦. G. F. 26.

مسودة

الموضوع: بيانات بابكر اغا رئيس پشدر

الى: وزارة الداخلية

المسود: المربوطات: بغداد

تأريخ التسويد: إمضاء الطابع وتأريخ الطبع:

مصدر المسودة: الدائرة الديوان الملاحظات:

القلم: CONFIDENTIAL

سري

إشارة إجازة الطبع: يطبع

SGPS... 189.. 485...1,000 PADS.

..15 - 7- 29

بالإشارة الى برقيتنا الرمزية المرقمة س ٥٦٠ والمؤرخة ١٩٣٠/١١/٣٠ نظرا لحركة الشيخ محمود الأخيرة التى أتى بها رغم تعليمات الحكومة العراقية وفخامة المعتمد السامى والأوامر والتنبيهات الصادرة من اللواء سابقا حسب أوامر وزارتكم وتعليماتها، ان بابكر اغا ابن سليم اغا رئيس پشدر ويصحبه احمد اغا ابن مصطفى اغا رئيس فرقة بگزاده من عشيرة پشدر وخمسة أو ستة من الرؤساء الأخرين قد أتى الى السليمانية، وبين (بابكر اغا) الإفادات التالية للحكومة:

١– أفاد بابكر اغا بأن الحكومة مطلعة على أن لم يسبق لأحد من أتباعه الالتحاق بالشيخ محمود والإشتراک معه ضد الحكومة والجنود، بل قد اتى قسم من اتباعه بخدمات للحكومة فى قضاء شهربازار كما معلوم لدى موظفى الحكومة.

٢– ان بابكر اغا يعترف بالطاف الحكومة تجاه پشدر والرواتب المخصصة للروء ساء ، وانه يبين استعداده لجمع قوته والحركة على الشيخ محمود وإخراج الشيخ محمود من قضاء شهربازار وپشدر

chalakmuhamad@gmail.com

ومرگه وناحيتي السورداش، على ان تأمر الحكومة عباس محمود اغا (الذي يتقاضى اتباعه رواتبا اكثر من اتباع بابكر اغا) أن يشترك في هذه الحركة بصورة جدية.

٣- اذا لم يقم الفريقان بانفاذ تلك الأوامر فإن بابكر اغا يرى الحكومة محقة في قطع الرواتب الراجعة الى كلا الفريقين.

٤- اذا لم يقم عباس محمود اغا بإنفاذ الأمر والإشتراك في إخراج الشيخ محمود من تلك المناطق، فإن بابكر اغا يلاحظ أن للحكومة الحق بتقدير وتقرير موقف لعباس محمود اغا، (حيث*) لم يبق لدى بابكر اغا شيء يفعله سوى منع كافة اتباعه وأقاربه عن الإشتراك مع الشيخ محمود (ولكنه يرغب أداء الخدمة للحكومة حين سنوح الفرصة...)(١١)

٥- أن بابكر اغا يؤمل وسيترحم ان تنظر الحكومة في موقف كلا الرئيسين وشخصيتهما وتقدير درجة خدماتهما كل حسب أعماله وأن تقدر الخدمات والافعال الواقعه من الفريقين.

هذا ما أفادنا بابكر اغا حين زيارته الأخيرة الى السليمانية، واننا نترك المسألة لمعاليكم، ونرجو النظر في بيانه والأمر بما ترى وزارتكم موافقة.

(التوقيع)(١٢)

متصرف لواء السليمانية

## پەراوێز

(١) ئەم بەڵگەیە لە ڕووی ڕەشنووسە ڕەسمییەکەی نووسراوەتەوە کە لە دوو لاپەڕەدا بە مەرەکەبێکی ڕەشی کاڵ نووسراوە و ئامادەکراوە بۆ تایپکردن و ناردن، بە نیشانەی ئەوەدا کە (یەکەم) لە سەرەتای قاقەزەکەوە نووسراوە (مسودة) واتە (ڕەشنووس) کە وا ئەگەیەنێ ئەم نووسراوە ڕەشنووسە و لە قاقەزی تایبەتیی ڕەشنووس لێ نووسینی ئەم جۆرە نامانە نەنووسراوە. (دووەم) لە هەندێ شوێنیا بە مەرەکەبی سوور دەسکاری کراوە و لێی لابراوە و خراوەتە سەری. (سێهەم) بەرانبەر بە ڕستەی (اشارة إجازة الطبع) لە پەڕەی یەکەمیان بە قەڵەمی ئیشارەتی سوور نووسراوە (چاپ) کە دیارە واتە ئەم قاقەزە تایپ بکرێ و بنێردرێ، وەک ئێستا لە داوێنی ڕەشنووسی نامە ڕەسمییەکانەوە ئەنووسرێ (يطبع) واتە: تایپ بکرێ.

(٢) ئەو وشە و ڕستانەی لەم سەرەتایەدا بە خەتی ڕەش نووسراون، لە بەڵگەکەدا بە چاپ نووسراون.

(٣) خۆم لەوە دڵنیا نیم کە ئەمە واتای وشەی (المربوطات) بەرانبەری بێ لە تێکستە عەرەبییەکەی بەڵگەکەدا، بەڵام واتایەکی گونجاوی تری شوێنەکەم بە بیرا نەهات. بۆیە تکا لەوانە ئەکەم کە واتای ڕاستی ئیستیلاحی (المربوطات) ئەزانن، ئەم گۆڤارەی لێ ئاگادار کەن.

(٤) ئەم دوو وشە ئینگلیزی و عەرەبییە بە مۆری ستامپ نووسراون و بە هەردوو پەڕەکەی بەڵگەکەوە هەن، چونکە، وەک پێشانیش ئیشارەتمان بۆ کرد، پەڕە قاقەزەکان کە ڕەشنووسەکەیان لەسەر نووسراوە، قاقەزی تایبەتیی ڕەشنووسی نامەی نهێنین و پێش وەخت مۆرەکەیان لێ دراوە.

(٥) ئەم وشەی (چاپکردن)ە بە مەعنای تایپکردنە.

(٦) ئەم وشەی (چاپ)ە واتە (تایپ بکرێ). وەک پێشتر وتمان ئەم وشەیە لە بەڵگەکەدا بە قەڵەمی ئیشارەتی سوور نووسراوە کە پێنووسینی نیشانەی بایەخپێدان و دەربڕینە و، بە زمانی کوردیش نووسراوە.

(٧) بۆ ئاسان تێگەیشتنی ئەم بەڵگەیە خۆم لەوە دوورگرت کە هەموو وشەیەکی عەرەبی بکەم بە کوردییەکی پەتی.

(٨) ئەم وشەی (بابەکر ئاغا-بابكر اغا)یە بە مەرەکەبی سوور و لەسەر وشەی (وبين)ی پێشی نووسراوە. دیارە مەبەست ئەوەیە کە ڕەشنووسەکە تایپ کرا بۆ ئاشکرایی پتری مانا بنووسرێ «وبين بابكر اغا»، هەرچەند لە عەرەبییەکدا پێویست ناکا ببێ.

(٩) بۆم ڕوون نەبووەوە ئاخۆ «هەردوو ناحیەی سوورداش» کە لە ئەسڵی بەڵگەکەدا بە «ناحيتي السورداش» دەربڕدراوە هەڵەیە و ئەبوو لەوێ «ناحية سورداش» بنووسرایە، یان لەو سەردەمەدا سوورداش قەزا بووە و لە دوو ناحیە پێکهاتووە؟ من خۆم زیاتر بە لای ئەوەدا ئەچم کە هەڵە بێ.

(١٠) ئەم وشەی «حيث»وە من بە بۆچوونی خۆم بە «حيث»م داناوە، ئەگینا پتر لە وشەی «خيا» ئەچێ کە هیچ مەعنایەک نابەخشێ. لە پێشیشیەوە وشەیەکی «وهو» و لە پاشیەوە ڕستەی «ان بابكر اغا مستعد» کوژێنراوەتەوە.

(١١) ئەم ڕستەی «ولكنه... تاد»ە بە مەرەکەبی سوور نووسراوە و، لە پێشیەوە ڕستەی «بل والقيام بخدمات للحكومة حين سنوح الفرص» هەبووە، کوژێنراوەتەوە و، ئەم ڕستەی "ولكنه... تاد" ەی لە

chalakmuhamad@gmail.com

بریتی دانراوه.

(۱۲) ڕەشنووسی بەڵگەکە لەم شوێنەدا ئیمزای موتەسەرریفی پێوەیە. ئەمەیش نیشانەی بڕیاردانی لە چاپدان و ناردنیەتی بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەلام ناخوێنرێتەوە و لەبەر ئەوە نازانرێ موتەسەرریفەکە کێ بووە. بۆ ناسینی خاوەنی ئیمزا ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەرشیفەکانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق یا موتەسەرریفیەتی سلێمانی یا بۆ ڕۆژنامە عێراقییەکانی ئەو سەردەمە تا بزانین لە مانگی دوانزەی ساڵی ۱۹۳۰دا کێ موتەسەرریفی لیوای سلێمانی بووە. ئیمزاکەیش بە مەرەکەبی سووره کە ئەمەیش وا ئەگەیەنێ ئەو دەسکارییانەی بە مەرەکەبی سوور لە ڕەشنووسەکەدا کراون هەر موتەسەرریف خۆی کردوونی.

شایانی وتنە ئەم بەڵگەیە یا ئەم نامەیەی موتەسەرریفیەتی لیوای سلێمانییە بۆ وەزارەتی ناوخۆ چوار پێنج هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمانی تیایە دەسکاریمان نەکردن و هەروەک خۆیانمان هێشتنەوە.



chalakmuhamad@gmail.com

# زوڵاڵترین پێکەنینی جیهان

من پەروەردەی چیا و کەژم ، بۆ ماوەی هەشت ساڵ هاتمە شار تا خوێندنی زانستگەم تەواوکەم ، لەو ماوەیەدا کاتم وا بە دەرس خوێندنەوە گیرابوو کە نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ وڵات و دیسان لەگەڵ بەهاری سەوز و هەوای پاک و ئاسمانی پرشنگدار و بەترووسکی لادێ تێکەڵ بمەوە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵم پارچەیەک بوو لە بەیانی پڕ زەردەخەنەی ئاوایییە بچووکەکەمان کە لە باوەشی چیایەکی بەرزا ئارامی گرتبوو . هێشتا بۆنی گوڵاڵە و گەزیزە و وەنەوشە لە دەمارما ئەگەڕا ، تا ڕۆژێک مەبەستی زانستی وشک، وە ئەوینی ڕواڵەتگۆڕاوی شار و دووکەڵ و هەڵمی بەیان و ئێوارە کە وەک شەڕای مەرگ شاریان داپۆشیبوو ، تاراندمی. نازانم چۆن بوو کە کتوپڕ لێ برام رابکەم و بۆ ماوەیێک خۆم بدەمە دەست بێدەنگیی بیربزوێنی باوەشی چیا.

لەو سەفەرەدا تەنیا هەواڵێ من چەند دەفتەر و کتێب و پێنووس بوون ، کاتێ گەڕامەوە بۆ شار دەفتەرەکەم بە داستانێکی جوان ڕەش کردبۆوە ، وە کتێبەکانم هەموو خوێندبۆوە . پێم خراپ نییە ئێوەش ئەم داستانەتان گوێ لێ بێ .

**چیا**: هۆی سوارە ، سوارە لە کوێی ؟ بۆ خۆت شاردۆتەوە ، لە کوێی سوارە ؟

**سوارە** : دیسانەوە چیایە...

**چیا** : هۆی سوارە ، سوارە...

**سوارە** : ئەم لاوە تەنیایییەکەم لێ ئەشێوێنێ بەڵام نا... قسەکانی زۆر خۆشن قەیدی نییە ، با کەمێکی لەگەڵ بدوێم .

**چیا** : ئەهای سوارە...؟ هۆی سوارە لە کوێی ؟!

**سوارە** : من لێرەم چیا ، وەرە پێشەوە...

**چیا**: ڕاوەستە ئەوە هاتم ، ڕاوەستە... ها... ها... لەو سەربەرەوژوورکە بەڕاکردن هاتم ، ماندووبووم با دانیشم ، با تۆزێ پشووم دەرچێ ، نەفەسم بێتەوە بەر خۆ .

**سوارە** : ئاو ئەخۆیەوە ؟! من لەو ساردوگەرمەدا ئاوی ساردم هێناوە .

**چیا** : چی ؟ دا بدە بزانم کاکە ئەوە چییە ؟

**سوارە** : سارد و گەرمە، پێی ئەڵێن فەلاسک، ئاوی سارد و چای گەرم بۆ ماوەی چەند سەعاتێک ڕائەگرێ .

**چیا** : ها... ها... (بەپێکەنینەوە) ئەهای ئێستا تێگەیشتم ، شتێکی وەک گۆزەی سووری خۆمانە !؟ سوارە گوتت... گوتت ناوی چییە ؟ ها... قەیدی نییە دووبارەی مەکەوە ، ئەمن فێری نابم ، دەی جا خۆ ئەمە زۆر بچووکە، هێندەی ئاو ناگرێ ، هەر بەشی جارێک ئەکا ، جگە لەمانەش ها... ها.. ئە ئەمەتا چەند هەنگاو ئەولاتر کانییەکە، ئەگەر تینووم بێ ئەڕۆم لەوێ ئاو ئەخۆمەوە بە دەستی خۆم... ڕاستی سوارە خەڵکی شار هیچ کارێ بە دەستیان ناکەن !؟ ئەی ئەگەر وایە دەستیان بۆ چییە ؟ ها...

**سوارە** : بەڵێ... بەڵێ هەق بە تۆیە دەست لە شار خەریکە دائەرزێ ، وەک خەنجەرێکی دەبان کە هەمیشە لە کالاندا بێ .

**چیا** : ڕاستی ، من هەرگیز شاری گەورەم نەدیوە ، پێم خۆشە بزانم ژیانی خەڵکی شار چۆنە ؟ بیستوومە ئەڵێن هەموو کۆڵانەکانیان قیلەتاوە ، چرای بەرقیشیان هەیە ، ئەڵێن بە زستانیش کاڵەک و شووتییان هەیە...! ها... لە بیرمە باوکم نەخۆش بوو ، ئیشتیای شووتیی کرد ، من ئەو ناوە گەڕام بەڵام شووتییەکی بچووکم لە ئاوایی خوارەوە پەیداکرد کە خاوەنەکەی لەناو کادێنێکا هەڵیگرتبوو ، بەڵام بە ڕاست ئەم قسەیەم بۆ کرد ؟ دەی سوارە ژیانی شارستانییەکان چۆنە !؟

**سوارە** : هەر وەکوو ئێوە وایە چیا ، بەڵام کەمێک جیاوازیی هەیە ، ئەوان هەراهەرایان زیاترە ، کۆڵانەکانیان حەشیمەتی زیاتر لێیە ، ئەگەر بتەوێ ئێوارە لە شەقامێکی جەنجاڵەوە تێپەڕی ، ناچاری شان لە شانی هەزار کەس بدەی و هەزار کەس لاقت پێشێل بکا ، بەڵام ئێوە هەوای خاوێن هەڵئەمژن ، لە وڵاتێکی هەراوترا ئەژین ، بڕوانە ، چیا ، بڕوانە ئەم کێو و دەشتە کە لە بەرمانە تەنیا من و تۆی تێدا دیارین .

**چیا**: ها... ها... (بەپێکەنینەوە) چرۆش هەر لەو نزیکانەیە...! ئەتەوێ بانگی کەم بێتە لامان؟

**سوارە** : چرۆ؟ چرۆ کێیە؟

**چیا** : تۆ چۆن چرۆ ناناسی؟ چۆن ئەکرێ کەسێ بێتە ئەم دێیە و چرۆ نەناسێ؟

chalakmuhamad@gmail.com

**سواره** : ئەزانی گیانەکەم من بەیانی زوو لەوێ دەردەکەوم و کاتێ وڵات تاریک بوو، ئەچمەوە ناو دێ لەبەر ئەمە...

**چیا**: زۆرباشە، زۆرباشە ئێستا بانگی ئەکەم... ئەهای چرۆ... چرۆ، نازانی چەندە کچێکی جوانە؟ چەندە بەئەدەب و داوێنپاکە، بەڕاستی سوارە لە شار خەڵک حەزلێکردن و دڵداریش ئەکەن؟ ئاخر من بیستوومە ئەڵێن لاوانی شار ناپەرژێنە سەر ئەم جۆرە شتە! پێم خۆشە لەم بارەوە قسەم بۆ بکەی... بەڵام ئەها... ڕاوەستە با چرۆش بێت ئەو کاتە قسەم بۆ بکە!

**سواره** : زۆر باشە، زۆرباشە

**چیا**: چاکت کرد چرۆ گیان هاتی... ئەم برایەمان ناوی سوارەیە هەر لە خۆمانە، بەڵام لەمێژە چۆتە تاران و لەوێ دەرس ئەخوێنێ، ئەیەوێ ببێتە حەکیم و بگەڕێتەوە بۆ ناومان، نەخۆشەکانمان تیمار بکا، دەنا... کاک سوارە!؟

**سواره** : بۆچ چیا گیان بۆچ، چرۆ خانم لە چاوپێکەوتنت خۆشحاڵم.

**چرۆ** : بە ڕواڵەت کوڕێکی باشە، بەڵام نەمزانی بۆچ ئەڵێ لە چاوپێکەوتنت خۆشحاڵم؟

**چیا** : ها... ها... (بەپێکەنینەوە) گیانەکەم ئەم قسەیەی، قسەی شارستانییە، کاک سوارە لەوێ فێربووە، وایە؟ مەبەستی ئەمەیە کە پێی خۆش بوو کە چاوی بە تۆ بکەوێ، چونکوو ئەمن لە پێشدا سەبارەت بە تۆ و جوانیی تۆ باسم بۆی کردبوو.

**چرۆ** : ها... ها... (بەپێکەنینەوە) دەی جا من جوانم یان نا!؟

**سواره** : بەڵێ وەک گوڵێکی تازەپشکوتووی داوێنی چیا جوانی.

**چرۆ** : بەڵام گوڵ؟ گوڵ کوا زۆر جوانە؟ گوڵ نە پێئەکەنێ نە ئەڕوا نە ئەتوانێ کەسێکی خۆش بوێ!؟ من لام وا بوو زۆر لە گوڵ جوانترم!

**سواره** : ئەهە... هەستی دەستلێنەدراو و نەژاکاو بەمە ئەڵێن، ڕاستی گوڵ کەی ئەتوانێ بەم جوانییە بێ؟ ئەم بسکە ڕەشە، ئەم برە تروسکەدارە، ئەم لەنجەولارە...

**چیا** : ها... چییە سوارە گیان، خەریکی لە ژێر لێوەوە قسە ئەکەی! ها... هاتەوە بیرم وەرن، وەرن بچینە ژێر سێبەری ئەو بەردە، کانییەکەش هەر لە بەردەممانە، بڕیار وا بوو باسی ئەوینی شارمان بۆ بکەی، وا نییە کاک سوارە؟

**سواره** : بەڵێ!

**چرۆ** : بەڕاستی بڕیارێکی باشە، بزانین ئەو ئادەمیزادە بەختەوەرانە چۆن ئەژین؟

**چیا**: دە بڕۆین با بچینە سەر کانییەکە، ئەوە جێگای من، ئەتۆش لەوێ دانیشە کاک سوارە.

**سواره** : زۆر باشە... دەی با دانیشین... ئاه...

**چرۆ** : دەی کاک سوارە، گوێمان لێتە قسەمان بۆ بکە!

**سواره** : بەڵێ... تاران شارێکی یەکجار گەورەیە، بەرەکەی دەشتێکی گەرمی بەرین و پشتەکەی چیایێکی بەرزی کوێستانییە، لەو شارەدا هەرگیز دەنگی ماشێن نابڕێتەوە. بۆ کەسێک کە تازە چوویێتە ئەو شارە، وە ژیانی لە دێهات بەسەر بردبێ تا ماوەیێک گرمەی ماشێن برسبڕ و ناخۆشە، پاشان بە هەراهەرا خوو ئەگرێ، هەزارەها هەزار کچ و کوڕی تێدایە کە دڵداری ئەکەن، هەروەک ئێوە کە یەکتر ئەبینن، ڕازی دڵیان بە گوێی یەکترا ئەچپێنن، بەڵام جێژوانی ئێوە ئەم دەشتە پانەیە و هی ئەوان کۆڵانێکی درێژ یان گۆشەیێکی تاریک لە ژوورێکا کە پێی ئەڵێن تریا.

**چیا**: تەرییا!؟

**چرۆ** : چی؟

**چیا**: بە خوا ناوێکی سەیرە، هەروەک ئەوەی بە گۆزە ئەڵێن چی؟ چی؟ من لەبیرم چووە... ها من ناێڵێم خۆت بیڵێ کاک سوارە.

**سواره** : فلاسک.

**چیا**: فلاس... بەڵێ هەروەک بە گۆزە ئەڵێن فلاسک ڕەنگە بە جێژوانیش بڵێن تەری یا... ها... (بەپێکەنینەوە)

**چرۆ** : ڕاستی تریا فارسییە؟

**سواره** : نا... وشەیەکی فەرەنگییە، هەروەک ئێوە وشەی عەرەبی هاتۆتە ناو زمانەکەتانەوە، ئەوانیش وشەی فەرەنگی بەکارئەهێنن، بەڵێ تۆ بە لاتەوە سەیرە، ڕەنگە هەر نەشزانی کە ناوەکان زیاتریان عەرەبین، مەحموود، ئەحمەد، جەمال، عەزیز، فاتمە... ئەمانە گشتیان عەرەبین.

**چیا**: (بەسەرسووڕماوییەوە) ئێستا حەمە عەرەبییە؟ ئەحە عەرەبییە؟

**سواره** : بەڵێ هەموویان عەرەبین.

**چیا**: لائیلاهەئیلەڵڵا!

**سواره** : بەڵێ هەموویان ناوی عەرەبین، ئەوانیش وەک تۆ وان نازانن، یان ئەگەر بشزانن بەشانازییەوە ئەم وشە فەرەنگییانە بەکارئەهێنن، بەڵێ کوڕ و کچ لە شار کەمتر خۆ ئەدەنە دڵداری، ئەزانی چییە چرۆ خانم؟ گوڵی هەستی جوان لەناو شۆڕەکاتا ناڕوێ! ئەوینی بەڕاستیش لەناو دڵێکا سەرێکی هەیە و هەزار سەودا پەروەردە نابێ، شار نەخۆشیی تێکەوتووە.

**چیا** : نەخۆشی؟

chalakmuhamad@gmail.com

**سواره** : بەڵێ بەڵێ نەخۆشی... بەڵێ نەخۆشی، بەڵام نەخۆشیی لەش نییە، شار، گیان و ڕەوانی نەخۆشە، ئەسپەک لە سەری داوە، گێژ و وڕە.

**چیا**: چی؟

**چرۆ** : چی؟ ئەمن زۆر کەم لە قسەکانت تێئەگەم ئاغای سوارە، بەڵام واm بۆ دەرکەوتووە کە دێهاتت پێ باشتر بێ، وانییە سوارە!؟

**سوارە** : بەڵێ، بەڵێ، ئەمەش دەردێکە چرۆ خانم! دەردی تایبەتی شار، من و تۆ هەر بە یەک زمان ئەدوێین، بەڵام من ناتوانم ئەتۆ حاڵی بکەم چونکە شار پیاو لاڵ ئەکا، ئێوە بە دڵ ئەدوێن تەنانەت ڕوانینتان ڕووناکترین دووانە، بەڵام ئێمە لە شار بە زمان ئەدوێین، ئەها... زمانێکی کە زۆر لە دڵمانەوە دوورە.

**چرۆ** : (بەشەرمەوە) ئەهە... پێم بڵێ بزانم تۆ کچێکت خۆش ئەوێ یا نە؟

**چیا**: (بەپێکەنینەوە) پرسیارێکی زۆر باش بوو، زووکە پێمان بڵێ، تکایە کاک سوارە.

**سوارە** : ئێوە چەند بەختەوەرن کە بەم ڕاشکاوییە باسی دڵ و جوانی ئەکەن، بەڵام بۆ پرسیارەکەت چرۆ خانم ئەبێ بڵێم ئەمن ئەویندارم، بەڵام ئەویندارێکی تێشکاو و پەشیمان...

**چیا**: پەشیمان!؟

**سوارە** : بەڵێ، وەک کەسێک کە بیەوێ لە گۆلاوێکی لێخندا ماسیی ئاڵ و واڵا بگرێ، من لەناو لێلاوی شاردا کەوتبوومە شوێن ئەوینێکی گەش، بەڵام کابرای ڕاوچی تۆڕەکەی چەند پڕ بوو لە ماسی، منیش هەر ئەوەندەم ئەوین بە چنگ هێنا، داخەکەم ئەو تۆفانە کە لە پشت دەریاوە دێ، وە باری نەگبەت هەڵئەڕێژێ لە گوڵزاری شارا هەموو گوڵێکی قەتڵعام کردووە.

**چرۆ** : (بەسەرسووڕماوییەوە) بزانم تۆفانی دەریایی چییە!؟

**سوارە** : وا باشترە باسی نەکەین چرۆ خانم! ئەم تۆفانە لەوپەڕی چەند دەریاوە دێ، چ ئەهێنێ؟ نەگبەت، درۆ، گوڵی کاغەزی، تریا، وە چی ئەبا، گوڵی گەش، پیاوەتی و ئەوینی بەڕاستی...

**چیا**: ئەهای... بە ڕاست کاک سوارە من و چرۆ ئەمانەوێ زەماوەند بکەین، هەر کە داهاتەکەمان گەیشتێ ئەچمە شار و لیباسی بۆ ئەکڕم، ئەکرێ تۆش میوانی ئێمە بی؟

**سوارە** : بەختەوەر بن، بەختەوەر بن چیا، ئەگەر پێم کرا دێمەوە بۆ زەماوەندەکەتان.

**چرۆ** : بۆ نانی نیوەڕۆ وەرە بۆ ماڵی ئێمە.

**سوارە** : کێ بێ بانگهێشتنی تۆ وەرنەگرێ!؟

**چیا**: (بەپێکەنینەوە) ها... ها... بەڵام وریا بە چرۆ ئی خۆمە...

**سوارە** : ئێوە بۆ یەک باشن چیا، خوا لە یەکتان نەکات...

**چرۆ** : خودا حافیز، بۆ نیوەڕۆ چاوەڕێتین.

**چیا** : چاوەڕێتین کاک سوارە فەرامۆشی نەکەی!

**سوارە** : خواتان لەگەڵ، خواتان لەگەڵ.

* * *

من ئەو ڕۆژە زۆرم بیرکردەوە، هەستی بە تەوژمی ئەوین کە لە چاوی چیا و چرۆدا بەدی ئەکرا منی خستە ناو گێژاوی خەیاڵەوە، لەبەرخۆمەوە خۆزگەم ئەخواست کە مەلی تۆراوی ئەوین بگەڕێتەوە بۆ ناو هەموو وڵات، دیسان بەهار بێ و داری ساز و ڕازی بێ. ئاه... بیرم لەو خەسارە کردەوە کە لێمان کەوتبوو، وە پاش بیرێکی زۆر ڕووم کردەوە ناو ئاوایی...

* * *

**سوارە** : زۆر سپاسی میوانداریتان ئەکەم چرۆ خانم، بە ڕاستی کە کابانێکی باشی، لە مێژە لە شار خواردەمەنیی خۆماڵیم نەخواردووە، نازانم بڵێم چی؟ بە ڕاست پیاو وردە وردە چێژگەی لەناو ئەچێ.

**چرۆ** : (بەپێکەنینەوە) سپاسی ناوێ کاک سوارە تۆ میوانی، میوانیش خۆشەویستی خودایە.

**سوارە** : بەڵام لە شار هەموو دەرکێ داخراوە چرۆ خانم، کەس لە خۆیەوە ناتوانێ بچێتە ماڵی کەسێک، یانی ڕایناگرن، ئەگەر پارەی نەبێ ئەبێ بە برسیەتی لەناو کۆڵانا بخەوێ.

**چرۆ** : ئەهۆ...؟ زۆرم پێ سەیرە ئاخر چۆن شتی وا ئەبێ؟

**سوارە** : منیش لە هەوەڵەوە لام سەیر بوو، کاتێ بە کۆڵانێکا تێئەپەڕیم و ئەمدی نەخۆش و دەردەدار کەوتوون، وە بۆ پارەیێکی کەم بەشی ئەوەندەی کە نانێکی پێ بکڕن دەستیان گرتۆتەوە، لەشم ئەلەرزی.

**چرۆ** : دەی جا ئەبوو پارەیان بدەیێ!

**سوارە** : من تەنیا کەسێک بووم چرۆ خانم، وە ئەوان هەزار کەس بوون، جگە لەمەش ئەمە دەوای دەردیان نییە، تەنیا ئارامکردنەوەیێکی دەردە بۆ کاتێکی کورت، تا دووبارە برسییان ئەبێتەوە. ئەبێ برسیەتی نەمێنێ، نەمانی برسیەتیش تەنیا کاری من نییە.

**چرۆ** : ئەهە... بەم حاڵە کە ئەتۆ ئەڵێی خۆزگە بە خۆم کە هەرگیز لە شارا گەورە نەبووم.

**سوارە** : بەڵێ ئەگەر تۆش لە شارا بووایەی پەتاو ئاهۆ ئەیگرتیەوە، تۆفانی ئەوپەڕی دەریا گیانی تۆشی ناشیرین ئەکرد، بە هەر حاڵ چرۆ خانم من ئەڕۆم بە

chalakmuhamad@gmail.com

هیوام بەختەوەربن.

**چرۆ** : یانی یەکجاری ئەتەوێ برۆی؟ من تا مانگێکی دیکە زەماوەندەکەم دەست پێ ئەکا، پێم خۆش بوو ئەتۆش لێرە بووای.

**سوارە** : خودا رێکی بخا دیسان بێمەوە لاتان.

**چیا**: ( لە دوورەوە هاوارئەکات) کاک سوارە... هۆی کاک سوارە، برادەر ئەگەر ئەتەوێ بچییە سەر جادە، ساز بە برۆین ئێستا ماشێنەکە دێ.

**سوارە** : من ئامادەم چیا، ئەوە هاتم.

**چیا** : تکایە زووتر.

**سوارە** : دەی جا چیا، چرۆ خانم من ئەبێ برۆم، تۆزی ماشێنەکە لە دوورەوە دیارە، لە بەرم گـــرانە ئەم ئاواییە بەجێ بهێڵم، بەڵام ناچارم بە هیوام کاتێ خوێندنم تەواو بوو بگەرێمەوە بۆ لاتان و هەرگیز بەجێتان نەهێڵم.

**چیا**: ئێمەش بەهیواین کە ئەگەر تا ئەو کاتە تۆ گەراپتەوە من و چرۆ خودا کورێکمان پێ بدا، جا ئێنجا ئەزانی ناوی ئەنێین چی؟ ها... ناوی ئەنێین سوارە.

**چرۆ** : (بەپێکەنینەوە) ها... ناوی ئەنێین سوارە تا وەکوو تۆ پسپۆر و خوێندەوار بێ.

**سوارە** : وە چەشنی دایک و بابی ساکار و پاک و بەهەست.

**چیا** : (پێدەکەنێ) ها...

**سوارە** : دەی جا خودا حافیز...

**چیا**: خودا حافیز، بە خودامان سپاردی.

**چرۆ** : بە هیوای گەرانەوەتان.

**سوارە** : بەڵام زۆر پەلە مەکەن منداڵتان بێ، هەتا خۆم ئەبمە دۆکتۆر، زۆر پەلە مەکەن.

**چرۆ** : زۆر باشە کە وایە پەلەکە... تۆ...

* * *

بەڵێ، بەم چەشنە من گەرامەوە بۆ شار تا ماوەیێک کە ماشێنەکە دوورکەوتەوە روانیمە چرۆ و چیا کە وەک دوو مەلی ئازاد و سەربەست دەستیان خستبووە سەر شانی یەک و بە چاو منیان بە رێ ئەکرد.

کاتێ گەرامەوە بۆ شار دیسانەوە دووکەڵ و هەرا لەشی داگرتم و لە کۆڵانی پڕ حەشیمەتا نوقم بووم.

پاییزی ١٣٥١ (١٩٧٢)



chalakmuhamad@gmail.com

مەنسووری یاقووتی

# چیرۆک و چیرۆکنووسی بۆ لاوان

کامەران قازی

لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی و پێشەکیی بۆ نووسیوە

پێشەکیی وەرگێڕ :

چەند وشە بۆ لاوان!

هونەری چیرۆک، مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە لەناو میللەتەکەی ئێمەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەوتنێکی دیاری هەیە و لەم زەمینەیەدا هەنگاوی گەورە نراوە. جگە لەو نووسەرانەی کە بە زمانی کوردی چیرۆک دەنووسن، چەندین نووسەری گەورە هەن کە بە زمانی میللەتی سەردەستی ئەو وڵاتانە دەنووسن کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

چیرۆکنووس مەنسووری یاقووتی هەروەک عەلی ئەشرەفی دەروێشیان، مەحموود ئەحمەد، دکتۆر ئیبراهیم یوونسی و... لەو نووسەرانەیە، کە بەرهەمێکی زۆری بە زمانی فارسی نووسیوە و یەکێکە لە چیرۆکنووسە پێشڕەوەکانی ئێران، کە زۆر چالاک و خاوەن قەڵەمێکی بە بڕشتە.

مەنسووری یاقووتی، وەک مامۆستایەکی دڵسۆز و بەئاگا، وەک چیرۆکنووسێکی قووڵبۆوە لە ژیانی میللەتەکەیدا، لە تەمەنێکی زووەوە دەستی بە نووسین کردووە. بەڕاستی خۆی بە هونەرەکەی بەخشیوە و لە پێناویدا تووشی گرفت و دەردیسەری و کێشمەکێشی زۆر هاتووە، کە زیاتر هانیان داوە بۆ نووسین و بۆی بوونەتە سەرچاوەی نوێ. هەر چۆن لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆیە، لەگەڵ وشە و هونەر و خەڵکیشدا ڕاستگۆیە و بەوەفایە بۆ بیر و ئارمانجەکانی، کە ئاسوودەیی و بەختیاریی خەڵکە.

خوێنەر تەفرە نادا و بیری ناشێوێنێ ، بە تایبەت، وەک پیشەکەی کە مامۆستایە، زۆر وە تەنگ بیری لاوانەوەیە. خۆیان لەگەڵدا ماندوو دەکات و خۆشی دەوێن و شادی لەوەدا دەبینێ، کە قوتابییەکانی بیرساغ و وشیار بن.

هەموو شتێکی خۆش دەوێ، هەر لە چڵەگیایەکەوە تا دەگاتە خۆر، چونکە بە موڵکی مرۆڤیان دەزانێ و لەلای یاقووتیش، مرۆڤ پیرۆزە و دەبێ پەروەردە بکرێ و ڕێزی لێ بگیرێ...

ئەو ژیانە سەختەی یاقووتی بوویەتی، کردوویەتیە پسپۆڕێک لە دەرد و نەخۆشییەکانی ناو کۆمەڵ... شکاندنی لقەدارێک، ڕایدەچڵەکێنێ و بزەی گەشی منداڵێکی (کێوەنان) و گوندەکانی تری کوردستان، شاگەشکەی دەکا و دەبێتە توێشووی، بۆ بڕینی ڕێگای سەختی دەیان چیرۆک.

یەسینینی شاعیر، دەیگوت: لێم خۆش دێ بە شاعیری دێهاتم بناسن. منیش پێم وایە! یاقووتی، زۆری لێ جوانە، بە چیرۆکنووسی دێهات بناسرێ. چونکە زۆر لێزانانە و ئاشنایانە لە هەموو دیاردە و ژیان و خەم و کەسەر، ئازار و خۆشی و شادی و باوەڕ و فەرهەنگی خەڵکی دێ دەدوێ.

بە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی، دەگەینە ئەو باوەڕە کە ئەم چیرۆکنووسە، تا ناخی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ سەفەری کردووە و بە دەروونی پاڵەوانی چیرۆکەکانی زۆر ئاشنایە.... چونکە پاڵەوانی چیرۆکەکانی یاقووتی، ئەو خەڵکەن کە کۆمەڵ لەسەر شانیان دەسووڕێتەوە.

یاقووتی، وەک نێچیرڤانێکی بەئەزموون، وەک هونەرمەندێکی کارامە، شارەزای دارستانی ڕۆح و ئەو ڕەنگە شاراوانەیە، کە لە ناخی میللەتەکەیدایە و دەیانبینێ و سەرکەوتووانە دەتوانێ باسیان بکات و وێنەیان بکێشێ.

لە هەموو شتێکی جوان، خۆشی دێ و پشتیوانیی لێ دەکات. دۆستی هەتاوە و سروشتی کوردستان وا لەناو ڕەگ و خوێنیدا. لە خەمی خەڵکدا هاوبەش و لە شادیاندا، دڵشاد دەبێ و هەرگیز لەوەی کە هەشە

chalakmuhamad@gmail.com

دووڕناکەویتەوە و گفتی دەسخەڕۆکەر و تەفرەدەر بە خەڵکی نادات. کە برینێک دەکولێنێتەوە بۆ وشیارکردنەوە و هاندانە بۆ چارەسەرێک.

داستانی ژیان و بەرهەمە زۆر و بەپێزەکانی یاقووتی وەک مرۆڤ و کورد و نووسەر، پێویستیان بە شیکردنەوە و لەسەرنووسینێکی زۆرە، کە ئەوە قەڵەمێکی دەوێ، باڵای هێندەی باڵای خەم و کەسەر و ئاواتەکانی یاقووتی بەرز بێ. کە من دەستم بەو «چرا بەرزەی ماین کۆ» ڕاناگا، بەڵام لەم دوورەوە، چاوم لە تروسکە گەشەکەیەتی و ئەو دەستانە بە ڕێزەوە دەگوشم کە ئەو چرایەیان پێکرد.

پێم وایە.. خوێندنەوەی چیرۆک و بەرهەمی کوردی «بۆ لاوان»ی دوور لە کوردستان، دەبێتە ئەو پردەی کە لە دابڕانی کولتووری بیانپارێزێ و لە نامۆیییان بەرامبەر بە مێژوو، ڕووداوگەلێک کە ئەمانی تێدا نەژیاون، کەم دەکاتەوە.

لەم جەنجاڵەی ژیانی ڕۆژئاوادا، کە زۆر دیارە، ڕەنگە مژدەی خۆشییان پێ نەبێ، پێم وایە دەبێ وشیارانە دەست لە ئەو ئەڵقە بەهێزانەی میللەتەکەمان بەر نەدەین کە زنجیرێکی نەپساوەن و ئەوسا و ئێستەمان پێکەوە گرێ دەدەن. نابێ ئەوە لەیاد بکەین، کە بە ڕاستی نووسین لە وڵات، زۆرجار خوێن بەهایەتی. هونەرمەندە ڕاستگۆکان بە خوێنی جگەر نووسیویانە و لە هەزاران داوی تەنراوی دیار و نادیار، پەڕیونەوە تا کتێبێکیان چاپ کردووە.

برام!

دەبێ ئەوەت لە یاد بێ کە ئێمەش، وەک میللەتێکی خاوەن ژیار، دەبێ ڕێزی هونەرمەند بگرین، چونکە ئەوانن، پاسەوانی باخی کولتوورمان. کاورای سووخۆری، هەڵپەرستی، لەخوانەترس چۆن دەبێ وەک هونەرمەند سەیر بکرێ، کە هونەرمەند بە دیار بەرهەمێکەوە سۆمای چاوی دادێ، ئەو ها لە بیری پشێویی بازاڕدا. هەرچەند دڵنیام ئەوەی ژیانی بە هونەرەکەی بەخشیبێ، ئەوا لە هەموو شت دەبووریَ لە پێناوی هونەرەکەیدا.

لەم بێدەرەتانییەی میللەتەکەماندا، ئەو هونەرمەندانە، بەڕاستی چران و شۆڕشی ڕاستەقینە ئەوان دەیکەن، بۆ وشیاربوونەوە و هاتنەوە سەرخۆ. شوورای پاراستنی پاوانی وشە و زمان و بیری کوردی، ڕۆحی ماندوونەبووی ئەو هونەرمەندانەیە. ئەوەی وشەیەکی نووسی، وشەیەکی پاراست، ئەوەی دەینووسی، دەیپاراست، ئەوەش کتێبێکی نووسی، بە هەزارانی پاراست. ئەو کەسەش پەیجۆری زمان و کولتوورەکە بوو، ئەوە ڕۆحە زیندووەکەی کوردە کە نایەڵێت، دڵی دوژمنان بە کزبوون و لاوەلبوونی میللەت خۆش بێ...

بۆیە هەمیشە تیری یەکەم بەرەو هونەرمەند دەهاوێژرێ، بۆ کوشتنی، یا لە خشتەبردنی.

هیچ کەس لە باشی و لاوازیدا ڕەها نییە. گرنگ ئەوەیە بە ڕێز و خۆشەویستی بۆ هونەرمەندان، دڵگەرمییان پێ ببەخشین. لە جێی خۆشیدا و بە زمانێکی کوردیی شیرین، گلە و گازەندەش بکەین. ئەو زمانە فێر بین، کە بتوانین لە یەکدی تێ بگەین، کە سەرچاوەی خەمی ئەوان و گازندەی ئێمە، خۆشەویستیی یەکدی، نیشتمان و نەتەوەکەمانە و پێشکەوتنی میللەتەکەمان. دەبێ هەمووومان، ڕێز بۆ ئەو بیر و قەڵەمانە دابنێین کە شەو بە ڕۆژەوە گرێ دەدەن بۆ گەڕانەوە سەرخۆ و وشیاربوونەوە.

بۆ دەبێ ڕەتکردنەوەی یەکدی هێندە ئاسان بێ؟ بۆ دەبێ ئەو بت و ئاغایانەی ناخمان، تووڕەدەین و فراوانتر لە جوغزی ئەو نەخۆشییانەی شەڕی ماڵ بە ماڵ و برا بە برا و لایەن بە لایەن و بەش بە بەشمان پێ دەکەن، بیرنەکەینەوە.

بۆچی دەبێ زامەکان، لە جێی ئەوەی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لە یەکمان کۆبکاتەوە، لە یەکدیمان دوور بخاتەوە؟

ئەو ژیانەی ئێرە خەفەتهێنە و شادیبەرە. ترسی من لەوەیە کە کوودەتاکە بۆ هەڵگێڕ و وەرگێڕی بیری ئێوەیە، نەهەنگەکە دەیەوێ ئێوە قووت بدات.

بریا و سەد بریا، داری توانا و بیری ئێوە، لە خاکی نیشتماندا چرۆی دەگرت و بەری دەدا. لاوان، کە لێرە زۆربەیان لە کولتووری کوردی دابڕاون و بڵاوبوونەوەشیان، لە شارە جیاوازەکانی ئەورووپادا، پەیوەندی و یەکتربینین و گۆڕینەوەی بیروڕای دژوارتر کردووە، پێویستی زۆریان بە خوێندنەوەیە. یەکێ لە ئەرکە گرنگەکان، ئەرکی پاراستن و پێشخستنی زمانی لاوانە. ڕاستە، ساتیلیتەکان بواری بیرکردنەوەیان

chalakmuhamad@gmail.com

بڕیوه، بەڵام دەبێ بەئاگا و وشیارانە پەی بەو ڕێگایانە بەرین، کە دەبێتە کلیلی کردنەوەی دڵی لاوان. بۆ ناشتنی نەمامی خۆشەویستیی کولتووری کوردی... دەبێ زمانی ژیاری فێر بین. ئەم ئەرکەش پشتیوانیی خێزان دەخوازێ. ئەو خێزانانەی، بێ هەست بە لێپرسینەوە، زمان و کولتووریان توور داوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین، لە وڵاتیش هەر هەمان خەڵکی بێ بەرپرسیار بوون و هەلپەرستانە، بە کەناری کارەساتەکاندا و بە پێدزە خۆیان گەیاندۆتە ئێرە و کەس داوای هیچیان لێ ناکات، چونکە هیچیان لەباردا نییە.

لاوان، دەبێ بوێریی شکاندنی قاڵبەکانیان هەبێ و بوێرن پرسیار بکەن؟ هیچ فۆرمێکی ئامادەکراو چ لە باوان و چ لە کۆمەڵگای ئێرەوە قەبووڵ نەکەن.

دەبێ بۆ بووژاندنەوە و گەشانەوەی بەهرەی ناخیان، بەرچاوروون و وشیار بن، هەل لە دەست نەدەن، پرۆگرامێک کە لەسەری کار بکەن، پێویستە بۆ ڕێکخستنی ناخ و ڕەوتاری ڕۆژانە بەرامبەر بە ڕووداوەکان بێت.

من پێم وایە، هەر لە ئێستاوە، تۆی لاو دەبێ وشیارتر لەوە بی فوتبۆڵێن ببێتە پەیامێک و سەرەتاکان لە یەکدی جودا بکەیتەوە و پەی بە سەرەتای یارییەکان بەری. شانۆی ڕاستەقینە، شانۆی تەفرەدەر، بناسیتەوە. لە هەنگاونانتدا، ڕابەرت، بیرکردنەوە بێ، نەک هەست و سۆزێ، کە ئەمرۆ هەڵچێ و سبەی دامرکێتەوە!

ئەوەی کە دەیخوێنیتەوە، ئەزموون، تاڵیی ژیان، بەرگری، باسێکی پوخت بە زمانێکی سادە، سەبارەت بە چیرۆک و چیرۆکنووسە، کە قەڵەمێکی ئازا و هونەرمەند بۆ ناسینی سەرەتاکانی ئەم لقە گرنگەی هونەر، پێشکەش بە تۆی کردووە، هیوادارم، بەسوود بێ...

* * *

کامەران قازی (وەرگێڕ):

ڕۆژی یەکەمی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی مەڵکەندیی شاری سلێمانی ، لە خوارووی کوردستان لە دایک بووم . ساڵی ١٩٨٠ بەشی وێنەکێشانی ئەندازەییم لە پەیمانگەی هونەری تەواو کردووە. ئەوەی تا ئێستا لێی ماندوو نەبووم خوێندنەوەیە . پێم وایە و بەداخەوەم ، کە ژیانم بەشی ئەوە ناکات ، بە کامی دڵ ، ئەوەی دەخوازم بە خوێندنەوەی ڕابگەم . بەهاری ١٩٩١ هاتمە سوێد . کوڕ و کچێکم هەن ؛ ئاریان و دەریا.

***

کە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ هەوارم گواستەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، دەرگایەکی دیکەم لە ڕوودا کرایەوە بۆ ناسین و ئاشنابوون لەگەڵ هونەرمەندانی بەشێکی دیکەی وڵاتەکەم . ئێوارەومختانێک کە یەکەم جار گەیشتمە شارەکەی یاقووتی ، ئەو شارەی هەر لە منداڵییەوە پێی ئاشنا بووم و ڕەنگە هەموومان توانیبێتمان بە خەیاڵی منداڵانە شیرین و فەرهاد لە بەرچاوی منداڵیمان بەرجەستە بکەین . هەر لەبەر خۆمەوە دەمموتەوە ، "کاکە کەی دەگەڕێتەوە" ، " لەم وڵاتەدا !" خۆزگەم دەخواست بەس تەنیا جارێک ، ئەو هونەرمەندە ببینم کە ئەو دوو کتێبەی نووسیوە ، مەبەستم ( عەلی ئەشرەفی دەرویشیان) ـە . هەواڵم پرسی ، وتیان ها لە تاران ، لێ کۆڵەکەیەکی تری چیرۆک لێرە دەژی . وتم : یاقووتی ؟ وتیان خۆیەتی .

بە تاریکە بازاڕ و ڕاستە بازاڕ و سەرچەشمەی ڕاستەقینەدا ، ئەو ناوانەی کە لە زۆر چیرۆکەکانی یاقووتیدا هاتوون ، تێدەپەڕیم ، تا لە کتێبفرۆشییەکی بچکۆلانەی لاتەریکی تاریکەبازاڕ ، بە یاقووتییان ناساندم . ئیدی پاشتر لە چیرۆکەکانی گەیشتم . چەندین جار لەمەڕ چیرۆک و زمان لەگەڵ ئەو هونەرمەندە قەڵەمپاراوەدا گفتوگۆ و باس و خواسمان بووە . زۆر بە خێرایی لە فێربوونی زمانی ئەدەبیی کوردیدا دەچووە پێشێ . لێم پرسی هۆی ئەوە چییە تا ئێستا بە زمانی کوردی نووسینت نییە ؟! وتی : ئەو سەردەمە پێمان وابوو زمانی کوردی مەودای دەربڕینی خواستەکانی ئێمەی نییە ! بەڵام هەڵە بووین ، نەمانزانی زەریایەکە و زۆر لەوە فراوانترە کە ئێمە بیرمان لێ کردبووەوە ...

chalakmuhamad@gmail.com

# چیرۆک و چیرۆکنووسی بۆ لاوان

ناوەڕۆکی ئەو وتارانەیە کە لە قوتابخانە ناوەندییەکانی "زەنگەنە" و "سروش"ی کرماشان، بە بۆنەی رۆژی "کار"ەوە، بۆ قوتابیان خوێندراونەوە.

چیرۆکی کورت، تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە لە ڕاپۆرت، وتار، ڕۆمان و دارِشتنی جودا دەکاتەوە.

با بیهێنینە بەر چاوی خۆمان، کوڕیژگەیەکی بێکار (بەرەڵا)، لە شەقامێکی پڕ جەشاماتدا، دەست بە گیرفانی کابرایەکی شیکپۆشدا دەکات، کابراش بە ڕێکەوت مەچی کوڕیژگەکە دەگرێ و بە دەست پۆلیسەوەی دەدات. پۆلیس، ئەم کوڕیژگەیە کە ڕەنگە بگری یا نە، لەگەڵ خۆیدا دەبات. گێڕانەوەی ئەم هەواڵە، ئەگەر تەنانەت بە چەند لاپەڕەش بێ، ڕاپۆرتی پێ دەوترێ.

ئەگەر دەربارەی بێکارەکان، ڕۆڵیان لە کۆمەڵدا، ئەم دەستە کۆمەلایەتییە چۆن دروست بوون و دەربارەی تایبەتمەندییەکانیان، چ گشتی و چ هاویەش، شتێ بنووسرێ، نووسینەکان بە "وتار" ناودەبرێ. نووسینی "وتار" کارێکی فرە سەخت و دژوارە، وتارنووس دەبێ ئاگایی و زانیارییەکی فراوان و وردی دەربارەی بابەتی نووسینەکە هەبێ.

ڕۆماننووس، هەر ئەو بابەتەی باسمان کرد، لە چەند سەد لاپەڕەیەکدا مشتومالْ دەکات. ڕۆماننووس دەربارەی خێزانی ئەو کوڕیژگە بێکارە، چلۆن ئەو مندالە بەرەڵا بووە، چۆن لەگەڵ خەڵک و دەوروبەری ڕەوتار دەکات، پۆلیس بۆ کوێی دەبا و لەپاشدا چیی بەسەردێ، قەڵەمی خۆی تاو دەدات. پێم وایە بۆ ئەو کەسانەی کە لە سەرەتای ڕێگەدان و دەیانەوێ ببنە چیرۆکنووس، باشترە کە بە نووسینی کورتەچیرۆک دەست پێ بکەن.

نووسەری کورتەچیرۆک، گەر بیهەوێ لەسەر ئەو بابەتەی سەرەوە بنووسێ، باسی ئەوە دەکات، کە کاتێ کوڕیژگەکە دەست بە گیرفانی کاورای شیکپۆشدا دەکات، چ حاڵێکی هەبووە؟ دڵەکوتێکانی، دڵەڕاوکەکانی و کاتی گیرانیشی، بێکەسی و خەم و کەسەرەکانی، یا نەفرەت و ڕق و قینی، پێشان دەدات.

پاشان وا لەگەڵ ئەم بابەتەدا ڕەوتار و مامەڵە دەکات، کە خوێنەر وا هەست نەکات، کە ئەو کوڕیژگەیە، هەر لە خودی خۆیدا، مرۆیەکی بەد و خراپ بووە، هەروەها پۆلیسەکەش.

دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە لە ڕاپۆرت و دارِشتنیدا، نووسەر، لە خەڵک و شانۆی ڕووداوەکە، وێنە هەڵدەگرێ، بەلام چیرۆکنووس پاش وەسپ کردنی خەڵکەکان، شوێنی ڕووداوەکە، کاتی ڕوودانی و حالاتی دەروونی و ناوەوەی خەڵکەکەش، باس دەکات. پاشان لە جێگایەکدا بە خولْقاندنی ڕووداوێک تەکانێکی بەنهێم بە خوێنەر دەدات. ئەو تەکاندانە لە جێگایەکدا دەبێ کە خوێنەر غافلْگیر بووە، چۆتە ناو بیرەوە، ڕقی هەستاوە، خۆشحاڵ یا غەمگین بووە. ڕووداو بەو مانایە نییە کە پاڵەوانی چیرۆک یا دەبێ بمرێ، یا زەوماوەند بکات، یا لە کاتی دزیدا بگیرێت. هەر وەکوو گوتم، چیرۆکنووس زەمینەیەک ئامادە دەکات کە لە جێگایەکدا خوێنەر تووشی واق وڕمان ببێ، یا قینی هەڵسێ، پێ بکەنێ، یا بچێتە ناو بیرەوە، یا بگری، یاخود لە داخ و ڕق و قیندا، مست بدات بە زەویدا.

چیرۆکی سەرکەوتوو، دەسپێکێکی باش و کۆتاییەکی گونجاوی هەیە. ڕەنگە زۆر جاران، پاش خوێندنەوەی چیرۆکێ لەگەڵ خۆت دووابێ: "کۆتاییەکی چاکی نەبوو، بریا کۆتاییەکەی بەم جۆرە تەواو دەبوو!" یا "دەسپێکەکەی پیاو ماندوو دەکات، مرۆڤ وڕ دەکات."

لە چیرۆکدا، کات دەبێ دیاری بێ، شەوە یان ڕۆژ؟ بەیانە یا خۆراوا؟ چ وەرزێکە؟ هەڵبەتە، هەر کەس بە جۆرێ، کات پێشان دەدات. مەرج نییە چیرۆکنووس بنووسێ "خۆراوابوو" دەتوانێ بنووسێ "دوا تیشکەکانی خۆر، لووتکەکانی زاگرۆسی، خوێناوی دەکرد." یا بۆ نموونە شەو بەم جۆرە باس دەکات "ئەستێرەی تاریکی لە ڕۆشناییدا بینی."

شوێن، دەبێ باس بکرێ. ئەگەر گوندە، دەبێ دیمەنەکە بە باشی وەسپ بکرێ، تا خوێنەر بتوانێ لەگەڵ گوندێکی دی جودای بکاتەوە. ئاشکرایە، کە گوندی "سیادەرە و "ئاهووتەپە، هەرچەند لایەنی هاوبەشیان هەیە (وەک ئەوەی هەردووکیان لە قوڕ و بەرد دروست کراون)، بەلام، بێگومان، لە ڕووی هەڵکەوتنی جوگرافیاییەوە، جیاوازییان هەیە. "سیادەرە دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیایەکەوە، هەتاو دێرتر لەناو دێ دەدات و بێشەی چناری زۆرە. بەلام "ئاهووتەپە" لە دەشتاییدا

chalakmuhamad@gmail.com

هەڵکەوتووە. خەڵکی گوند، کە لە ڕۆخی زەریا، یا بیابان و داوێنی دەشتەکاندا دەژین، جۆری خۆراک، شێوازی جل لەبەرکردن و داب و دەستووریان لەگەڵ یەکدی جودایە. لە شاریشدا، هەر بەو جۆرە. گەڕەکی هەژارنشینی باژێرێک، لەگەڵ گەڕەکی دەوڵەمەندنشینی، لە گشت ڕوویەکەوە جیاوازن! کۆڵان و کووچەکانیان، خانووەکانیان، ژیانی خەڵکەکەیان، باوەڕیان، کار و پیشە و پەروەردەیان. منداڵانی گەڕەکە هەژارەکان بە زۆری لاواز، ڕەنگزەرد، یا هەتاوبردوون و هاوینان کاردەکەن. لێ منداڵانی دەوڵەمەند، ڕووگەش و چاکپۆش و هاوینان پشوو دەدەن، لێگەڕێن.

لە کورتەچیرۆکدا، چیرۆکنووس ژیانی کارەکتەرێکی سەرەکی و چەند کارەکتەرێکی لاوەکی پەیجۆری دەکات. ئەگەر ئێوە کورتەچیرۆکەکانی (ئانتوان چیخۆف)ی نووسەری گەورە و مرۆدۆستی ڕووستان خوێندبێتەوە، بینیوتانە کە چیرۆکەکان لە یەک و دوو کارەکتەری سەرەکی زیاتریان نییە.

بەڵام، بە پێچەوانەوە، لە ڕۆماندا باس لە چەندین کارەکتەر دەکرێ.

کورتەچیرۆک پوختە و چڕە، درێژدادڕیی تێدا نییە. بۆ نموونە، ئەگەر دەربارەی کوڕێکە بێکارەکە و هاواری کاورای ڕێبوار و هاتنی پۆلیسەکە لە شەقامی "سەرچەشمە" دا شتێ بنووسین. پاشان بە یەک لاپەڕە باسی دروستکردنی شەقامی "سەرچەشمە" یا ژیانی کاورای شیکپۆش بە درێژی، باس بکەین. ئەمە دەبێتە خاڵی لاواز بۆ چیرۆکەکە.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە نووسەر نابێ لایەنگریی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکەی بکات. دڵی بە یەکێکیان بسووتێ و هێرش بۆ سەر یەکێکی دیکە بکات. بۆ نموونە بنووسێ، منداڵەکە هەژار بوو، باش بوو، چونکە ئەو باش بوو، پۆلیسەکە، مرۆیەکی دڵڕەق بوو. مانای نابێ دروشم بەرزکاتەوە.

ئەرکی نووسەر پێشاندانی ژیانی خەڵکەکە، ڕەوتاریان، باری دەروونییان و دەوروبەریانە زۆر بە قووڵی. نرخاندن و قەبلاندن، دەبێ بۆ خوێنەر جێ بهێڵێت. نابێ لە چیرۆکدا بڵێ، ئەمە باشە و ئەوە خراپ. لەجیاتی ئەمە دەبێ وەسپی باشی و خراپی بکات. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی داڕشتن کە لە ڕاپۆرتی جودا دەکاتەوە ئەوەیە، لە داڕشتندا، نووسەر لەسەر هەڵە و دروستەکان بڕیار دەدات.

چیرۆکنووسی سەرکەوتوو، ڕووداوەکان، پێشان دەدات و ئیدی دەکشێتەوە و بڕیاردانەکە بۆ خوێنەر جێ دێڵێ... لە بری ئەوەی بڵێ "مامەپیرە" هەژارە، ژیانی مامەپیرە وەک تابلۆیەک دەکێشێ... بە جۆرێک کە دەری بخات دەرامەتی مامەپیرە کەمە، کرێنشینە، حەفت منداڵی هەیە، ڕاخەریان بەڕەیە، تاشتیان هەر نان و چای شیرینە، منداڵەکانی ساڵەوساڵ جلکی نوێ لەبەر خۆیاندا دەبینن.

تا ئێرە دەگەینە ئەوەی کە چیرۆکی سەرکەوتوو:

١- دەستپێکێکی باش و کۆتایی یەکی گونجاوی هەیە.

٢- یەک یا دوو کارەکتەری سەرەکی زیاتری نییە.

٣- ژیان و پەیوەندی خەڵک زۆر بەقووڵی پێشان دەدات و دروشم بەرز ناکاتەوە.

٤- باری دەروونیی خەڵکەکان دەردەخات.

٥- پوخت و چڕە.

٦- کات دیاریکراوە.

٧- شوێن ئاشکرایە.

٨- کارەسات، یا خاڵی لووتکەی هەیە (گرێی چیرۆک).

بوونی ئەم خاڵانە، پێویستیی چیرۆکە، بەڵام گشت شتێکیش نییە. کورتەچیرۆک، تایبەتمەندیی دیشی هەیە، کە بەکورتی باسیان دەکەین.

ئەلف- بابەتی نوێ (دووپات نەبۆوە): بۆ خۆپاراستن لەم خاڵە، نووسەر دەبێ زۆر بخوێنێتەوە، دەبێ هەمیشە بخوێنێتەوە. هەر کتێبێکی باشی نووسەرە ئێرانییەکان، یان بێگانەکانی چنگ کەوت دەبێ بە وردی بیانخوێنێتەوە تا بزانێ هۆی سەرکەوتنیان چییە؟! چۆن توانیویانە بابەتێکی ئاوا بە ڕووکەش و ساکار بەو جۆرە کارامە و زیرەکانە بنووسن و بخەملێنن؟ ئەوان چییان نووسیوە و ئەم دەبێ چ بنووسێ؟

ئەگەر هەندێ جار هەستت کردووە زۆر کەیف و شاییت بە هەندێ چیرۆک هاتووە، هەندێکیانت لە ناوەڕاستدا وێڵ کردووە! هۆی ئەوەیە کە چیرۆکەکانی جۆری یەکەم یا بابەتەکەی نوێ بووە، یا زۆر دڵگرانە وەسپ کراوە، بەڵام چیرۆکەکانی جۆری دووەم یا بابەتەکەیان، چەند پات کراوە، یان زۆر خراپ نووسراون.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم، کە چیرۆکنووس دەبێ لە

chalakmuhamad@gmail.com

زانستەکانی دیدا، وەک مێژوو، فەلسەفە، ئابووری و کۆمەڵناسی، شارەزا بێ و موتالآی زۆر قووڵی هەبێ. قووڵبوونەوە لەم زەمینانەدا دید و بۆچوونێ بە نووسەر دەدات کە بە فراوانی و وردی لە بوون، جیهان، ژیان و دەوروبەرەکەی بنوارێ.

بێ- فێربوون و فێرکردن لە چیرۆکدا :

هەندێ چیرۆک هەن بۆ خلآفاندن و لەرێ دەرکردنی خوێنەران نووسراون، وەک چیرۆکە پۆلیسییەکان، چیرۆکی ئەویندارىی بازارییانە، چیرۆکی خەیاڵی و ئەو چیرۆکانەی باس لە (پووچی)ی ژیان و خوێنەر هیوابراو دەکەن.

چیرۆکی چاک یارمەتیمان دەدات کە کۆمەڵ بناسین، پشێوی و پاشاگەردانییەکانی ناو کۆمەڵ هەست پێ بکەین. خراپییەکانی بناسین و بەپێی توانا و بە رێگایەکی دروست دژیان تێ بکۆشین. چیرۆکی باش یارمەتیدەرە بۆ خۆناسکردن، باشترکردنی خۆ لەوەی کە هەین. ناسینی بێتوانایی و تواناکانی خۆمان.

دەبێ ئەوە بڵێم، هیچ کتێبێک نابێ بۆ مەبەستی کات بەرێ کردن و خۆخلآفاندن بخوێنینەوە. دەبێ هەوڵ بدەین پەی بە پەیامی نووسەر بەرین و ئەوەی کە نووسەر دەیهەوێ فێرمان بکات.

جیم- هەڵبژاردنی بابەت

نووسەری چاک لە نێوان ئەو بابەتانەی لە ژیاندا هەیە، هەڵدەبژێرێ، لەسەر هەموو بابەتێ نانووسێ! قوتابییەک، نمرەی کۆتاییی ساڵی لە بنباخەڵ ناوە، بە گریان یا غەمگینی، بەرەو ماڵ بۆتەوە (ئەمە بابەتێ). سەگێکی تەنیا، کە لێدانێکی باشی خواردووە، لە سووچێکدا بە سکی برسییەوە هەڵدەلەرزێ و دەقوولێنێ (ئەمەش بابەتێکی دی). دایکێک لەسەر پلیکانەکانی حەوشە دانیشتووە و چاو لەرێی گەرانەوەی کورەکەیەتی، کورەکەی وا لە زینداندا، دایکەکە، نیگەران، غەمگین، دڵ پڕ لە کەسەرە و چاوەنوارە (ئەمەش بابەتی سێیەم). چیرۆکنووسی وشیار و وردبین، لە نێوان ئەم بابەتانەدا بابەتی سێیەم هەڵدەبژێرێ. یا ئەگەر بمانەوێ لە نێوان چەند بابەتێکدا، لەسەر یەکێکیان بنووسین، وەک ژیانی مامۆستایەکی زەحمەتکێش، ژیانی لووسکەیەکی مێباز، خاوەن پێشانگایەکی ئۆتۆمبیل فرۆشی. ژیانی یەکەمیان گرنگترە. بۆ؟ چونکە مامۆستاکان رۆڵی زۆر گرنگ لەناو کۆمەڵدا دەبینن ، پیاوانی دوارۆژی ئەم وڵاتە، مامۆستایان پەروەردەیان دەکەن، رێگای راستی ژیان بە قوتابیان فێردەکەن. بەراستی وەک مۆم دەسووتێن، رەنج دەکێشن، ماندوو دەبن، تا رووناکی و گەرمی بە خەڵکی ببەخشن.

با باس لەوە نەکەین کە بەداخەوە، لە نێوان مامۆستایاندا، خەڵکانێ هەن کە شایانی ئەوە نین ناوی پیرۆزی مامۆستایان لێ بنرێت. لە باسەکە دوورکەوتمەوە.

چیرۆکنووسی سەرکەوتوو، لە نێوان بابەتە ریالیستەکانی ژیاندا، ئەوەی کە دەیبینێ یا دەستەویەخەیە لەگەڵیاندا هەڵدەبژێرێ و لەسەریان دەنووسێ.

## ریالیزم

پێویستە باسی یەکێک لە شێوازەکانی ئەدەبیات بکەین... داواتان لێ دەکەم کە بەم وتارەی من یا منەکردنی لەم جۆرە وتارە بەسەندە نەکەن. ئەگەر دڵتان بۆ ئەم لقەی هونەر لێ دەدات، کتێبی زۆر هەن کە زانیاریی چاک و فراوانتان بۆ باس دەکەن. لە هونەردا چەندین شێوازی جۆراوجۆر هەیە: ریالیزم، ناتورالیزم، سوریالیزم، سیمبۆلیزم و...هتد.

من لێرەدا ئاماژە بە شێوازی ریالیزم دەکەم.

نووسەری ریالیستی بە چاوێکی ریالیستبینانەوە بۆ کێشەکان دەنوارێ. مانای ریالیزم ئەوە نییە کە هەموو نووسراوێک، هەر لەبەر ئەوەی سادە و ئاسان نووسراوە بە ریالیزم لە قەڵەم بدەین. هەندێ کەس وا بیر دەکەنەوە هەر نووسراوێک بە سادەیی و ئاشکرا باس لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکات، ئەو نووسراوە ریالیستانەیە !

chalakmuhamad@gmail.com

ئەوە دروستە، کە یەکێک، لە تایبەتمەندییەکانی شوێنەواری ڕیالیستانە ئەوەیە کە بە ئاسانی دێتە تێگەیشتن. بەڵام تایبەتمەندیی هەرە گرنگی ئەم شێوازە کە لە «ناتورالیزم» جودای دەکاتەوە، ئەوەیە کە نووسەری ڕیالیست تێدەکۆشێ، لە نووسینەکەیدا «هۆ»ی کێشەکان پێشان بدات و پێ لەسەر (ئەنجامی) هۆکان داناگرێ. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسە دەبێ بە نموونەیەک جیاوازیی «هۆ» و «ئەنجام» پێشان بدەین.

قوتابییەک دەرز ناخوێنێ و هەرچەند مامۆستاکەی پێی دەڵێ دەرز بخوێنە، دوا دەکەوێ و بێچارە دەبێ و... لەم جۆرە قسانە، قوتابییەکە گوێی پێ نادات. ئەم مامۆستایە، لێدان بە چارەسەر دەزانێ، یا خراپتر لە لێدان، جوێنی پێ بدرێ یا لە پۆلدا بە بەرچاوی قوتابییەکانی ترەوە، بشکێنرێتەوە... ئەگەر گوێ لە دەردەدڵەکانی ئەم مامۆستایە بگریت، دەلیلەکانی ئەم چارەسەرکردنەت بۆ باس دەکات «بەڵێ... ئەم قوتابییە لە بنەڕەتدا، حەز بە دەرز ناکات، دەبەنگە، توانای نییە، نابێتە مرۆڤ... شایانی کوتەک و جوێن و شکاندنەوەیە...». ئەم مامۆستایە، تەمەڵی و حەز لە کایەکردنی قوتابییەکە بە «هۆ»ی دەرز نەخوێندنی دەزانێ، بەڵام تەمەڵی و هاروهاجی «ئەنجام»ە نەک «هۆ».

قوتابییەک، کە حەزی لە دەرزخوێندن نییە، ڕەنگە پایەی خوێندنی لاواز بێ یا دروست فێرنەبووبێ. باشە، بۆچی دروست فێر نەبووە؟ چونکە دەرزەکانی نیوە کات بووە و مامۆستا، بواری نەبووە کە بە هەموو قوتابییەکاندا ڕابگات، چونکە لە پۆلێکدا (٥٠) قوتابی دەرز دەخوێنن، چونکە مامۆستا بۆ دابینکردنی ژیانی ، ئۆتۆمبیلی (پەیکان)ی کڕیوە و فرۆشتۆتەوە. چونکە زۆربەی مامۆستاکان خۆیان ماندوو ناکەن، کە بۆ وتنەوەی فلانە دەرز چەند کتێبی تر، جگە لە کتێبی دەرزەکە، بخوێننەوە.

بینیتان؟ ئەوە یەک لایەنی کێشەکەیە، کە باسمان کرد. قوتابییەکی دەرزنەخوێن هەزار گرفت و گرفتاری و دەردەسەری لەناو خێزانیدا هەیە! شەڕی نێوان باوک و دایک، کۆتایی نییە. قوتابی کە لە قوتابخانە دێتە دەرێ، شتێکی گونجاو نییە خۆی پێ بخلافێنێ، نە شانۆ، نە فیلمێکی باش، نە کتێبخانەیەکی چاک. لە ماڵەوە شەڕ و جوێن، لە کۆڵان شەڕ و جوێن، لە زەوی و ئاسمانەوە شەڕ و جوێن، هەڵدەقوڵێ و دەبارێ. لە هەموو جێیەک، جوێن و شکاندنەوە، نە فێربوونێکی هەمەلایەنە و دروست، نە مایەی خۆخلافاندنێکی گونجاو و نە هاندانێ.

بینیتان؟ ئەگەر بەم ڕەوتە بە شوێن دۆزینەوەی «هۆ»کاندا بڕۆین، مەسەلەکە دەگاتە جێگایەکی زۆر ناسک!

هەڵبەتە نووسەری ڕیالیست، بەو جۆرەی ئێمە کێشەکەمان شیکردەوە، هۆکان پێشان نادات. نووسەر گەر بیەوێ وێنەیەک لە ژیانی قوتابیی -بە ناو- تەمەڵ پێشان بدات، ئاماژەیەک بە ژیانی دەکات کە: قوتابییەکە دەرزی دەخوێند وە کاریشی دەکرد. یا بۆ نموونە، باوەژندار بوو، هەمیشە چەپۆکی دەخوارد و قوزەڵقورتی دەژنەفت.

لە کتێبی (لەم وڵاتەدا)ی عەلی ئەشرەف دەرویشیان، چیرۆکێک هەیە بە ناوی "گازۆڵک" پوختەی چیرۆکەکە ئەمەیە: نەزەر عەلی و ژنەکەی وا دەزانن منداڵەکەیان گوێچکەی دێشێ بۆیە هەدا نادات. دەیبەنە لای (بیبی وەسەت) کە چارەسەری بکات. (بیبی وەسەت)، کە پیرەژنێکی سادە و خورافاتییە، (گازۆڵک)ێ لەسەر سەری منداڵەکە دادەنێ، و بە دەستەسرێ دەیبەستێ. "گازۆڵک" مەلاشووی منداڵەکە کون دەکا و منداڵەکە دەمرێ.

با تەماشاکەین بزانین لەم چیرۆکەدا هۆکانی چۆن پێشان دراون. ئەگەر عەلی ئەشرەف چیرۆکەکەی وا بنووسیبایە کە ئێمە (بیبی وەسەت) خەتابار بکەین، یا نەزەر عەلی کە بۆچە منداڵەکەی بۆ نەخۆشخانە نەبرد، چیرۆکەکە چ نرخێکی نەدەبوو. وەلێ وا نییە، خوێنەر هیچ کەسی ناو چیرۆکەکە بە خەتابار نازانێ. هەر لەو کتێبە نموونە دێنمەوە:

ژنەکە بە ڕقەوە گوتی: دەبێ بۆ شاری بەرین.

پیاوەکە بە توورەیی‌یەوە گوتی: گووم کردە شار و پزیشکەکان، پارە، پارە، وەک ئەوەی پارە ڕژابێ. ئەی ئەگەر وڵاخەکەش بفرۆشم، بە چی بۆ شاری بەرین؟ لاپەڕە ٣١.

بەڵێ! بە چ دەرامەتێ منداڵەکەیان بۆ شار بەرن؟ تەنیا وڵاخێکیان هەبوو، فرۆشتیان!

بەڵام با بزانین (بیبی وەسەت) بۆ گوناهبار نییە؟

(بیبی وەسەت) بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

– نارەحەت مەبە عەزیزەکەم، بەڵکە خوا بکات چارەسەری بکەم، وەک منداڵی خۆمە، چەنێ شیرینە، چەنێ شیرینە!

دەبینین، کە پیرەژن چەندە میهرەبانە؟ لە دڵەوە دەخوازێ منداڵەکە چا بێتەوە، بەڵام چ لە تواناُدا هەیە؟ پیرەژن زانیارییەکی دروستی نییە و منداڵەکە دەبێتە قوربانی

chalakmuhamad@gmail.com

نەزانینی پیرەژن و نەداریی باوک و دایکەکە.
ئیمام حوسەینیش فریای منداڵەکەیان ناکەوێ!

ژنەکە ناڵاندی: ئیمام حوسەین خۆت فریامان کەوە، منداڵەکەم خەریکە دەمرێ.

بەڵێ ئێمە (بیبی وەسەت)یش، بە خەتابار نازانین، چونکە ئەگەر لە گوندەکەدا خەستەخانەیەک بە دکتۆری دڵسۆزەوە، نەک پزیشکی پارەخۆر و هیچ لەبارانەبوو، هەبایە، (بیبی وەسەت)یش ناچار دەبوو کە ئیدی واز لەو بەزمە بێنێ.

کەواتە، نووسەری ریالیست، ئەوەی کە هەیە پیشانی دەدات، هەموو شتێ وەکوو بابەت، بۆ لەسەر نووسینی هەڵنابژێرێ و بە شێوەیەکی هونەرمەندانە هۆکان پیشان دەدات.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە ریالیزم خۆی چەند لقێکی لێ دەبێتەوە، کە یەکێ لەو لقانە ریالیزمی رەخنەگرانەیە. لە ریالیزمی رەخنەگرانەدا، پاشاگەردانییەکان، (فەساد)ی ناو کۆمەڵ پیشان دەدرێت و دەدرێتە بەر قامچیی رەخنە.

نەبوونی (کە سەرچاوەی هەموو خراپییەکانە)، دارزانی بیر و رەوشت، بەرتیلخواردن، درۆ، تۆمەت، خۆپەرستی، بێدادی، مشەخۆری و نەخۆشییەکانی دیی کۆمەڵایەتی دەخرێنە ژێر هاوێنە (زەرەبین)ی هونەرمەندەوە و لێیان دەکۆڵرێتەوە.

لە نووسینی نووسەرە ریالیستەکاندا، رەنگە ئارمانجخوایی هەبێ و هەست پێ بکرێت. بەو مانایە کە لە نووسینەکەدا کارەکتەرێک هەبێ کە لە ژیانی رۆژانەدا کەمتر ببینرێ. کەسانێ کە نموونەی چاکی، دڵاوایی، ئازایەتی و لە خۆبووردوویی بن. نووسەر، بە خوڵقاندنی ئەم جۆرە کەسایەتییانە، لە راستیدا ـ ناراستەوخۆ ـ دەیەوێ خوێنەر هان بدات کە بەو جۆرە بێ!

نووسەری ریالیست، بە پێچەوانەی ناتورالیستەکانەوە، مرۆڤ وەکوو هەن، زەبوون و بێدەسەلات و نوقم لە فەسادا پیشان نادات. خراپەکان بە زادەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێ، باشی بە پایەدار و خراپی بە لەناوچوو دەزانێ. لە دید و بۆچوونی نووسەری ریالیستەوە، باشی رەها و خراپی رەها بوونی نییە. مرۆڤەکان تێکەڵێکن لە چاکی و لاوازی، تەنیا ئەوەندەیە لە هەندێکیدا باشییەکان بەسەر لاوازییەکاندا زاڵن و لە هەندێکیاندا بە پێچەوانەوە. لە دیدی هونەرمەندی ریالیستەوە هەموو شتێ لە جیهاندا لە گۆڕاندایە؛ باشی و خراپی سیفەتی وەرگیراون.

## رۆڵی نووسەر لە کۆمەڵدا

دەزانین کە بە درێژایی مێژوو، هەمیشە چاکە لەگەڵ خراپەدا دەست بە یەخە بوون. لە ئاییینی کۆنی زەردەشتیدا، ئاهورامەزدا نوێنەری رووناکییە و ئەنگرەمنیۆ (ئەهریمەن) نوێنەری تاریکی. زوحاک لایەنگریی لە خراپە و کاوەی ئاسنگەر بەرگریی لە چاکە دەکرد. هونەرمەند ـ وەکوو هەموو مرۆڤێک ـ لەم کێشمەکێشەدا ناتوانێ بێلایەن بێ، یا دەبێ لایەنگری هەق و راستی بێ، یا ئاشکرا یا لە ژێر ماسکەوە دەبێ پشتیوانی لە بەرژەوەندیی زۆرداران بکات. بە درێژایی مێژوو، مرۆڤ هەمیشە شایەتی خەباتی نێوان خێر و شەڕ بووە. مێژوو شتێ نییە، جگە لە مەیدانی کێشمەکێشی نێوان ئەم دوو بەرەیە.

چەکی نووسەر قەڵەمەکەیەتی. هونەرمەندی مرۆڤدۆست لایەنی هەق دەگرێ. هەڵبەتە رەنگە لەم پێناوەشدا تووشی هەزار چەرمەسەری ببێت؛ هەروەک "رووەدەکی، شاکانی سامانی، لەبەر بیروڕایەکانی کە لەو زەمانەدا پێشکەوتووخوازانە بوون کوێریان کرد. لێکۆڵینەوەکانی "گراسیمۆڤ"، بەو ئاکامە گەیشتووە کە چاوی روودەکیان دەرنەهێناوە، بەڵکە سەریان بەسەر ئاگری رەژوودا گرتووە، تا چاوەکانی ئەم شاعیرە هێدی هێدی سووتاون.

یاخود فیردەوسی، لەبەر خوڵقاندنی پاڵەوانی ئازادیخوازی وەک رۆستەم یا گوتنی راستی!، "ستەمی زوحاک و راپەڕینی کاوە، باسی راپەڕینی مەزدەک و کوشتاری مەزدەکییەکان لە لایەن ئەنۆشیروانەوە، ئیدی سوڵتان مەحموود لێی دەکەوێ بە رقدا و دوا ساڵەکانی تەمەنی ئاوارە و دەربەدەر دەبێ.

ئایا چیرۆکنووس هەر ئەو شتانەی خەڵکی دەیانزانن، باسیان دەکات؟ نە! چیرۆکنووس، کێشەیەک دەبینێ، بە یارمەتیی بیر و خەیاڵ، بە هۆی ئەزموونەکانیەوە، بە یارمەتیی ئەو شتانەی فێریان بووە لە ژیان و لە کتێبانەوە، بە یارمەتیی ئەو فەلسەفەیەی باوەڕی پێی هەیە، دەست لەوەی کە هەیە وەردەدا و شتێکی نوێ دەخوڵقێنێ و لەبەردەم خەڵکی دادەنێ. هونەرمەند وەک ئاوێزەیە رووناکی (ئەو شتەی کە هەیە) وەردەگرێ و بە بیریدا (پێکهاتنی ناوەوەی ئاوێزە) تێپەڕی دەکات و شتێکی نوێ، شەپۆلێ لە رووناکیی رەنگاورەنگ و دڵگر پێشکەش دەکات.

بوونە ریالیزمییەکە، وەک بەفراوێکی لێل ، بە چینەکانی بیری هونەرمەندا تێدەپەڕێ، چیلکە و چەوێڵ و لێڵی و سوێرییەکەی دەپاڵێورێ و بە وێنەی کانیاوێکی شیرین و

chalakmuhamad@gmail.com

فێنک، پێشکەش بە ڕێبوارانی تینوو دەکرێت.

نووسەر، ئەو شتەی کە بەرووکەش ئاسایی دێتە بەرچاو، نائاسایی پێشان دەدات و سەرنجی ئێمەی بۆ ڕادەکێشێ، کە بیری لێ بکەینەوە و هەندێ جار بۆ چارەسەر بگەڕێین. بۆ نموونە بینینی منداڵێکی گەدا لەگەڵ باوکیدا لە پاڵ دیواری مزگەوتێکدا.

هەموومان ڕۆژی دەیان جار ئەم شانۆیە دەبینین و بێدەربەستانە لە کەناریەوە ڕەت دەبین. نووسەر ئەمە بە شێوەیەکی وا ورد و سەرنجڕاکێش باس دەکات، کە ئیدی بۆ ئێمە، بینینی ئەو وێنەیە ئاسایی نابێت. پاش خوێندنەوەی چیرۆکەکە دەچینە ناو بیرەوە، پرسیار لە خۆ دەکەین کە: چارەنووسی ئەو منداڵە چ دەبێ؟ بۆچی وایان بەسەرهاتووە؟ چ لەبەر دەکەن؟ چی دەخۆن؟ چلۆن دەژین؟ نووسەر بەسەرماندا هاوار دەکات: بنوارە! بێداربەوە!... بەڵێ، ویژدانی خەوتوومان وەئاگادێنێ، دەستبەردارمان نابێ، هەر دەڵێی هەمیشە بە گوێماندا دەچرپێنێ: بنوارە! ئەویش هاورەگەزی تۆیە، وەک تۆ لە خوێن و گۆشت و ئێسک دروست بووە، یارمەتیدانی چ سوودێکی نییە، هاندانە بۆ بەردەوامبوون لەسەر گەدایی، بەو پارەیەی لە مستی دەنێی، خەیاڵت تەخت نەبێ و ئاسوودە مەخەوە. ئەو پیاوە نابێ لە پاڵ دیواری مزگەوتدا گەدایی بکات. یەشتا غرووری هەر ماوە، وەک ئاگری بن خۆڵەمێش (خۆڵەکەوو) غرووری لە نێو نەچووە، چونکە مرۆڤە! ئەو کاتە تۆ لە خۆت دەپرسی: دەتوانم چ بکەم؟ بیردەکەیتەوە و مێشک بەکار دەخەیت و شوێن گرفتەکە دەکەوی و ڕێگەی تێکۆشان بۆ چارەسەرکردنی دەدۆزییەوە.

نووسەری ڕیالیست دەنگی زوڵاڵی خەڵکە، بلندگۆی تاسە و ئارەزوو، پێویستی و گرفتەکانی خەڵکە. بە ناوی خەڵکەوە دەدوێ، هەوڵ دەدات، بەپێی توانای خۆی لە خەباتی خێر دژ بە شەڕدا هاوبەشی بکات. نووسەر هیچ ئازارییەکی بەسەر خەڵکدا نییە. خزمەکاری خەڵکە، دۆست و هەڤاڵیانە. ئارمانجی نووسەری چاک ئازادیی مرۆڤە لە چنگ خورافات، باوەڕی بێپایە و بناغە و کۆن. شوێن ناو و دەنگ نەکەوتووە، لە پێناوی ناوبانگدا نانووسێ. ئارمانجی لەوانە بەرزتری هەنە. نووسەری چاک لە دادی خۆپەرستی ڕزگارە و تەنیا لە بیری بەختەوەری و ئازادیی خەڵکدایە. باسکردن سەبارەت بە چیرۆک، باسێکە درێژ و ئاڵۆز و قووڵ. لەم بارەوەیە کتێبی زۆر نووسراوە و زیاتریش دەنووسرێ. من سەبارەت بەم بابەتە، چەند خاڵ و لایەنی کەمم بۆ باس کردن،کە پێویست بوون، بەڵام بەس نین.

لەبەر ئەوەی وتارەکەم سەبارەت بە چیرۆک و چیرۆکنووسە، بە تایبەت ژمارەیەک داوایان کردووە کە لەمەڕ ژیانی خۆمەوە بدوێم. لێرەدا بەکورتی هەندێ شت، کە پەیوەندی بە باسەکەوە هەیە، دەربارەی ژیانی خۆم، باس دەکەم.

"حەفت ساڵە" بووم، کە لە دێی "کێوەنان"ەوە بۆ شار بارمان کرد. چەند مانگایەکمان هەبوو، لە شار بە فرۆشتنی شیرەکەیان ژیانمان بەڕێوە دەچوو. خۆر نە دەکەوت، لەگەڵ باوکمدا دەچووینە گەڕەکی دەوڵەمەندنشینەکان، ئەو شیرەی کە خۆمان لێی بێبەش بووین بەوانمان دەفرۆشت. چەند ساڵان تێپەڕین. ڕۆژێکی هاوین، مانگاکان بە بۆرەبۆرە خۆیان بە حەوشەدا کرد و لە پشتیانەوە، باوکی پەشێو و بەدبەخت و وێرانم، خۆی بە ماڵدا کرد. ورگی مانگاکان هەڵاوسابوون و لە لالغاوەیانەوە کەفێکی سپی دەڕژایە سەر زەوییەکە. دەیانبۆڕاند و بە چاوە ڕەشە گەورەکانیان داوای یارمەتییان لێ دەکردین. باوکم نەیدەزانی چە بکات، سەرلێشواو دەهات و دەچوو. مانگاکان لە نێوان گریانی ئێمە و هاواری باوک و شیوەنی دایکمدا، یەک لەدوای یەک مردن و ئێمەش، لەم جیهانە پڕ لە ترسەدا، بێ پەنا و پەسێو ماینەوە. تا هەفتەیەک باوکم لە کونجی ماڵەوە لێی کەوت. جگەرەی دەکێشا و لەگەڵ کەس نەدەدوا، چاوی لە سورمیچەکە دەبری و لەژێر لێوەوە دەیگوت: (لا اله الا الله...!).

برسێتی دەستی لە بینمان نابوو. خوانمان خاڵی بوو، شەوان بێ شێو سەرمان دەنایەوە. باوکم، کە تەنیا دوو

chalakmuhamad@gmail.com

چڵ ئێسقان بوو، دەستی بە فرۆشتنی ناوماڵ کرد. چەند قاڵیمان هەبوو، یەک لەدوای یەک بۆ بازاڕ بران و نەگەڕانەوە. بەرە بووە ژێرئەنازمان. کە پارەی قاڵییەکان تەواو بوو، ئەوسا باوکم دەستی بە فرۆشتنی سینی، سەماوەر، و... کرد. ناڕەزایی دایکم بەرزبۆوە: "بێغیرەت، برۆ کارێ بکە، هەر ئەوە ماوە شەرواڵی منداڵەکانت بفرۆشی." باوکم ڕەنگی تێک دەچوو، بە دەنگێکی لەرزۆک دەیگوت: "کار لە کوێ پەیداکەم؟ منداڵەکان برسییانە، خوای دەکرد قاڵی لە ژێر قنگیاندا نەدەبوو." و... شەڕ دەستی پێ دەکرد، باوکم پرچەکانی دایکمی لە دەستەکانیەوە دەئالاند، بە شوێن خۆیدا بە حەوشەدا کێشی دەکرد. دەیدایە بەر مشتەکۆڵە، وەبەر لەقەی دەدا. ئێمەش دەگریاین، دەلەرزیین، دەمانقیژاند، کەس گوێی لە هاوارمان نەبوو، یا گوێیان لێ دەبوو، بەڵام پێی ڕاهاتبوون.

دایکم، کە باوکم لە ماڵ نەبایە، لە قوژبنێکدا دادەنیشت و دەینالاند و دەیلاواندەوە. ئەو کاتانە مەرگمان لە خوا دەخواست. کرووزانەوەی دایکم زۆر کڵۆڵانە بوو. ناتوانم بڵێم چلۆن بوو! سەرتاپای لەشمان دەلەرزی، دڵمان دەگیرا و بێدەنگ دەگریاین. شتێکمان لە ماڵدا نەمابوو کە باوکم بیانفرۆشێ. ناچار بوو، بە هەر دەردیسەرییەک بێت کارێ پەیدا کات. سەردەمێک چاکەتە کۆنی دەفرۆشت، سەردەمێکیش وردەواڵە. ڕۆژێک لەگەڵ هەڤاڵێکی قوتابخانەمدا، لە کووچەیەکەوە دەڕۆیشتین، دەنگێکی لەرزۆک و ئاشنا بە دڵم ڕژایە ناو گوێمەوە، "ئای... سەماوەری زەرد، دەکڕم." پاشان باوکمم بینی، سەری داخستبوو بەرەو ڕوومان دەهات. بۆ وەی نەبمە گاڵتەجاری هەڤاڵەکەم، هەڵاتم و وەک شێت لەو ناوە دوورکەوتمەوە.

لە ماوەی ساڵێکدا، شەش جاران ماڵمان گواستەوە. چەند سەر خێزان بووین، کەس خانووی پێ نەدەداین. جارێکیانم چاک لە بیرە، کە نازانم بۆ چە، خاوەنماڵەکەمان، شرۆشیتاڵی فرێ داینە دەرەوە؟ نیوەڕۆ بوو، هەوا گەرم، ژنە خاوەنماڵەکەمان، کە ژنێکی قەڵەو و زماندرێژ و هار بوو، لە ژوورەکەی خۆیدا خەوتبوو. من پژمیم، لە دەنگی پژمەکەی من، بێداربۆوە، وەبەر ڕێژنەی دژوێنی داین و وەدەری ناین.

هاوینان، بۆ وەی بتوانم یارمەتییەکی ماڵەوە بدەم و کەمێ باریان سووکتر کەم، کارم دەکرد. هەر کارێ بووایە دەمکرد. ماوەیەکی زۆر لە نانەواخانەیەک، کە نانەواکەی فرە دڵڕەق بوو، شاگردیی هەویرشێلیم کرد. خاوەنکارەکە ناچاری دەکردم کاروباری ماڵەوەشی بۆ ئەنجام دەم و لە بازاڕ شتی بۆ بکڕم. ڕۆژێ لایەنی کەم پازدە سەعاتان کارم دەکرد، یەک تەمەنی دەدامێ، ڕۆژانی هەینیش کارم دەکرد. سەردەمێک شاگر کەبابچی و ماوەیەک شاگردی لێفەدروویەک بووم و چەندین کاری تر...

لە تەمەنی چواردە ساڵانەوە دەستم بە خوێندنەوە کرد. لە ماڵەوە چەند کتێبێکمان هەبوو؛ ئەمیر ئەرسەلان، ڕۆستەم و زۆراو، حوسەین کورد، چەندین جار ئەم کتێبانەم خوێندنەوە. ئەو زەمانە، یا کتێبی باش کەم بوون، یا من کتێبی باشم نەدەناسین. بۆیە هەرچییەک چنگ کەوتایە دەمخوێندەوە. چونکە کەسیش نەبوو، ڕێنوێنیم کات، کتێبی خراپم زۆر خوێندەوە.

تا کلاسی حەوتەم نزیکەی پێنج سەد کتێبی پۆلیسی و کتێبی مێژوویی پووچم خوێندنەوە. پارەم نەبوو کتێب بکڕم، بە کرێ دەمهاوردن. شەوی بە ڕیاڵێک. هەموو ئێوارەیەک، لەبەر بەفر و سەرما، ڕادەوەستام و هەڵدەلەرزیم تا کتێبفرۆشەکە دەهات، کتێبەکەم دەدایەوە و کتێبێکی نوێم بە کرێ دەهێنا.

لە کلاسی یازدەدا، بە ڕێنوێنیی مامۆستایەکی چاک لەگەڵ کتێبە بەسوودەکان ئاشنا بووم. «مەکسیم گۆرکی»م ناسی. بێ ماندووبوون دەمخوێندەوە. کتێب فێری کردم کە بە جۆرێکی تر تەماشای خۆم، خێزانم، خەڵکی کۆڵان، گەڕەک، شار و وڵاتەکەم بکەم، خەڵک، خەڵکی ڕەنجدەرم خۆش بوێ و بۆ باشترکردنی ژیانیان، بە توانای خۆم، تێبکۆشم. ئەو سەردەمەی شاگرد نانەوا بووم، دەستم بە نووسین کرد. ئەو کاتانە، لە ژێر کاریگەریی کتێبە پۆلیسیەکاندا کە دەمخوێندەوە، چەند چیرۆکی پۆلیسیانەم نووسی. پاشان، بە یارمەتیی خەڵکی دی، فێربووم کە دەبێ چی و چۆن بنووسم. زۆرم دەخوێندەوە، زۆرم دەنووسی، دەرزەکانم دەخوێند و کاریشم دەکرد.

ئێستاش لەو باوەڕەدام کە لە سەرەتای ڕێدام. نووسینەکانم خاڵی لاواز و کەمایەسییان زۆرە، وەلێ هەوڵ دەدەم، کە باشتر بنووسم. تێدەکۆشم، بە

chalakmuhamad@gmail.com

خوێندنەوەیەکی زیاتر، بە هەوڵدانی بێ ماندووبوون، شوێنەواری باشتر پێشکەش بە خەڵک بکەم. من خۆم بە قوتابی دەزانم، قوتابییەک کە لە ژیان، کتێب و خەڵکەوە فێر دەبێت.

## پرسیار و وەڵام

پرسیاریان کردووە کە "چ بکەین تا ببینە نووسەر؟"
بەر لە هەموو شتێ دەبێ تاسە و ئارەزوویەکی زۆرتان بۆ ئەم لقەی هونەر هەبێ. بەزۆر ناتوانی بنووسی. گەر توانای نووسینتان هەیە، کەلوپەلی کار هەیە؛ کتێب، ژیانی خەڵک، کە سروشبەخش و خوڵقێنەری شوێنەواری هونەرین. دەبێ زۆر بخوێننەوە، بنووسن، بدڕێنن و تووریان هەڵدەن.
لە خوێندنەوە گرنگتر ئەوەیە کە دەبێ ژیان و پەیوەندیی خەڵک، منە بکەن. ناتوانین لەماڵەوە دانیشین و لەمەڕ ژیانی خەڵکەوە بنووسین. دەبێ لەناو خەڵکدا بین. لەگەڵ چین و دەستە جیاوازەکانی کۆمەڵدا بژین. لەنزیکەوە لەگەڵ شادی، خەم، خواست و ئارەزووەکانیان ئاشنا بین.
نووسەر دەبێ شوێنی ژیانی خۆی، شوێنەوار و دەوروبەری خۆی چاک بناسێ. سەفەر بکات، باوەڕ، داب و دەستوور و فەرهەنگی گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵ بناسێت. ئارمانجی چاکنووسینی بێ، نەک چاپکردن. چاپی نووسین گرنگ نییە، گرنگ چاکنووسینە.
نووسەرە گەورەکانی جیهان: مەکسیم گۆرکی، هوارد فاوست، جاک لەندەن و دۆستۆیەڤسکی و.... ژیانێکی بە بەر و شۆرەنگیز و نائاسوودەیان بووە. لە گشت دەروازەیەکیان داوە، سەفەری زۆریان کردووە، تامی زۆری تاڵی و تێکشکاندنەکانیان چەشتووە.
پرسیاریان کردووە: "کەسێ کتێبان زۆر نەخوێنێتەوە ناتوانێ چیرۆک بنووسێ؟"
نەخێر! ئەگەر نووسیشی، کرچ و کاڵ دەبن. ئەوەی کە دەینووسێ وێنەیەکی ڕووکەش و ڕەنگپەڕیوی ژیان دەبێ. وەک تروسکایی ئەستێرەیەکی دوور، ڕووناکی و گەرمیی نابێت. وەک هەتاو ژیان نابەخشێ. ومجاخێکە، بڵێسەی کزی مەگەر تەنیا دڵی خاوەنەکەی گەرم کاتەوە.
خوێندنەوە هۆی کاری نووسەرە. دەبێ ئەم هۆ و ئامێرە کارانە باش بناسێ تا بتوانێ بەباشی بەکاریان بێنێ. لە ژیانی ڕۆژانەشدا ئەمە دروستە. مامۆستایەک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ قوتابییەکانی چاک پەروەردە بکات و چاک دەرز بڵێتەوە، کە ئەزموونی زیاتر بێ... بەنایەکی کارامە، ماوەیەکی زۆر قوڵنگی وەشاندووە، شاگرد بووە، ئەزموونی وە سەریەک ناوە، کاری کردووە. ئەو ئەکتەرە سەرکەوتووە کە جگە لە توانای خۆی، ساڵانێکی زۆر لە ژێر چاودێریی مامۆستای شارەزادا فێربووە، مەشقی زۆری کردووە، خاک و خۆڵی شانۆی هەڵمژیوە و بە تاسەوە ژیانی خۆی بە هونەرەکەی بەخشیوە.
پرسیاریان کردووە، ناوی نووسینەکانی خۆم، ئەوەی چاپکراوە و ئەوەی نیازە چاپی بکەم، ببەم.

چاپکراوەکان:
١- زام.٢- گوڵخاس.٣- منداڵیی من.٤- لەگەڵ منداڵانی دێکەی خۆمان.٥- چیرۆکەکانی «ئاهوودەرە»٦- چرایەک بە لووتکەی «ماین کۆوە».٧- پیاوانی سبەی.٨- داری وشک و باخی پڕ گوڵ (بۆ منداڵان).٩- چەند ئەفسانە لە گوندنشینانی کوردەوە (کۆکراوە).١٠- ئاوازی کێو.١١- یادداشتەکانی مامۆستایەک.١٢- چیرۆک و چیرۆکنووس (بۆ لاوان).١٤- نەمام (پییەس).١٥- مانگ و پەرژین (ماە و پرچین) کۆمەڵێک شیعر.
١٦- سەقز دڵی خوێنینی کوردستان (سقز قلب خونین کردستان) کۆمەڵێک داڕشتن لە منداڵانی سەقزەوە.
١٧- کۆمەڵێک وتاری زۆر لە گۆڤارەکانی ئێراندا دەربارەی چیرۆک یا ڕەخنە لە چیرۆکی چیرۆکنووسەکانی تر.
دەستنووس: سیمرغ: کۆمەڵە چیرۆک ،
دوو ڕۆمان، کە ناوەکانیانم لەیاد چووە، ئەم ڕۆمانانە، لەسەر باروودۆخی ئەم دواییەی کوردستانن، بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

chalakmuhamad@gmail.com



پەیکەری " ڕاوکەر " ، لە دەروازەی سلێمانی دانراوە
بەرزایی ( بە بێ بنکەکەی) : ٣,٢٠ م ، بە بنکەکەیەوە : ٦ م ٠

chalakmuhamad@gmail.com



پەیکەری وێنەگری ڕۆمانی گادگرۆس ، لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ دا لە کەرکووک
لەگەڵ پێشمەرگەدا بوو . لەلایەن ڕێژیمەوە دەستگیر کرا و بە شێوەیەکی دڕندانە شەهید کرا .
پەیکەرەکە بە بنکەکەیەوە یەک مەتر و نیو بەرزە . لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر دانراوە .

chalakmuhamad@gmail.com

# هونەرمەند
# شوان کەمال عەلی



* ساڵی ١٩٦٧ لە سلێمانی ، باشووری کوردستان ، لە دایک بووە .
* پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی لە سلێمانی بە پلەی یەکەم تەواو کردووە و پاشان ئەکادێمیی هونەرە جوانەکانیشی لە بەغدا بە پلەی یەکەم تەواو کردووە و ئێستا مامۆستایە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی .
* بەشداریی کردووە لە کۆمەڵێ پێشانگەدا لە عیراق و لە کوردستان .
* لەم ژمارەیەدا وێنەی هەندێ لە بەرهەمەکانی کاکە شوانی هونەرمەند بڵاودەکەینەوە ، وێڕای وتارێکی سەبارەت هەلومەرجی هونەر لە کوردستاندا و ئەزموونی تایبەتی خۆی .

chalakmuhamad@gmail.com

# هونەر
# لە كوردستانی
# ئەمڕۆدا

شــوان كەمال عەلی

ئەگەرچی دانانی پێناسەیەكی ڕێك و ڕەوان بۆ هونەر ئاسان نییە ، بەڵام ئەگەر بە هەستی خۆڕسكیش بێت ، لای هەمووان ئاشكرایە هونەر چییە و بە چی ئەوترێ هونەر . هەر كارێك بەسوود و جوان بێت و خزمەتی مرۆڤایەتی بكا ئەوە هونەرە ، هەرچەندە لەم سەدەیەی دواییدا هەندێ ڕێبازی هونەری پەیدا بووە كە هیچ خزمەتی مرۆڤایەتی ناكا و تەنها هەندێ هەڵچوونی ویژدانی هونەرمەند پێشان ئەدات و بە هونەریش لە قەڵەم ئەدرێت .

هونەر كارێكی گەورەی لەسەر مێژوو و شارستانێتیی مرۆڤایەتی هەیە و ئەتوانین بڵێین یەكێكە لە كۆڵەكە ئەستوورەكانی مێژوو. مرۆڤ هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە كاتێك لە ئەشكەوتا ئەژیا ، لە كاتی حەوانەوەیدا بە هونەر ئاشنا بووە و هەندێ لە (انفعالات) ی ناوەوەی خۆی و بیروباوەڕی بە وێنە لەسەر دیواری ئەشكەوتەكەیا بۆ بە جێ هێشتووین .

هونەری پەیكەرسازی ـ شان بە شانی هونەرەكانی تر- ڕۆڵی خۆی بینیوە و بگرە زیاتریش لەوان خزمەتی فكر و شارستانێتیی كردووە ، ئەویش بە هۆی تەمەندرێژیی پەیكەرەوە بووە ، چونكە ئەو ماددانەی كە پەیكەریان لێ دروست ئەكرێت وەك برونز و چیمەنتۆ و دار و بەرد ، توانستی مانەوەیان زۆرە. هەر هونەری پەیكەرسازییە كە شارستانێتیی میسرییە كۆنەكان و عیراقــی كۆن

( شارستانێتیی وڵاتی نێوان دوو زەریا) و گریك شارستانێتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە فەوتان پاراستووە و بە هۆی پەیكەرەكانیانەوە ئێمە لە فكر و داب و نەریتیان تێدەگەین .

هونــەری پەیكەرســازیی كوردیــش لەم وڵاتانـــە دوانەكەوتووە و هەرچەندە بەڵگەی وا بەهێزمان پێ نییە كە پیاو زۆر پشتی پێ ببەستێ ، بەڵام پاشماوە پەیكەرەكانی قۆپیی قەراغ و پەیكەری (نرام سنگ) و هەندێ پاشماوەی شوێنەواری كۆن ئەمانە ئەسەلمێنن . ئەوەی گرنگ بێ لای من هونەری پەیكەرسازیی ئەمڕۆی كوردستانە و ئەمەوێ باسی لێوە بكەم .

هونەری پەیكەرسازیی كوردی گەلێك ساوایە و تازە پێ ئەگات و هیچ شتێكی وامان بە دەستەوە نییە كە بڵێین خاوەنی مێژووی هونەریین. بۆ نموونە ئەوروپا ئەتوانن قۆناغ بە قۆناغی هونەرییان بناسن و هونەرمەندەكانیشیان ژیانیان ئاشكرایە ، وەك هونەری ڕێنیسانس و هونەری ڕۆكۆكۆ و بارۆكۆ و ڕۆمانتیكی و هونەری سەدەی بیست هەمووی ڕوون و ئاشكرایە. بەڵام ئێمە ئەوانەمان دیار نییە . ئەوەی ڕاستی بێت هونەری كوردیی ئەكادیمی لە كوردستاندا لە هەشتاكانەوە پەرەی سەندووە ، ئەویش بە كردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەكان و هەوڵی هەندێ مامۆستای دڵسۆز. ئەوەی شایانی باس بێت دوو هونەرمەندی پەیكەرساز ڕۆڵی خۆیان لەم بووارەدا بینیوە ؛ ئەویش پەیكەرتاشی ناسراو (دارا حەمەسەعی ) و ( كۆسرەت جەمال) ن ، كە ئەمەی دووەمیان لە هەندەرانە و دەنگوباسی كاری هونەریی نییە .

ئێستا لە كوردستانی ئازاددا گەلێك پەیكەر دانراون ، كە زۆربەیان هی سالآنی دوای هەشتاكانە ، هەندێكیان نەبێ لە دوای ڕاپەڕینەوە دروست كراون . بێجگە لە پەیكەری حاجی قادری كۆیی كە هونەرمەند ( خالد الرحال) دروستی كردووە ، هەموو پەیكەرەكان بە دەستی پەیكەرسازی كورد دروست كراون . دیارە لە ناو ئەم بەرهەمانەشدا كاری لاوازی وا هەن كە

chalakmuhamad@gmail.com



" باز " : لەسەر پەیکەری شەهیدانی چیمەن لە فلکەی خانەقا دانراوە .

پێویستی نەئەکرد لەسەر فلکە و شەقامەکان دابنرێن ، چونکە لە ئاستی هونەری پەیکەرسازیی کوردی دابەزاندووە.

من خۆیشم یەکێکم لەوانەی کە لە دوای راپەرینەوە هەندێ کارم ئەنجام داوە و دەمەوێ لەم وتارەمدا چەند شتێک باس بکەم و هەڵویستی بەرەی کوردستانی روون بکەمەوە. ژیانی هونەریم دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکان ، کاتێک لە پەیمانگا خوێندکار بووم و ساڵی ١٩٨٧ بە پلەی یەکەم تەواوم کرد و ئەمجا لە ئەکادێمیای هونەرە جوانەکان وەرگیرام ، کە بەراستی خەست بوونەوەی لایەنی تەکنیک و بابەتیش لای من لەوێوە دەستی پێ کرد. هەر لە ئەکادێمیش فێری دارشتنی برۆنز بووم و بەشداریی هەندێ پێشانگەی جیهانیم کرد و هەندێ خەڵاتم بە دەست هێنا ، وەک خەڵاتی رۆژی هونەر ، بە کارێک بە ناونیشانی ( ریلیفی پانتۆڵەکە ) .

ئەو کارانەی بە هاوکاریی هونەرمەندی جوانەمەرگ ( کۆسار ئەحمەد) لە کوردستاندا ئەنجامم داون ئەمانەن : پەیکەری تۆفیقی کارەبا و حەمەسەعیدی ئەندازیار و پەیکەری بارزانیی نەمر و پێشمەرگەی نەناسراو . لەم دواییانەشدا پەیکەری شەهیدانی چیمەنم لە فلکەی خانەقا دروست کرد. ئێستاش خەریکی دروستکردنی پەیکەری ( شێخ مەحموودی نەمر) ین لەگەڵ هونەرمەندی ناسراو دارا حەمەسەعیدا.

ئەو پەیکەرانەی کە دروستم کردوون هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ دوای راپەرین ، واتە لە سەردەمی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی و حوکوومەتی هەرێمی

chalakmuhamad@gmail.com

کوردستاندا ، بەڵام بەداخەوە کە هیچ هەڵوێستێکی دڵخۆشکەرەیان نەبووە بەرامبەرمان وامان لێ بکات کاری تازە و نوێ ئەنجام بدەین ، یان بیر لە پرۆژەی تازە بکەینەوە ، بگرە لە زۆر کاتا وام لـێ هاتووە کە هەر وازبێنم .



لە دروست کردنی پەیکەری ( بارزانی) دا کە نزیکەی سـێ مانگ من و کاک کۆساری جوانەمەرگ کارمان تیا کرد ، کە کاری پەیکەرسازی پێویستی بە هیلاکی و سەبرێکی زۆر هەیە ، بەتایبەتی لە کوردستاندا کە هیچ شتێک یارمەتیی هونەرمەند نادات ، پەیکەرەکەمان بە سەرکەوتوویی تەواو کر د ، کە تا ئێستا پەیکەری وا لە کوردستاندا دروست نەکراوە . بەڵام بەداخەوە لقی چواری پارتی هیچ تەقدیرێکی کاک کۆسار و منیان نەکرد ، چ لە ڕووی مەعنەوی و چ لە ڕووی ماددییەوە بێت . ئەوەش کارێکی گەورەی کردە سەر لایەنی دەروونیی هەردوومان .

پەیکەری پێشمەرگەی نەناسراو ماکێتێکی بچووکم بۆ درووست کرد ، نزیکەی ساڵێک هاتوچۆی هەموو بەرەی کوردستانیم کرد بۆ کۆمەک و یارمەتی ، بەڵام بەداخەوە کە هیچیان یارمەتییان نەدام . لە کارەکە سارد بوومەوە، بەڵام یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان مەبلەغێک پارەیان بۆ دابین کردم کە بەشی چواریەکی کەرەستەکانیشی نەکرد. هەرچۆنێک بێت لەگەڵ کاک کۆسار قاڵبمان بۆ کرد ، بەڵام لەبەر کەمدەرامەتی مایەوە هەتا کارەساتە دڵتەزێنەکەی ( کۆسار) ی جوانەمەرگ ، وتم هەرچۆنێک بێ تەواوی دەکەم و ناچار ڕووم کردەوە بەرەی کوردستانی ، بەڵام بەداخەوە هیچیان ئامادەیی خۆیان دەرنەبڕی . لقی چوار وتیان کارەکە تەواو بکە ئێمە مەسرەفی دەکەین . هەرچۆنێک بێت کارەکەم بە قەرز تەواو کرد ، بەڵام هەتا ئێستاش لقی چوار پارەکەی بە تەواوی نەداومەتەوە و سەرەڕای ئەوەش پیاوخراپ کراین .

ئەوەیە هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان لە هونەر . لە کاتێکدا بۆ هەندێ کار پارەی خەیاڵی سەرف دەکەن ، بۆ هەندێ پەیکەری نەشیاو و ناشیرین پارەی چاک دەدەن ، چونکە پەیکەرسازەکە ئەندامی لای خۆیانە. ئێمە بۆ گوێ بدەینە بیری حیزبایەتیی تەسک ، بۆ هەوڵ نەدەین کە ئەوەی زیاتر خزمەت دەکات تەقدیری بکەین ؟! ئەوە تەقدیری هونەرمەندێک بوو کە سەری بۆ خانوو و سەیارەی ڕژێم دانەنەواند . لە کاتێکدا کە خوێندکاری دوا پلەی ئەکادیمی بووم لە بەغدا، لە ( وزارة التعليم العالى والبحث العلمى) یەوە بانگیان کردم و پێیان وتم ئەگەر نەڕۆیتەوە بۆ کوردستان چیت دەوێ بۆت دەکەین ، چونکە ئەوان توانستی منیان لە پەیکەرسازیدا دەزانی ، بەڵام بەرەی کوردستانی و حوکوومەتی هەرێم توانستی ئێمە پێشێل دەکەن ، کە ئێمە ڕۆڵەی خۆیانین و بە خوێنی برا و کەسوکارمان کوردستانمان ئازاد کرد.

وا دیارە لە وڵاتی ئێمەدا هونەر و ڕۆشنبیری پارە ناکا و هەمووی خۆ ماندووکردنە و پاشەڕۆژی نییە ، هێنانی بڕوانامە و فێربوونی زانست هەر سەرێشە بۆ خاوەنەکەی دروست دەکات . دواڕۆژی ڕووناک لە قاچاخچێتی و دۆلار گۆڕینەوەدایە ؛ هەتا لە کیسمان نەچووە ، وا چاکە ڕووبکەینە بازاڕی دۆلارەکە و لەوێ بە دوای پاشەڕۆژی خۆمانا بگەڕێین .

chalakmuhamad@gmail.com

# بەیادی عەلی عەبدولڕەحمان

ڕۆژی ٢٠-١-١٩٩٤ لە شاری باکۆی پێتەختی کۆماری ئازەربایجان ، نووسەری گەورەی کورد مامۆستا عەلی عەبدولڕەحمان لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد . عەلی عەبدولڕەحمان یەکێک بوو لە چیرۆکنووس و شاعیرە ناودار و چالاک و دڵسۆزەکانی کوردی سۆڤێتی جاران.



عەلی عەبدولڕەحمان لە ٢٩-١-١٩٢٠، لە گوندی ( بەیرەک ) ی ناوچەی وان ، لە ماڵێکی کۆچەردا لە دایک بووە . هێشتا شەش ساڵان بوو کە ماڵی بابی ، وێڕای ٤٥٠٠ کەسی خێلی برووکا لە دەست زوڵم و زۆری تورک و ئێران ناچار بوون دەست بدەنە چەک و ساڵی ١٩٢٦ پەنایان بردە بەر یەکێتیی سۆڤێت . دوای تەواوکردنی خوێندنگەی مامۆستایان ماوەیەک دەبێتە مامۆستای زمانی کوردی لە گوندەکانی مووساکەند و عەمۆی ئەرمەنستان . لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا عەلی عەبدولڕەحمان وەک پارتیزانێک بەشداری دەکات و لە پشت بەرەکانی شەڕەوە گورزی گران و کوژندە لە دوژمن دەوەشێنێ . کە شەڕیش تەواو دەبێ دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی و دەبێتەوە بە مامۆستا. پاشان گەلێ کاری دیکەش تاقی دەکاتەوە. کە ساڵی ١٩٥٥پارتی کۆمونیستی ئەرمەنستان بڕیار دەدا سەرلەنوێ ئۆرگانی کوردیزمانی خۆی ( ڕیا تەزە ) دەربکاتەوە، عەلی لەو ڕۆژنامەیە دادەمەزرێ . بێجگە لە کاری ڕۆژنامەگەری عەلی عەبدولڕەحمان نووسەرێکی چالاک و بەرهەمدار بوو .

دوای لە ناوچوونی ڕژێمی کۆمونیستی ، کاربەدەستانی کۆماری ئەرمەنستان نزیکەی بیستهەزار کوردی موسوڵمانیان لە ئەرمەنستان دەرکرد و ئاوارەی کۆمارەکانی دیکە کران . عەلی عەبدولڕەحمان یەکێک بوو لەو کوردانە و ناچار بوو بچێ لە ئازەربایجان بژی .

عەلی عەبدولڕەحمان چیرۆکنووس و شاعیریش بوو. لە ماوەی ژیانیدا ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردۆتەوە :

خاتێ خانم ( کۆمەڵە چیرۆک) ١٩٥٩ ؛ دێ (شیعر) ١٩٦٥ ؛ گوندێ مێرخاسان ( ڕۆمان ) ١٩٦٨ ؛ گولستان ( شیعر) ١٩٧٤ ؛ بیرانین و سەرهاتی ( بیرەوەری و چیرۆک ) ١٩٧٩ ؛ حەسرەتا من ( شیعر) ١٩٨٣ ؛ شەڕ چیادا ( ڕۆمان) ١٩٨٩.

هەروەها کۆمەڵە شیعر و چیرۆکی " هشیاربوون" ی لە ئازەرییەوە کردووە بە کوردی و کۆمەڵێ لە شیعرەکانی خۆی کردووە بە ئازەری و بە ناوی " حزکرن" بڵاوی کردۆتەوە.

بە کۆچی عەلی عەبدولڕەحمان گەلی کورد ڕووناکبیرێکی دڵسۆز و نووسەرێکی دەسترەنگین و لێهاتووی لە دەست دا .

chalakmuhamad@gmail.com

## حەسرەتا من

ئەڤا راست شێست دو سالن
حەسرەتا تەمە،
قوربانا باهار، هاڤین،
زڤستانا تەمە.

ئەزێ بقمە رێ و درب،
دەلاڤ و پرا،
خێنژی نەپاکا،
گشک سەرڕا دابهورە.

قومستانا کو تمێ
لێ باو باگەر بوو،
مەسکەنێ کول ـ دەردا
و تربێ شەهیدا بوو.

نها بوویە زەڤی، باغ، رەز،
ئازا گولستان،
دنیا تەمام
وێرا دبێژە ـ شێورستان.

ئا ئەز دخازم
هوون ژی راڤنە سەر خوە،
کولی کورد، عەشیر،
بۆنا ئازایا خوە،
چێکن وەلاتەکە ئوسا
گولستان،
بلا تێدا تونەبن
زولمکارێ بەیانی...
١٩٨٢

## هەژارم

گەلۆ دنیالکێدا
هەیە مەری
دمرد لێ نەڤن بەر
و خوبەرێ نەگری؟

بەلێ، ژ وان ژی یەک ـ
ئەز تەنگەزارم،
بۆی کوردستانێ
شەڤ و رۆژا دنالم.

رۆما رەشە دەڤخوون
کوردستانا دەلال
ب قورنا وێران کر
هم برج، هم کۆچک، هم مال.

لێ پاشێ ئیرانێ
جومهوریەتا کوردا
کافکوون کر،
کرە مەسکەنا کول ـ دەردا.

نها ژی، ڤێ دەمێ
کوردستانا مندا
کورد بێ ئەختیارن
تەمام پێدا.

گەلۆ ئەڤ یەکا
ئینساف، مورووەتە؟
دەجالێ دەڤخوون
کۆکا وان دبرە...
ئاخر، وان وەلاتادا
کورد بیست میلیۆنن
جیێ کال و باڤا،
مەسکەنێ جندیانن

وان ور گەلەک
شەهید دەفنکرنە،
سالێ جارەکێ دچن
سەر تربا وانە.

کوردا خوون رێتیە
وەلات چێکریە، رساسی،
هەر دەرا ناڤ
قازانج کریە مێرخاسی.

گەر کورد ژی نەڤێژن،
تەریق شەعدەیە،
دژمن وەلات وێران کر
بۆی کارا خویە.

گولستانا مەدا

chalakmuhamad@gmail.com

سۆڤەکارییێ دکن
گەلەک دمجالێ
وەلاتێ دمرەکە...

مەرڤێ دنیایێ،
وەرنە کۆمەکێ،
هەڤیێ بنهێرن،
مێژەکن دەمەکێ،

ئاخر، کورد ئەولەدە،
کوردستانا مەدا،
و ئەم لاوێ کوردا
بوونە دەنگبێژێ وێ...
لالقم، بێ مال: حالڤم
ئەولەد من تونەڤە،
ل رووبارێ دنێ
بلا وەتەنێم هەڤە.

عومرێم بلا
خەزەڤە ل چۆلێ
رەور گۆشتێم بوخە،
ئەزێ بێژم ـ بەلێ...

من داردکن
داراغاجێدا
و مەیتێم باڤە
فەکا بێدا،
ئەزێ بێژم
ناڤ هەوێدا:
ـ وەتەن،
وەتەن
و
دیسا
وەتەن!

١٩٨١

عەلی ـ یێ عەڤدلرەحمان

# خاتێ خانم

(بەشێکە لە چیرۆکێکی درێژ)

قەزا دێرسمێ ناڤا کوردستانێدا قەزاکە مەزنە. تێ بێژی تەبیەتێ قەستەنە دۆرا وێ قەزایێ حەسارێد چیایە هەڤراگرێدایی خولقاندنە. چیایێد مترووریێ و مرجانێ تمێ ب کراسێ سپی هاتنە وەرگرتنێ، سلسلێد چیایێد مازاکێرتێ، نازیمە، پلیوومەرێ، ئۆڤاچووکێ، کەماخێ، ئەگنێ تێ بێژی ب زنجیرێد کۆتانێ هاتنە هوونانێ. تێ بێژی تەبیەتێ قەستەنە ئەو زنجیر قەتاندییە و تەنێ چەند جیبا ئیمکانێ ددە رێوییا، وەکی ژ قەزاکە ماین بێنە وێ قەزایێ. ئاوا، سەبا وێ یەکێ ژی کورد ژێرا دبێژن دەرگێ کوردستانێ، یانێ ژی دەرگێ زێڤ.
قەزا دێرسمێدا حەزاری زێدەتر گوندێ کوردا هەنە. وان گوندادا وەکە ١٣٨ قەبیلێ (عەشیرەتێ) کوردا هەنە، ئێد هەرە مەزن و تاجێ کوردێ دێرسمێ قەبیلێدا زازا، کیکا، مللا، مردیسیا و شکاکانە. تەڤگرێدانا وان قەبیلا تاریق ددە ئیزباتکرنێ، وەکی ژ پۆلایی مەحکەمترە. درێژن، کو چقا ئۆردیێد دژمنایە، کۆژ رۆهلاتێ و رۆئاڤایێ هاتنە سەر کوردستانێ، وانارا ل هەڤ نەهاتییە، وەکی پیێ خوە باڤیتانا دێرسمێ، چاوا برا، پاشنا بنەلی پێدا خوە سەکنیبوون، چقا ـ چقا لاشێد دژمنا ل وان چیا مانە و بوونە خورێ تەیرتوویا و دەعبا. جمعەتا کوردا چقا ـ چقا کلام ئاڤیتنە سەر قەهرەمانێد خوە، لێ مێرخاسێ ئوسا نە یەک و دودونە- تەمامییا جمعەتا کوردە.
ئۆه، چقا خوەشە باهار، هاڤین، پاییز و زڤستانا قەزا دێرسمێ. خووت جەنەتە... وەختا باهار ل کوردستانا دێرسمێ ڤە دبە ـ چیا، مێشە، گەلی، راست و بەرپال کراسێ هێشینی مەخمەری ل خوە دکن و دکمکمە. وەختێ ژ وی کراسی گول، سۆسن، پێخەک، بەیبوون، کولیلکێد ئاوازی سەرێ خوە ژ خەوێ بلند دکن، ب هێوا بێرا دکەڤنە رەقاسێ. ئیدی نابێژم ئاڤا کانیا، چەعڤکانییا، ئاڤا بەرفییە ژ چیایێد بلند هاتی تەقهەڤ دبن، دخولخولن، چڤانا ددنە خوە، بەر ب نزمایا دکشن. مەرڤ حەوەس-حزمەتکارە لەزەکی جەم وانا روونێ، دەنگێ سازبەندییا وانە ئاواز-ئاوازێ بیهێ. ئاوا چتۆ جییە دەرگێ کوردستانێ، وارێ کوردێ دێرسمێ...
لێ وەکی زمان تێکەڤە دەڤێ وان چیا و کانییا، ئەوێ گەلەک تشتی قسەکن، لێ حەیف... وەختێ مەرڤ ب دلێ سافی و سدقێ تەمز ل وانا دنهێرە زەعف زەلال تێ کفشێ، وان چقا قورنێد زۆر دەربازکرنە و چقاسی هاتنە بریندار کرنێ ژ دەستێ زەفتچی یێد رۆمێ. ئەو سفەتێ وانی مە دەکری تێ بێژی شەعدەتییا حەموو تشتی ددن... تێ قەی بێژی ستوییێ وانی خارە و شەعدەتیێ ددن، وەکی خوونا جمعەتا کوردا مینا چەم-کانی یێد وێ کشیانە. بەر هەر کەڤرەکی وان لاوێد کوردا خوەرا قەلەچە چێکرنە، دژمن کوشتنە و هاتنە کوشتنێ. لێ حەساب یەکە، وانا کوردستانا خوە ژ دەستێ خوە بەرنەدانە و حەتا نهازی ئەو قەزا تێ ناڤکرنێ دێرسما کوردا، دەرگێ کوردستانێ یێ زێڤ. تاریقا دێرسما کوردستانییە پر قورنا هەیە، کیژان فەرح ددە کفشێ شەرکارییا ملەتێ کورد بۆنا خوەیکرنا وەتانێ خوە.
چیایێ ئێگنێ ژ سلسلێد دێرسمێیە هەرە پاشراخستنە. ئەوی پێشێد خوە هم بەر

chalakmuhamad@gmail.com



ب رۆهلاتێ، هم ژێ بەر ب رۆئافایێ مینا کولافێ خورستانی راختییە. لێ پێشا رۆهلاتێ چقا بەرژێر دچە، ئاقاسی ڤە دبە و دبە مەیدانا فرە، یا هەسپێ عەرەبستانییە کحێلە کراسکری. راستە، رۆهلاتێد ئاڤێد کانییا و چەعڤکانییا مینا مەعرا دوورڤا دبرقن، زۆردا دشوولکن بەر ب راستا تێن. ئاوا، سەبا وێ یەکێ ژی ئەوی ئالی خەملا دارا مەرختییە هەرتمی ئاڤێتییە سەر خوە.

ل بەرەکا چییا، ناڤ مێشێ سخە پرسالەیی مەزندا سەر دارێ گووزا، هورمێیا، سێڤا، بادەما، زوغالییە بایانی و دارێد بیێ، قەلەما، مەرخێ، قەرەئاغاجا، شیلانا، چامێ، بلبل، تەیر، چڤیک، پەپووک، گوگەرچین، تەیرێدە و تەرەولێد مایین دەنگ ددنە هەڤدو مەرڤ حەوەس-حزمەتکارە خێلەکە خورت روونێ، سازبەندییا وانە شاپوور-بلبلێ ببهە. ئەوی دەنگی و هەوا تەمز چقا رێوی، شڤان و بەرخوان مەجبوور دکە، وەکی هنەکی روونێن، بینا خوە بستینن و هێسابن.

هەما ل بناتاراوی مێشەیی، ل راستا پەرکولیلکێ ئاوازێدا گوندەکی مەزن لێ دانیبوو. ناڤێ وی گوندی سنجان بوو، کێژان باغ و رەزاڤا مینا بووکا کوردایە ب خێلی هاتبوو خەملاندنێ. وی گوندیدا ل سەر ملێ راستێ خان و مانێ تێمووریێ عەلی بوو.

مالا تێمووریێ عەلی یێ ئێسا ناڤا عەشیرەتا کوردایە قەزا دێرسمێدا مالەکە هەرە مەرڤحز بوو. راستە، ئەو ئالییێ هەبوونێدا کەسیب نیبوو، لێ دەولەتی ژی نیبوو، خودانێ کەدا خوە بوو. بەرا عەلی ئێسا ناڤا ئێلێدا نە کو پر بوو، لێ زۆر بوو ژی. کورەکی عەلی هەبوو، ناڤێ وی تێموور بوو. تێموور مینا باڤێ تو فرقی و جوداتی دانەدانی ناڤا مەرڤادا. ئەوی گەلەکی ژ کەسیبا حز دکر. ئەگەر ئاغاکی یانێ ژی بەگەکی هەقێ رێنجبەرا تەمام نەددە، دچوونە جەم وی شکیات دکردن. تێموور ئەلبێرا ب وانارا دکەتە دەعوە و دۆزێ، حەتا شوخولێ ئەوی کەسیبی دووز نەکرا، دەست ژ وی ئاغایی نەدکشاند. تێموور نە کو سنجانێدا عەیان بوو، لێ ناڤێ وی ناڤا کەسیبێ قەزا دێرسمێدا بەلا بووبوو. کەسیبا ژ وی حزدکرن، لێ ئاغا گەلەک جارا خاستبوون، وەکی تێموور بدنە کوشتنێ، لێ ئەو یەک وانارا ل هەڤ نەدهات، تێموور ئوسا ژی ل دەولەتا رۆمێ خوەش نەدهات.

تێموور مێرەکی زەعف ئاقل و فێرز بوو. مالا مێر نەشەوتە، چتۆ مێر بوو... بەژنە هۆلی تارهانێ بلند ناملە پەن دەڤروو زراف، سمێلە رەشە قەیتانی، کۆلۆزێ وی بە شەعر و شەماقیاڤا نەقشاندی. رێشیێد دەزمالایە ئاواز دکەتنە سەر عەینیا کەڤەر، مەرڤ حزمەکار بوو لە بەژن-بالا وی بنهێرییا. چقا-چقا قێز بۆنا وێ بەژن بالا وی ب ئەڤینتی شەوتینە. نێچیرڤانەکی سەقەت بوو، گوللا وی یەک نەدبوو دودا.

چقا کال و باڤێ تێموور و ئوسا ژی تێموور هەتا کوتاسیا عەمری خوە بۆنا نەبندەستییا کوردێد دێرسمێ مقابلی دەولەتا رۆمێ ب مێرخاسی شەرکرنە. ب سەرکارییا تێموور عەشیرەتا کوردێ دێرسمێ چەند-چەند جارا ئالایێد رۆمێ توورتووری کربوون، لێ دیسا جی و مسکەنێ خوە دەستێ وانڤا بەرنەدابوون. ئاوا، سەبا ڤێ یەکێ ژی دەولەتا رۆمێ ژ تێموور حز نەدکر، دخاست هەرتم ئەوی ژ کوردا بقەتینە، یانێ سرگوونیکە، یانێ ژی بکوژە، وەکی بکاربە کوردێ دێرسمێ بینە سەر قانوونێ، ومختێدا خەرج و خەراجێ خوە ژ ناڤا جمعەتێ بەرەڤکە، لێ ئەڤا یەکا دەولەتا رۆمێرا لێ هەڤ نەدهات. چەند جارا، ومختا تێموور زۆر ل ملازمتییا دێرسمێ دکر، ژ ئالیێ پادشێ رۆمێدا قەستەنە عەفووکرن ددنە وی، لێ ئەوێ درێژ نەدکشاند، ئەو دگرتن سرگوونی ئینچەری-یێ دکرن، دزێراندن. رۆم ژ تەڤرابوونا جمعەتا کوردێ دێرسمێ دترسیا، وەکی تێموور بکوشتا، جمکی وەکیلێد عەشیرەتێ قە نەبوونا حەفتێ جارەکێ دودا دچوونە دیتنا تێموور، لەما ژی نەوێربوون ئەو مەعفووکرنا.

تێموور عەمرێ خوەیی پاییێر دەعو-دۆزادا، سرگوونییێدا

chalakmuhamad@gmail.com

بۆنا جمعەتا خوە دربازکربوون. ئیدی خوە نەددا دەستێ دەولەتا رۆمێ. لێ دیسا را تەڤدیر، شێور و شیرەتا عەشیرەتا دەستێ ویدا بوو.

تێموور هەرتم شیرەت ل کورێ خوەیی ١٠-١٢ سالی دکر، وەکی ئەو مەزن بە و مینا کال و باڤێ خوە، خوونا خوە بدە بۆنا نەبندەستییا کوردا. سولتان زارەکە ژیرە سالح بوو. سوورەتی - سۆربۆری- کوریژکی، لێڤە سۆرک، درانە-مرجانی و بەژنێدا بلند بوو. باڤێ هەلا زاروتییا ویدا ئەو هینی گوللە ئاگرکرنێ، رێ و دربا دکر. وەختێ سولتان نیشانا خوە نکا بوو لێخستا، باڤێ وی ب دەڤ و لێڤێد خوەیە شەکری دکەنییا و دگۆت: "نزانم، خاتێ خانم تو ژ کێ گرتی، تویی نە ژ دۆلا مەیی" دکەنییا، دیسا نەعتکا سولتان رادمووسا. وەختێ سولتان ئەڤ گلییا دبهیستن، خوەدا درج-قچی، دکەلییا و دلێ خوەدا هێرس دبوو، ئیدی چقاس گوللە داڤیت، ل نیشانێ نەدخست. وی چاخی تێموور بن سمێلادا فەدبەشری. تێموور سولتان هینی جریدێ، نێچیرێ دکر و جارجارا ئەو ب خوەرا دبر ناڤا ئێلێ دگەراند، وەکی ئەو نهادا هەر تشت هینبە.

سولتانێ تێموور ئیدی مەزن بوو بوو، هەر رێ ڤە دبژارت، بووبوو دار و پشتا جمعەتا دێرسمێ و باڤێ خوە. وی ژی نۆلی کال و باڤێ خوە خوونا خوە بۆنا خوەیکرنا کوردا ددا. کولفەتێ تێموور ئاقاسی نە گران بوو -کولفەتا وی خاتێ خانم، کورێ وی سولتان و بووکا وی زەینێ بوون.

عەمردا تێموور نێزیکی پێنجی سالی بوو. ژ زێراندنا رۆمێ ئەو هەی نەخاش دکەت، هەی قەنج دبوو، لێ حەساب یەک بوو، رۆژەکە مەها گولانێ نەخوەشیێ ئەو زەفتکر... ل عەشیرەتا دێرسمێیە کورد بوو هەیدادە، گرەگرێد ئێلێ ناڤا وەعدەکی کندا ل مالا تێموور هازر بوون و ئوسا ژی، ئەمین پاشایێ خزمێ وی، سەڤا گەڤەزەتییێ هاتبوو، وەکی جابێ بدە وەلاتییا دێرسمێ، کو تێمووری عەلییێ سنجانی دمرە. تێموور کەتبوو بەر نەعزرا مرنێ، جارجارا ومختا ئەوی چەعڤێ خوە ڤەدکر، ل جمعەتێ دنهێری، شکربوونا خوە ل جمعەتێ دانی و دگۆت شکر ڤێ رۆژێرا و حەزار شکر، وەکی جمعەتا من ب مێرخاسی مقابلی رۆمێ شەرکر و مە کەلەمێ خوە پشتا دژمندا نکاندییە، نە کو وانا پشتا مەدا...

تێموور گەلەکی بەتحال بوو، لێ ئەوی چەعڤێ خوە ڤەکربوو و جمعەتا دۆرا خوە دنهێرێ، بەشەرا وی خوەش دبوو، گازی رووسپییێ ئێلا مللا، موستەفایێ رووسپی و حەلالا خوە، خاتێ خانمێ کر. ئەوی قەوەتا خوەیە پاشن بەرهڤکر و گۆت: "من دەرخنە دەرڤا، ئەز ب چەعڤێ خوە جارا پاشن چیا، مێشە، گەلی و قەلەچێد کوردایە مێرخاس ببینم، من دیسا ببنە هوندور." موستەفا و خاتێ هەر یەک کەتە بن ملەکی وی و ئەو دەرخستنە دەرڤا. ئەوی ب چەعڤێد خوەیە مێرخاس دێرسما کوردا مێزە و راچەعڤکر، گۆتە خاتێ خانمێ:

- خوە رۆمێ دیسا حجوومی سەر مە نەکرییە؟...

- ناخێر، لاپ ئارخایین بە...

- دە، وەکی ئوسانە، شکر... سەرێ من دێشە، زوو بکن من ببنە مال، چ کو من وەختێ جاهلتییا خوەدا دیتبوو، ناڤا چەند دەقیقێ، کو من دەرڤا ل وەلاتێ کوردایی شیرن مێزەکر، گشک نها بەر چەعڤێ منرا تێن و دچن، تێنە بیرا من... ئاخ جاهلتی... ئاخ کوردستانا کوردا، دە ب خاترێ تە.

تێموور ئانینە مال، کرن ناڤا ئۆرخان و دۆشەکێ قووشتووکی. چەند بەعلگێد روو مەخمەری دانە بەر پالا وی، ئەوی دیسا جمعەتێ نهێری و گشکا گەلەتر دینا وی خاتێ خانمێ بوو، تەیێ قەی بگۆتا ئەو دخازە گلیێد خوەیە پاشنە گولسۆسن سەر وێدا ببارینە، تەمی یێد خوەیە پاشن ژێرا قسەکە، ل وێ حەلالکە تەنگاسی و تەعلیێد، کو تەڤ کشاندبوون. پاشێ تێموور سەرێ خوە بلندکر، ب دەنگەکی مەلوول گازی سولتانێ کورێ خوە کر و گۆت:

- سولتان، رۆنایا من، ئەزێ بمرم. وەسیەتا من ل تە ئەوە، وەکی تو کۆلۆسێ باڤێ خوە بلند بگری، پشتا جمعەتێ بسەکنی. ئوسا بکە، وەکی ناڤا جمعەتا مەدا حورمەت و سیانەت دەست بینی. بۆنا وان مقابلی زولمکارا شەڕ بکە. ئوسا بکە، وەکی وەلیتی زولمێ ل جمعەت نەکە. بۆنا میاسەرکرنا هەر وەسیەتەکە من شێورێ ژ دیا خوە هلدە. دوو ڤێ گۆتنا خوەرا مینا چراکێ ئەمرێ تێموور ڤێسییا.

رۆژترا پاشن ب عەدەتێ کوردا ئێلێ کوردایە کیکا، مللا، مردێسییا و زازا ئەو دەفنکرن.

chalakmuhamad@gmail.com

# کتێبخانەی مامۆستای کورد

هەر بەرهەمێک ( کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە) بە دیاری بۆ ئەم گۆڤارە نەنێردرابێ ، بە ئەرکی خۆمانی نازانین لەم بەشەدا تۆماری بکەین .

## کتێب

* ڕەفیق فایەق : مریەم ( کورتە چیرۆک) ، بنکەی چاپەمەنیی سارا ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣، ٤٦ ل .

* جعفر مايي : كردستان والخيار الفدرالي (دراسة سياسية تحليلية)، الطبعة الأولى ، اپيک ، ستوكهلم ١٩٩٣.

* محمد هنداوي : هكذا (شعر) ، منشورات الشركة العربية للنشر والتوزيع ، الطبعة الاولى ١٩٩٣، ٩٨ ص .

* سلێمان قاسمیانی : تۆفان ( شیعر) ، چاپخانەی هانا ، سوێد ، مانگی ٩ ی ١٩٩٣، ٧١ ل.

* ســـــروە: ڕەزبەر ( پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ قۆناغی دووهەم و سێهەم )، وێنە : ساڵح ڕەشید ساڵح ، دەزگای کاروباری خوێندنگەکانی سوێد ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ١٠٢ ل .

* هەسەن سلێڤانی : هۆزانێن ساڤا ( شیعر ١٩٨١- ١٩٩١) ، کوردستان ١٩٩٣، ٤٨ ل .

* خالید خالید کۆچی : بەرێ خوە دانەک د کارێت نەتەباییێن پرسا کوردی وو پێدڤیاتیێن نوهە ( لێکۆڵینەوەی سیاسی ) ، وەرگەر : ژ ئەرەبی بۆ کوردی : جەعفەر مایی ، وەرگێر: بۆ تیپێن لاتینی ئابدولواهید باقی ، چاپا یەکەم ب کوردی ، ئاپێک ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ٨٠ ل .

* جمال رشيد احمد: لقاء الاسلاف ، الكرد واللان في بلاد الباب و شروان ، رياض الريس للكتب والنشر ، لندن ١٩٩٤ ، ٢٨١ ص .

* سەبری بۆتانی : دەنگێ مەتین وو جوودی ( شیعر) ، دیوانا - ٣ ، ئاپێک ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣ ، ٩٦ ل .

* زنار سۆران ( ئامادەکار): گوری، چیرۆک وو سەرپێهاتیێن کوردی، ئاپێک ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣، ٦٠ ل.

* فاروق حەفید ( نووسین و کۆکردنەوە) : مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی کورد لە باشووری کوردستاندا ، ئاپێک ١٩٩٣ ، ٢٧٢ ل .

* برزۆ عەلی هەژار (ئامادەکردن) : شەهیدی سەرکردە عەلی هەژار، ژیانی و خەباتی سیاسی ، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی حیزبی یەکگرتنی کوردستان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، کوردستان ١٩٩٣، ١١٢ل.

* عولە : ساڵێک بوو کورد ئازاد ئەژیا ، سوێد ١٩٨٨ ، ١١٩ ل .

chalakmuhamad@gmail.com

* تۆلستۆی : چیرۆک بۆ منداڵان ، ڕێواس ئەحمەد کردوویە بە کوردی ، نیگارەکان : عیسمەت عەبدولقادر ، سوێد ١٩٩٣، ٦٠ ل .
* مام هۆمەر : کڵپەی دەروونی ئاوارە ( هۆنراوە) ، سوێد ١٩٩٤ ( ١٤١٤ ی کۆچی) ، ١٥٠ ل .
* دۆستۆیێڤسکی : شەڤێن سپی ( ڕۆمان) ، وەرگەر : فرات جەوەری ، وەشانێن نوودەم – ١ ، چاپا یەکەم ، سوێد ١٩٩٣، ٧٩ ل .
* خوسرەو جاف : پاشایان کوشت ( ڕۆمان) ، چاپخانەی دار الرسالة ، بەغدا ١٩٩٣، ٢١٤ ل .
* حەمەسەعید حەسەن : یەکێتیی نووسەرانی کورد چیی بەسەر هات ؟ بەشی یەکەم و دووەم ، چاپی دووەم ، بنکەی خەرمانە ، چاپخانەی ئاپێک ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ٧٨ ل .
* جۆن شتاینبێک : مشک و مرۆڤ ( ڕۆمان) ، وەرگەر : فرات جەوەری ، وەشانێن نوودەم – ٢، چاپا یەکەم ، سوێد ١٩٩٣ ، ١٢٦ ل .
* ڕەووف بێگەرد : کۆڵان ( کۆمەڵەچیرۆک ) ، وەشانێن ئاپێک ، سپۆنگا (ستۆکهۆڵم) ١٩٩٤، ١٤٤ ل .
* ڕۆهات : د فۆلکلۆرا کوردی دە سەردەستیەکە ژنان ، وەشانێن نوودەم – ٤ ، چاپا یەکەم، سوێد ١٩٩٤ ، ١٥٣ ل .
* حەمەسەعید حەسەن : شیعر و هەڵوێست ، دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە دەربارەی شیعری شێرکۆ بێکەس ، چاپی دووەم ، بنکەی خەرمانە ، چاپخانەی ئاپێک ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤ ، ٧٢ ل .
* حەمەسەعید حەسەن : گۆرانییە باڵنەکراوەکان ، بنکەی خەرمانە ، چاپخانەی ئاپێک ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤ ، ١٨٤ ل .
* بنچینەی تێکۆشانی پارتیا ئیسلامیا کوردستانی ( بە زمانانی کوردی ، عەرەبی ، فارسی ، تورکی و ئینگلیزی ) ، چاپی یەکەم ، پاکستان ١٩٩٣، ٢٠ ل .
* ئەدوارد پەتیشکا : میتۆلۆژیێن مەزۆپۆتامیا ، وەرگەر : جەمال باتون ، چاپا یەکەم ، ئاپێک ، سپۆنگا ١٩٩٣، ٨٨ ل .
* پێترا شابۆ : هشت هشت ! ل مالا مە ، وەرگەرا کوردی : ئاپێک ، وەشانخانا ئاپێک ، سپۆنگا ١٩٩٤ ، لاپەرەکان ژمارەیان پێوە نییە .
* پێترا شابۆ : هشت هشت ! ل دەروودۆرا ئاڤێ ، وەرگەرا کوردی : ئاپێک ، وەشانخانا ئاپێک ، سپۆنگا ١٩٩٤ ، لاپەرەکان ژمارەیان پێوە نییە .

Nedim Dagdeviran (editor) : Literature about the Kurds, Mezopotamia publishing and Distribution, Sweden 1993, 152 pp.

Jamil Shakely : De Witte Wolk, met tekeningen van Gerda Dendooven, Davidsfonds infodok, Kinderboek, Leuven, Belgium 1994, 53 s.

Barbara Stapleton : The Shias of Iraq, An historical perspective on the present human rights situation, A report to the parliamentary Human Rights Group, n.d. , n.p., 43 pp.

chalakmuhamad@gmail.com

Laura Schrader : Canti d'amore e di liberta' del popolo kurdo, prefazione di Ibrahim Ahmad, Tascabili Economici Newton, Roma, Italia 1993, 98 pp.

Varda Shilo : Kurdistani Cooking (in Hebrew) , Israel 1986, 216 pp.

Ofra Bengio : The Kurdish Revolution in Iraq ( in Hebrew), Israel 1989, 238 pp.

Golmorad Moradi : Ein Jahr autonome Regierung in Kurdistan, Die Mahabad-Republik 1946-1947, Hochschule Bremen, Bremen 1992, 389 s.

## ڕۆژنامە و گۆڤار

* یەکگرتن : گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی تیۆرییە ، بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە ( سەرنووسەر : هەڵکەوت عەبدوڵڵا) ، ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٣(دانمارک).
* اصوات : مجلة فكرية ثقافية ، تاسست فى پاريس عام ١٩٧٧ (رئيس التحرير الدكتور حسين هنداوى) ، العدد : ١٥، اذار ١٩٩٤(لندن) .
* سروە : گۆڤاری فەرهەنگی ـ ئەدەبی ، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی بڵاوی دەکاتەوە ، ژمارە : ٨٤ ، پووشپەڕی ١٣٧٢ ، تەمووزی ١٩٩٣ (کوردستانی ئێران)، ژمارە : ٨٥ ، گەلاوێژی ١٣٧٢ ، ئاگوستی ١٩٩٣.
*سـپێدە : گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو دەری دەکات ( سەرنووسەر عەبدولڕەحمان پاشا) ، ژمارە : ٣ و ٤ ، پاییزی ١٩٩٣ (کوردستانی ئێران) .
* بەربانگ : ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد ، ژمارە : ٩٣، ڕەشەمێ (ئازاری) ١٩٩٤ (سوێد).
* سیمرغ : گۆڤارێکی فەرهەنگیی وەرزییە ، یانەی هاوکار لە بەلژیک دەری دەکات ( سەرنووسەر : ئامانج شاکەلی) ، ژمارەی یەکەم ، ساڵی یەکەم ، بەهاری ١٩٩٤ ( لوێڤن ـ بەلژیک) .
* النور : مجلة ثقافية اسلامية تصدرها الجمعية الاسلامية الكردية باللغتين العربية والسويدية ، السنة الاولى ، العدد : ١ (١- ١٢- ١٩٩٣) ، العدد: ٢(١-١-١٩٩٤) ، العدد: ٣(١-٢-١٩٩٤)، العدد : ٤ (١-٣-١٩٩٤)، (السـويد) .
* نووەدەم : کۆڤارا هونەری ، ئەدەبی ، چاندی ، خوەدی وو بەرپرسیارێ گشتی : فرات جەوەری ، هەژمار : ٨ ، زڤستان ١٩٩٣، هەژمار: ٩، بهار ١٩٩٤(سـوێد).
* برایەتی : ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو دەری دەکات ، ژمارە : ١٧٤٧، شەممە ١٨-٩-١٩٩٣ (کوردستان) .
* وان : گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە ، یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سوێد دەری دەکات ، ژمارە : ٧ ، ١٩٩٤(سوێد).
* جودى : مجلة شهرية تصدرها اللجنة الاعلامية فى پارتيا اسلاميا كردستانى (دورية موءقتا) ، تشرين الاول ١٩٩٣.
* ڕۆژ : مجلة ثقافية تصدرها جمعية الاكراد الفيلية ، العدد : ٢-٣ ، تشرين الثانى

chalakmuhamad@gmail.com

١٩٩٣(السويد).

* بارزان : ڕۆژنامەیەکی گشتییە لە ئەمریکا دەردەچێت (سەرنووسەر : عەبدولقادر محەمەد ئەمین) ، ژمارە ١٥ و ١٦، کانوونی دووەمی ١٩٩٤ (ئەمریکا).

* المنار الكردي : جريدة سياسية عامة تعنى بالشئون الكردية ، تصدر عن المركز الخارجي للاتحاد الوطني الكردستاني ، مسئول التحرير : سامي شۆڕش ، العدد التاسع ، الاربعاء ٢٦ كانون الثاني ١٩٩٤.

* مەڵبەند : بڵاوکراوەیەکی مانگانەی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردە لە لەندەن ، ژمارە ٤٤، کانوونی دووەمی ١٩٩٤، ژمارە ٤٥، مارتی ١٩٩٤.

* هەڵەبجە : گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچێت ( سەرنووسەر : موحسین جوامێر) ، ژمارە ١٦، ساڵی شەشەم ، شوباتی ١٩٩٤(سوێد).

* کوردستان : ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ، ژمارە ١٩٩، پووشپەڕی ١٣٧٢ ، ژوئیەی ١٩٩٣، ژمارە: ٢٠٠ ، گەلاوێژی ١٣٧٢، ئووتی ١٩٩٣، ژمارە : ٢٠٢، ڕەزبەری ١٣٧٢، ئۆکتۆبری ١٩٩٣ .

* ئاڵا : ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی ی کوردستان ، ژمارە: ٧ (ژمارە ٢١ی بەردەوام) ، ساڵی حەوتەم ، بەفرانباری ١٩٩٣.

* هاواری کورد : بڵاوکراوەیەکی سیاسی ، فەرهەنگی و ئەدەبیی سەربەخۆیە ، ژمارە ١٤ ، ساڵی سێیەم ، ڕەزبەری ١٩٩٣(ئاڵمان).

* پەیڤ : کۆڤارەکا ڕوشنبیرییە ، ئێکەتیا نفیسەرێن کورد / تایێ دهۆک دەردئێخت ، هژمار : ١-١٩٩٣(کوردستان).

* کەلەپووری کورد : گۆڤارێکی کەلەپووری و فۆلکلۆری و وەرزییە ، کۆمەڵەی کەلەپووری کورد لە سلێمانی دەری دەکات ، ژمارە : ٣ ، کانوونی ١٩٩٣ (ژمارەی تایبەت بە کۆچی مامۆستا جەلال تەقی) ، (کوردستان).

* نووبهار : مەهنامەیا چاند وو هونەر وو ئەدەبییات ، هەژمار : ٩، سال : ١ ، هەزیران ١٩٩٣(تورکیا).

* دیمانە : گۆڤارێکی وەرزیی لاوانە ، لە لایەن دەستەیەک لاوی ئاوارەی کوردەوە لە شاری ڤیستەرۆس - ی سوێد دەردەچێت ، بە سەرپەرشتی و هاوکاریی گۆشان سەرکۆ ، ژمارە حەوت ، زستانی ١٩٩٤(سوێد).

* ئەستێرە : گۆڤارێکی منداڵانە مانگی جارێک دەردەچێت ( مامۆستا عەلی کەماڵ ، مامۆستا شەوبۆ عەبدوڵڵا و مامۆستا ئەزمر صالح ) ، ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢ / ٢٦٩٢ ی کوردی (لە سوێد چاپ کراوە) .

* توێشوو : بڵاوکراوەیەکی کولتووریی ڕۆشنبیریی گشتییە ، کۆمیتەی کوردەکانی هانۆڤەر ناوبەناو دەری دەکات ، ژمارە یەک ، کانوونی یەکەمی ١٩٩٣(ئاڵمان) .

Namah : produced three times annually by the Badlisy Center for Kurdish Studies, volume I, Number 2/3, Summer/Fall 1993, volume II, number 1, Spring 1994 (USA).

Kurdish Life : A quarterly publication of the Center for Research, The Kurdish Library, Number 8, Fall 1993 (USA).

Kurdernas Vanner i Sverige : Organ for foreningen kurdernas vanner i storstockholm, 3/93 September 1993, 4/93 December 1993, 1/94 Mars 1994 (Sweden).

Kurdistan In The Media : Publication of Kurdish National Congress of North Americva, Vol. 4, No.2 April, May and June 1993, Vol. IV, No. 4, October, November, December 1993 (USA).

Hawkar : Newsletter of Hawkarani Kurdistan, Issue no. 7, April 1993, no. 10/11, July/August 1993, no. 12/13, October/Novem ber 1993 (United Kingdom).

The KNC Newsletter : The Newsletter of the Kurdish National Congress of North America (United Free Kurdistan), Volume 5, Issue 3, May 1993 (USA).

Kurdistan Times : A Biannual Political Journal, Editor and Publisher Mustafa Al-Karadaghi, No. 3, December 1993.

The Kurdistan Review : Newsletter Published by the Kurdish National Congress of North America, Volume VI, No. 1, October 1993 (USA).

chalakmuhamad@gmail.com

KDP News & Views: a publication of the Kurdistan Democratic Party, Iraq, jointly produced by the KDP-USA and KDP-Europe, Issue 1, July 1993 (USA & UK).

Kurdistan Today : An Organ Of Kurdistan Democratic Party, Iraq in the USA & Canada (and Europe), Vol. 1, Issue 4 , March 1993 , Vol. 1, Issue 5/6, April 1993.

## ...و بەڵگەنامە ...

* جمعية الاكراد الفيلية ـ ستۆكهولم : بيان ، حول تاسيس الجمعية ، ٥-٣-١٩٩٣.
* جمعية الاكراد الفيلية ـ ستوكهولم : بيان ، حول احتجاز الشباب الكرد الفيليين عام ١٩٨٠ من قبل النظام البعثي ، ٤-٤-١٩٩٣.
* بيان من المفكرين الكرد فى العالم الى قادة كردستان الوطنيين القوميين ـ المتدينين والعلمانيين : د. جمال نبز ، پروفيسور د. م.س. گابوری ، شيخ لطيف مريوانی ، جواد ملا .
* لقی دەرەوەی کۆڕی ڕۆشنبیری کورد ، لقی دەرەوەی بزووتنەوەی ئاشتیخوازی لە کوردستان : بەیاننامەیەک ، بە ناوی یەزدان ، بە یادی شەهیدان ، بەفرانباری ساڵی ٢٦٩٣ ی کوردی .
* شێرکۆ بێکەس ، وەزیری ڕۆشنبیری : دەقی نامەی دەست لە کار کێشانەوەی وەزیری ڕۆشنبیری ، هەولێر ١١-١٢-١٩٩٣.
* جەمال نەبەز : بانگەوازێک بۆ نەتەوەی کورد و هەموو خەڵکی کوردستان ؛ شـــەڕی چەپەڵی براکوژی بوەستێنن ، ئەڵمانیا ٢٤-١٢-١٩٩٣.
* الرابطة الاسلامية الكردية ، مكتب الامانة العامة : بيان حول الاقتتال داخل كردستان ، رجب ١٤١٤، دەسمبر ١٩٩٣.
* پارتی سەربەخۆیی کوردستان - پاسۆک - پەیوەندییەکانی دەرەوە : یادی پر شکۆی باوکی نەتەوە بارزانی مســـتەفا ، ١-٣-١٩٩٤.
* پارتی سەربەخۆیی کوردستان - پاسۆک - پەیوەندییەکانی دەرەوە : لە یادی هەشتی مارسدا ... ڕۆژی ژنانی جیهان ... مرۆڤ باڵاترین زیندە ـ بووی ـ ناسراوی ئەم گەردوونە بەرینەیە ، ٨ ی مارسی ١٩٩٤.
* پارتی سەربەخۆیی کوردستان - پاسۆک - پەیوەندییەکانی دەرەوە : هەڵەبجە و نەورۆز ... ئیلهامی سەرکەوتن ... نەورۆزی ١٩٩٤.
* بزووتنەوەی دەنگ / کەرتی دەرەوە (میونیخ) : جەماوەری بە شەرەفی کورد ، خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان ، ١٠-٧-١٩٩٣.
* بزووتنەوەی دەنگ / کەرتی دەرەوە (میونیخ) : ینک و ئەڵقەیەکی تری شەڕی چەواشە لە کوردستاندا ... ، ٣٠-١٢-١٩٩٣.
* کۆمیتەی دژی شەڕی کوردکوشتن و برایەتی ، ئەورووپا : بۆ هەموو دەنگێکی ئازاد ! بۆ هەموو ڕۆڵەیەکی بەروومەتی کوردستان لە هەرکوێ کە هەن ! بۆ هەموو دەنگێکی دیموکرات و پێشکەوتووخواز و دیموکرات ! ٧-٢-١٩٩٤.
* پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک - هەندەران : لە یادی هاوبیر کاک ئازاد مستەفادا ، ١٩-٣-١٩٩٤.

chalakmuhamad@gmail.com

# دیوانی
# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

## گەر جارێکی تر بچمەوە کەرکووک

بەم حاڵە ئەگەر دەفعەیێ تر بچمەوە کەرکووک
مەعلوومە بە مەردی نەڕوواوە لەسەرم تووک
بۆچ بچمەوە کەرکووکی قوڕومساغ کە لەگەڵ من
ئەهلی هەموو ناسازە وەکوو ئاوی حەماموک
پێم خۆشە لەبەر جەوری برا و لەومەیی ئەقوام
صەد جار لە غەریبی بکەوم موفلیس و مەفلووک
ڕۆژێ بە مرادی منیش ئەڵبەت دەگەڕێ چەرخ
ئەم میچە قەراری نییە ، گاهێ جگە ، گەه بووک
شاهی کە نەبێ ، ڕادەبووێرین بە فەقیری
بۆ ئەهلی قەناعەت لە پلاو خۆشترە داندووک
شەش مانگە زیاتر کە لە پاش مەرگی پدەر من
مەغدوورم و مەظلووم و جەفادیدە وو مەهتووک
تا ساکینی کۆی مامە غەفوورم ، وەکو فەغفوور
کیسەم پڕە دایم ، لە زەڕ و لیرەیی مەسکووک
پابەندی خەلایق نییە طەبعم وەکو خەڵکی
بێکولفەتم و ڕەندم و سەییاحم و سالووک
من خواجەیی ئەحرارم و ئامێزشی دنیا
هێشتاکە نەمیکردووەتە بەندەیی مەملووک
وەک (لامیع)ی شاعیر نییە ئێستێ لە جیهاندا
شیرین سوخەن و قابیل و خۆشطەبع و (ڕەزا) سووک .

حەرامزادە و داکی خۆ گێ لە بەرتەکیە زۆرە
خلە و بلە و فشەگاڵتە و عەزە دەمبۆرە

## کەرکووک

ڕێی نەوتەکە باجگیری ئەگەر زۆرە دەفەرمووی
ڕێی خاسە بە شەو خاڵییە ، با بێ بە بلاغا

ئەو ڕۆژە کە تۆرام لە کەرکووک سەفەرم کرد
مانەندی عەقاریب لە ئەقاریب حەزەرم کرد

خانەقاهـ ، تەوبە لە سەیید ئەحمەد و نان و خوانی
لە طەعامی ؛ شەلەم و بامیە و باینجانی

مەکەن باوەڕ بە قەولی داکی خۆگێکانی کەرکووکی
ئەگەر خەلطێ بکەن وا بزانە گا قۆڕانی و کەر کۆکی

وەها مەشهوور بووە بەینەلئەهالی
هەتیوی تەکیەکەی خۆمانە والی

کەبابی گۆشتی بزن ، فاکیهەی بەری خەڕنووک
لە من بپرسە صەفای شارە حیزەکەی کەرکووک

من لە کەرکووکەوە دێنێتە کن ئەم قەحپەژنە
لەگەڵم خەصمە فەلەک ، نییەتی بێدادی هەیە

chalakmuhamad@gmail.com

# چاوگێڕانێ بە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا کە لە گۆڤاری مامۆستای کورد دا بڵاوکراونەتەوە

ئەدەبدۆستێ
"لە کوردستانەوە"

مایەی پێخۆشحاڵییە گۆڤاری (مامۆستای کورد) ئەوەندە بایەخ بە شیعری شاعیری تەرزمانی بێهاوتای کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی ئەدا ، لە بەشی زۆری ژمارەکانیا پارچەیێ دووان یا چەند برگەیەک یا چەند بەیتێکی لێ بڵاوئەکاتەوە.
لە چاوپیاگێڕانێکی ئەو شیعرانەی شێخ ڕەزادا کە لەم گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوە، هەندێ - بە بۆچوونی خۆم - وردە هەڵەم بەرچاو کەوت. وا لێرەدا ئەیانخەمە بەر دەستی خوێندەواران و ئەوەیش ئەڵێم کە من لەم بۆچوونانەما پشتم بەتەنها بیروڕای خۆم و بنەماکانی عەرووز و مەنتیقی زمان بەستووە و، لە چاپی دووەمی دیوانە لە چاپدراوەکەی شێخ ڕەزا خۆی بەولاوە سەرچاوەیەکی ترم لا نەبووە، کە ئەویش تەنها بۆ بەراوردی ئەو شیعرانەی لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵی - گەڕاومەتەوە سەری. ئومێدەوارم خوێندەواران و دەستەی بنووسانی گۆڤارەکە بە چاوی ڕەخنەوە ئەم نووسینەم هەڵسەنگێنن و هەر هەڵەیەکیان تیا دەستنیشان کرد لەسەری بنووسن و ڕاستی کەنەوە.

* لە لاپەڕە ٢٩ی ژمارە ٦دا:

پێی بڵێن بەو تەرەسە گەر لە عەلەیهیم بدوێ
بە فوویێ عەزڵی دەکەم، نابێ لەوێدا بترێ

(فوویێ) هەڵەیە چونکە سەنگی نیوەبەیتەکە لەنگ ئەکا. ڕاستەکەی (فوێ)یە.

* لە لاپەڕە ٥٨ی ژمارە ٧دا:

عومەرم دی، عومەری پێشووتریش گەر وا بێ
گەردنی شیعە دووسەد دەفعە لە سەب ئازا بێ

وشەی (پێشووتریش) لەم شوێنەدا ئەبێ بە یەک (و) بنووسرێ، ئەگینا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ. هەروەها (و)ی (دووسەد)یش لەم شوێنەدا هەر ئەبێ بە (و)ێکی کورت بنووسرێ هەر لەبەر هۆی ڕابردوو.

* لە لاپەڕە ٦٦ی ژمارە ٧دا:

هەر لەناکاو زرمەیەک هات، کێی کورە؟ شێخ هۆمەرە
شێخی چی، مردووت مرێ! بۆچی نەتگوت جاشەکەرە؟!

(بۆچی نەتگوت) هەڵەیە چونکە نیوەبەیتەکەی پێ لەنگ ئەبێ. ئەبێ ڕاستەکەی (بۆچیت نەگوت) یا (بۆچ نەتگوت) بێ، بە مەرجێ (ت)ی یەکەمی (نەتگوت) لە (نە)کەی پێشی جوێ بگرێتەوە و بکرێ بە برگەیەکی سەربەخۆ، بەم جۆرە (نە-ت-گوت) ئەوجا سەنگی نیوەبەیتەکە ڕاست ئەبێتەوە. هەروا ئەیشبێ بۆ ڕاگرتنی سەنگی نیوەبەیتی یەکەم (شێخ هۆمەرە) بە (شێخومەرە) بخوێنرێتەوە بە (و)ێکی کورت کە بۆشییەکەی پێوە دیار نەبێ.

* لە لاپەڕە ٢٠ی ژمارە ٨دا:

قاوەچی ڕووی سینیەکەی هەرچەند بە نینۆک هەڵکڕاند
قەلعی ئاساری نەکرد هێشتا بەشی تۆی پێوە بوو

(تۆی) هەڵەیە. ڕاستەکەی (تووی)ە، نەک هەر لەبەرئەوە کە هاوسەنگیی بەیتەکە لەگەڵ بەیتەکانی تری چەکامەکە وا پێویست ئەکا، بەڵکوو لەبەر ئەوەیش کە خەڵکی کەرکووک و زۆر ناوچەی گەرمیان لەجیاتی (تۆ) ئەڵێن (توو).

هەر لە لاپەڕە ٢٠ی ژمارە ٨دا:

داوەکەی مووین و کوویینت بە کاری هیچ نەهات
گەرچی هەر لایێ دووسەد ئەفسوون و جادووی پێوە بوو

وشەی (دووسەد) لەم بەیتەدا ئەبێ بە (و)ی کورت واتە (دوسەد) بنووسرێ بۆ ئەوەی نیوەبەیتەکە لەنگ نەبێ.

chalakmuhamad@gmail.com

لە لاپەڕە ٣٢ ی ژمارە ٩دا:

کەڵەشێرێ بە ڕەزا لازمە کرماشانی
زیرەک و چابوک و دەم گەرم ، دڕ و شەڕانی

(دەم گەرم... تاد) ئەبێ بەم جۆرە بێ: دەم گەرم و دڕو شەڕڕانی، ئەگینا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ.

هەر لە لاپەڕە ٣٢ی ژمارە ٩دا:

بۆ حەواڵەی دوبری ئەو کەسە خۆم ئەیزانم
دوو گونی پێوە هەبێ وەک دوو جەرەی لەیلانی

لە نیوەبەیتی یەکەما وشەی (دوبری) ئەبێ (دوبوری) و، لە نیوەبەیتی دووەما (دوو) بە (و)ی کورت بێ، واتە (دو) ئەگینا بەیتەکە لەنگ ئەبێ. سەرەڕای ئەوە کە لە نیوەبەیتی یەکەما وشەکە خۆی (دوبور)ە.

لە لاپەڕە ٣٣ ی ژمارە ٩دا:

ئەو مریشک و کەڵەشێرە کە وتم بینێرە
دووی لە ڕێ مرد و یەکێکی بە نەخۆشی لێرە
شەو هەموو دەست بە دوعا بووین لە وەختی سەحەرا
کەڵەشێر عەمری خوای کرد وتم: وای شێرە

ئەبێ لە پاش ڕستەی (بە دوعا بووین) و وشەی (کرد)ەوە دوو (و)ی کورت بن، واتە بڵێین: (بە دوعا بووین و) و (کرد و)، ئەگینا گیری و وەستانێ لە بەیتەکەدا ئەبێ. سەرەڕای ئەوە کە نابێ شتێ لە نێوانیانا نەبێ بەیەکەوەیان ببەستێ.

* لە لاپەڕە٢٠ ی ژمارە ٨ دا:

حاڵ لە سێ خاڵی نییە توخدا بەڕاستی پێم بڵێ
مووسی سمێڵت یا بەرت یا کلکی یابووی پێوە بوو

(توخدا) ئەبێ ڕاستەکەی (توخوا) بێ، چونکە کوردی کەرکووک ئەڵێن (توخوا) و هەرگیز ناڵێن (توخدا).

* لە لاپەڕە ٦٨ ی ژمارە ١٠دا:

مامەکەم قەحپە ژنە، دەوڵەتی شەددادی هەیە
تالیعی ڕاهی بەر و موڵکی خودادادی هەیە

لە نێوەبەیتی یەکەما (قەحپە) و، لە نیوەبەیتی دووەما (ڕاهی بەرو)، ڕاستەکەیان (قەحبە) و (ڕاهبەر)ە. (ڕاهبەر) هەر وشەکەی (ڕەهبەر)ە بۆ ڕاگرتنی سەنگی نیوەبەیتەکە (ە)کەی کێشی پێ دراوە و کراوە بە (ا) و وشەکە بووە بە (ڕاهبەر).

* هەر لە لاپەڕە ٦٨ ی ژمارە ١٠دا:

ڕەسمی ئابائی کیرامی بووە ئاساری سەخا
نە لە ئابائی حەیاء و نە لە ئەجدادی هەیە

وشەی (حەیاء) ڕاستەکەی (حەیاو و)وە، چونکە هەرچەند وشەکە لە بنچینەدا (حیاء)ی عەرەبییە، ئەوەندە هەیە کە کراوە بە کوردی بووە بە (حەیا) و لەم بەیتەدا (و)ێکی نیشانەی عەتفی خراوەتە پاڵ کە بۆ ڕاگرتنی سەنگی بەیتەکە کێشی پێ دراوە و بووە بە (حەیاو و).

* هەر لە لاپەڕە ٦٨ ی ژمارە ١٠دا:

گەر سەر و ڕیشی پیاوانەیە باوەڕ مەکە پێی
باتنی جوولەکەیە، زاهیری زوههادی هەیە

(باتنی) ئەبێ بە (باتینی) بنووسرێ وەک چۆن (زاهیری) نەکراوە بە (زاهری).

* هەر لە لاپەڕە ٦٨ ی ژمارە ١٠دا:

خۆی بە هەر سووڕەت ئومێدی کەرەمم پێی هەیە لیک
ڕقی زۆرم لە ڕەشیدی کوری گەووادی هەیە

(لیک) بەکارهێنانی فارسییانەی وشەکەیە، لە کوردیدا ئەوترێ: (لێک).

* هەر لە لاپەڕە ٦٨ ی ژمارە ١٠دا:

ڕەنگی کەر، دەنگی بەقەر، هەیئەتی سەگ، خووی چەقەڵ
چاوی کوێر، مەخزەنی کێر، مەقعەدەی پڕ بادی هەیە

وشەی (خووی) ئەبێ بە (خوویی) بخوێنرێتەوە، ئەگینا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ.

* هەر لە لاپەڕە ٦٨ ی ژمارە ١٠دا:

لە گرۆهی حەرەم، کارەکەر و دایک و خوشک
فاتم و عاسم و ئامان و پەریزادی هەیە

(حەرەم) هەڵەیە، نیوەبەیتەکەی پێ لەنگ ئەبێ. ڕاستەکەی (حەرەم و)وە بە نیشانەی مەعنای بەیتەکەدا. (داییک و)یش هەڵەیە و ڕاستەکەی (دایک و)وە.

* هەر لە لاپەڕە ٦٨ ی ژمارە ١٠دا:

کوونی و حیز بووە مانەندی ڕەشید تەبعی ڕەزا
هێند لەبەر جەوری فەلەک خاتری ناشادی هەیە

(کوونی و) نیوەبەیتەکە لەنگ ئەکا. بۆ ڕاستکردنەوەی سەنگی ئەبێ (کوونی یو) بنووسرێ و بخوێنرێتەوە.

* لە لاپەڕە ٦٩ ی ژمارە ١٠دا:

ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لە کەرکووک سەفەرم کرد
مانەندی عەقارب لە ئەقارب حەزەرم کرد

وشەی (تۆرام) لە نیوەی یەکەمی بەیتەکەدا ئەبێ (تۆراوم و) بێ تا عەتفی ڕستەی پاشەوەی بکرێتە سەر و نیوەبەیتەکەیش لەنگ نەبێ. دوو وشەی (عەقارب) و (ئەقارب)یش لە نیوەی دووەما ئەبێ (عەقاریب) و (ئەقاریب) بن، چونکە عەرەبین و ڕاستەکەیان وایە و کە لە کوردیدا بەکارهێنراون نەکراون بە (عقارب) و (ئەقارب).

* هەر لە لاپەڕە ٦٩ ی ژمارە ١٠دا:

گەردوون سنکی کردم و هێنامیە کۆی
میوانی لەکن مامە غەفووری لەجەرم کرد

وشەی (کۆی) ئەبێ بە (کۆیێ) بنووسرێ و بخوێنرێتەوە

chalakmuhamad@gmail.com

لەبەر ڕاگرتنی سەنگی نیوەبەیتەکە و، کەسیش بە (کۆیە) یان (کۆیێ) ناڵێ (کۆی) مەگەر لەگەڵ وشەی (سنجق)دا.

* لە لاپەڕە ٥٧ی ژمارە ١١-١٢دا:

شێخ کە هامصوحبەتی شامار و نەدیمی حەمە بێ
شێخ کە دۆستی مچە ڕێژاوی و ئەحمەدی جەمە بێ

(ڕێژاوی و) هەڵەیە و ڕاستەکەی (ڕێژاوی یو)وە، ئەگینا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ. (ئەحمەدی)یش هەڵەیە و ڕاستەکەی (ئەحمەد) یان (ئەحمەی)ە، ئەگینا دیسان نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ. لام وایە (هامصوحبەتی)یش هەڵە بێ و ڕاستەکەی (هەمصوحبەتی) بێ، چونکە نیوەبەیتەکە وا سوارتر ئەبێ و هەر وایش کوردیترە.

* هەر لە لاپەڕە ٥٧ی ژمارە ١١-١٢دا:

شێخ کە قودسییەتی پیرانی تەریقەت لەکنی
هەموو ئەفسانە و ئەفسوون، هەموو گاڵتە و گەمە بێ

هەردوو (هەموو)ەکە هەڵەن، ئەبێ بە (هەمو) بنووسرێن و بخوێنرێنەوە بە (و)ێکی کورت، ئەگینا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ. (ئەفسانە و)یش هەروا هەڵەیە و ڕاستەکەی (ئەفسانە و و)وە. (ئەفسوون و)یش هەر هەڵەیە و ڕاستەکەی (ئەفسون)ە بە (و)ێکی کورت و بێ (و)ی عەتفەکەی پاشەوەی کە ئەبێ وێرگوڵێکی لەجیاتی دانرێ، ئەگینا لە هەردوو حاڵەکەدا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ.

هەر لە لاپەڕە ٥٧ی ژمارە ١١-١٢دا:

شێخ کە گەووادی وەکوو خادیمی سوججادە لەلای
سەییدی حوڕ، لە سولالەی عەلی و فاتیمە بێ

(سوججادە) هەڵەیە، چونکە وشەکە (سەججادە)یە. (عەلی و)یش هەڵەیە و ڕاستەکەی (عەلی یو)ە ئەگینا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ.

* هەر لە لاپەڕە ٦٩ ی ژمارە ١٠دا:

چورسا لەبەرم جوببە و و فیسا لەسەرم فێس
نە فێسی لەسەرم نا و نە جووببەی لەبەرم کرد

ڕستەی (لەسەرم ناو) هەڵەیە، ڕاستەکەی (لەسەر نام و)وە ئەگینا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ.

* هەر لە لاپەڕەی ٦٩ ژمارە ١٠دا:

شەش مانگە بەم ئەفسانە گلی دامەوە لای خۆی
نەمزانی، ملم بشکێ، تیا چووم، زەرەرم کرد

نیوەبەیتی یەکەم بەم جۆرە هەڵەیە، چونکە (شەش مانگە) مەعنای ئێستا ئەبەخشێ و، (گلی دامەوە) بۆ ڕابووردووە. کەواتە یا ئەبێ (مانگە) کە (مانگ) یان (مانگێ) بێ، یان (گلی دامەوە) کە (گلی داومەوە) بێ. خۆ نایشکرێ (مانگ) بێ، چونکە سەنگی نیوەبەیتەکەی پێ لەنگ ئەبێ، کەواتە یا (مانگە) (مانگێ)یە یا (گلی دامەوە) (گلی داومەوە)یە.

* هەر لە لاپەڕە ٦٩ ی ژمارە ١٠دا:

وەڵڵا دەکەم دەرحەقی ئەو بەڵکە زیاتر
ئەو کارە کە دەرباری ڕەشیدی پسەرم کرد

(وەڵلا) هەڵەیە و ڕاستەکەی (وەڵلاهی)یە، ئەگینا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ.

* هەر لە لاپەڕە ٦٩ی ژمارە ١٠دا:

هەرچەندە ڕەزا باعیسی بەدنامییە عەودەت
لەم سووکی یە و بەدنامی یە سەرفی نەزەرم کرد

(سووکی یە و) هەڵەیە. ڕاستەکەی (سووکی یو)یە ئەگینا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ.

* هەر لە لاپەڕە ٥٧ی ژمارە ١١-١٢دا:

شێخ کە قەسری حەرەمی گەیی یە مەقامی ئەعلا
سەر بڵند کات و بڵێ: شێخ ئەمە، قەسری ئەمە بێ

(گەیی یە) هەڵەیە و ڕاستەکەی (گەییە)یە ئەگینا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ. وێرگوڵەکەی پاش (ئەمە)ی یەکەمیش زیادە، چونکە مەعنای نیوەبەیتەکە ئەوەیە: شێخ بڵێ شێخ کەسێکە کۆشکی وەک ئەم کۆشکەی ببێ، نەک بڵێ: شێخ ئەمەیە و قەسری ئەمەیە کە لە بوونی وێرگوڵەکەوە زەینی مرۆ بۆی ئەچێ.

* لە لاپەڕە ٥٨ی ژمارە ١١-١٢دا:

بێگانە هەموو ساحێبی جاه و جەبەرووتن
بێچارە برای شێخ عەلی موفلیس و ڕووتن

ئەبێ لە دوای (شێخ عەلی)یەکەوە (گشت)ێک ببێ، ئەگینا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ و بەوەیش ڕاست نابێتەوە کە (زەنە)یەک بە زۆر بخەینە سەر (خ)ی (شێخ)ەکە.

* هەر لە لاپەڕە ٥٨ی ژمارە ١١-١٢دا:

ئەی شێخ عەلی چاکە وسووقت بە برا بێ
باوەڕ مەکە بەم خەڵقە کە وەک تووڵە لەدووتن

نیوەبەیتی یەکەم بەم جۆرە لەنگە. ئەبێ ڕاستەکەی یەکێ لەم دوو جۆرە بێ : (ئەی شێخ عەلی وا چاکە وسووقت... تاد) یا (ئەی شێخ عەلی چاکە کە وسووقت...تاد). لێرەیشا هەروا (زەنە) خستنە سەر (خ)ی (شێخ)ەکە نابێ بە مایەی ڕاستکردنەوەی باری لاری نیوەبەیتەکە.

* هەر لە لاپەڕە ٥٨ی ژمارە ١١-١٢دا:

ڕەحمیان نی یە دەربارەیی تۆ خزم و ئەقاریب
موشفیقترە بێگانە لەمانە کە عەممووتن

(عەممووتن) هەڵەیە چونکە نیوەبەیتەکە لەنگ ئەکا. ڕاستەکەی (عەمووتن)ە.

* هەر لە لاپەڕە ٥٨ی ژمارە ١١-١٢دا:

chalakmuhamad@gmail.com

وەک حاجیی مابەینی سەفا و مەروە بە تەعجیل
بۆ لوقمە ئەمانیش بە میسلی یوونس و حووتن
(حاجیی) هەڵەیە چونکە نیوەبەیتەکە لەنگ ئەکا. ڕاستەکەی (حاجی یی)یە. ( بە میسلی)یش هەڵەیە و ڕاستەکەی (بە مەسەل)ە. لە چاپی دووەمی دیوانەکەدا لە جیاتی (ئەمانیش) نووسراوە: (ئەمانش). لام وابێ ئەوە ڕاستتر بێ ، چونکە کەرکووکی وشەکە وا گۆ ئەکەن.

* هەر لە لاپەڕە ٥٨ی ژمارە ١١-١٢دا:
جومعانە براوە بە خودا، موفلیسە (لامیع)
نە پووڵی حەمامی هەیە، نە پارەیی تووتن
ئەو وێرگولەی پاش (بە خودا) ئەبوو لە پاش (براوە)وە دابنرێ، چونکە شێخ ڕەزا -کە نازناوی شیعریی یەکەمی (لامیع) بووە- سوێندی لەسەر برانی جومعانە نەخواردووە، لەسەر لات کەوتن و موفلیسیی خۆیی خواردووە. (پووڵی)یش هەڵەیە، ڕاستەکەی (پوول)ە، چونکە کەرکووکی ناڵێن (پووڵ)، کوردی ئێران و بەتایبەتی سنەیی ئەڵێن (پووڵ).

* لە لاپەڕە ٣٩ ی ژمارە ١٣دا
دەردی لۆقەی گرت لەناکا شێخە توهمەتکارەکە
ئەو قەیافەت حیزەکەی، هەیئەت وەکوو کەمتیارەکە
(قەیافەت) هەڵەیە، ڕاستەکەی (قیافەت)ە. (کەمتیارەکە)یش هەڵەیە چونکە نیوەبەیتەکە لەنگ ئەکا. ڕاستەکەی (کەمتارەکە)یە.

* هەر لە لاپەڕە ٣٩ ی ژمارە ١٣دا:
کوردە بێناموسەکەی، گۆرانە قوڕومساغەکەی
حیزەکەی بێدینەکەی کەربابەکەی بێعارەکە
(قوڕومساغەکەی) نیوەبەیتەکەی پێ لەنگ ئەبێ. ئەبێ بە (قوڕڕومساغەکەی) بنووسرێ و بخوێنرێتەوە.

* لە لاپەڕە ٣٩ ی ژمارە ١٣دا:
حەوشەیەکم هەیە بە قەدەر لەپێ
ڕۆژ عیلاجی ئەکەم، بە شەو ئەتەپێ
(بە قەدەر) هەڵەیە، ڕاستەکەی (بەقەدری)یە، ئەگینا نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ.

* لە لاپەڕە ٤٠ی ژمارە ١٤دا:
من وتم: ناخونی شێرە، وتی: کلکی شێرە
لەسەر ئەم لەفزە بەسی شۆڕش و دەعوا دەرچوو
(بەسی) هەڵەیە، ڕاستەکەی (بەسێ)یە، واتە: زۆر. وشەیەکی فارسییە.

* لە لاپەڕە ٤١ی ژمارە ١٤دا:
مەعرووف کە حیزی وەک ئەو نەبوو لە نەسلی ئادەم
ئازاری مەقعەدی بوو ، بۆم ڕاکشا لەسەر دەم
مردم ئەوەندە سواربم و خۆم کوشت ئەوەندە پیادەم
(نەبوو) هەڵەیە، ڕاستەکەی (نەبوە)یە چونکە (نەبوو) ڕابوردوویەکی نزیک ئەگەیەنێ و شێخ ڕەزایش بە نیشانەی (لە نەسلی ئادەم)! ئەیەوێ بڵێ پیاوی وا لە تێکرای ئادەمزادا نەبووە کە ئەوەیش (نەبوە)ی نەفیی قەتعی ئەگەیەنێ. (سواربم و) هەڵەیە چونکە نیوەبەیتەکە لەنگ ئەکا. ڕاستەکەی (سواربم)ە و ئەبێ وێرگولێ لەدوایەوە دانرێ تا لە ڕستەی پاشەوەی جوێ بکاتەوە.

* هەر لە لاپەڕە ٤١ی ژمارە ١٤دا:
خاشاکی دەوری دوبری لێم بوون بە ماری هەیجا
کێرم بە سەد مەشەققەت ڕۆیی، گونم نەگونجا
کێرم لە پەشمی پاشی دانەی کوونی ترنجا
(کوونی) هەڵەیە، ڕاستەکەی (کونی)یە، واتە لە کونەکەیا ترنجا. سەرەڕای ئەوەیش کە (کوونی) نیوەبەیتەکە لەنگ ئەکا.

* هەر لە لاپەڕە ٤١ی ژمارە ١٤دا:
باوکی پیاوێ چاک بوو، زاتێکی زۆر موقەددەس
خۆی پۆشت و داکی خۆ گێ هەتا خووا بڵێ بەس
بۆ نەختێ ئاوی شەهوەت جەرگی بووە بە قەقنەس
(پیاوێ) هەڵەیە، ڕاستەکەی (پیاوی)یە. ئەگەر لەم شوێنانەدا سیغەی نەکیرە (نەناسراو) مەبەست بێ، ئەوترێ (پیاوێکی).

* لە لاپەڕە ٣٧ی ژمارە ١٥دا:
بۆ جەنابی موقەڕڕەبی ئەلخاقان
میر عەلی بەگ لە ئەنجەبی نوجەبا
(موقەڕڕەبیئەلخاقان)هەڵەیە، ڕاستەکەی (موقەڕڕەبولخاقان=مقرب الخاقان)ە. (موقەڕڕەبی ئەلخاقان) نیوەبەیتەکە لەنگ ئەکا، سەرەڕای ئەوە کە کەس ئەو لەقەبە بەو جۆرە گۆ ناکا.

* هەر لە لاپەڕە ٣٧ی ژمارە ١٥دا:
عەبدوڕڕەحمان بەگی برات فەرمووی:
ئابڕووی خانەدان عەلی ئەیبا
(عەبدوڕڕەحمان) هەڵەیە، چونکە نیوەبەیتەکە لەنگ ئەکا، ڕاستەکەی لێرەدا (عەبدوڕەحمان)ە.

* لە لاپەڕە ٤٢ی ژمارە ١٦دا:
میر بە سەد منەت هەناردی ئێسترێکی ڕووتوقووت
دەست و پا سست و سەقەت، ئەندامی هەرووەک عەنکەبووت
لە کوردیدا بەرانبەر بە وشەی (میننەت)ی عەرەبی ئەڵێن (منەت). لەم بەیتەدا بۆ ڕاگرتنی سەنگ ناتوانین بڵێین (منەت)، چونکە نیوەبەیتەکە لەنگ ئەکا. کەواتە ئەبێ وشەکە بە شێوە عەرەبییە ڕاستەکەی بەکاربێنین و بڵێین

chalakmuhamad@gmail.com

(میننەت).

* هەر لە لاپەڕە ٤٢ی ژمارە ١٦دا:

گەرچی ناتوانێ بزوێ هێند لەڕ و کەم قووەتە
دەنکە جۆیێکی نیشان دەی تا قەیامەت دێ لە دووت

وشەی (کەم قووەتە) لەم بەیتەدا ئەبێ بە سێ (و) بنووسرێ، یەکێکیان لە جێی (بۆر)ی (ق)ەکە و ئەو دووانەکەیشیان بۆ (و)ە گیراوەکەی وشەکە خۆی. وشەی (قەیامەت)یش هەڵەیە و ڕاستەکەی -چ لە عەربی و چ لە کوردیدا- (قیامەت-قییامەت)ە.

* هەر لە لاپەڕە ٤٢ی ژمارە ١٦دا:

(سەی فەتاح)ی مەیتەرم ڕۆژێ بە حیجحەت لێی نەوی
کلکی دەرهێنا لە بن ئەمجا بەئاستەم گوێی بزووت

(حیجحەت) هەڵەیە، ڕاستەکەی (حوجحەت)ە.

* هەر لە لاپەڕە ٤٢ی ژمارە ١٦دا:

گەر قەڵەو بێ ئەم ئەجننە نێرە تەسخیر ناکرێ
غەیری چەند دەروێشی ڕفاعی بە زەبری جەلجەلووت

(ئەجننە-اجنە) وشەیەکی عارەبییە کە هێنرایە سەر شێوە نووسینی کوردی، ئەبێ هەقی خۆی بدرێتێ، کەواتە ئەبێ بنووسرێ (ئەجیننە). (ڕفاعی)یش ئەبێ (ڕەففاعی) بنووسرێ. لایشم وایە هەڵەیەک کەوتووەتە نیوەی دووەمی ئەم بەیتەوە، چونکە لە نیوەی یەکەما وترا (تەسخیر ناکرێ) ئەبێ لە دووەما بووترێ (بە غەیری چەند دەروێشی ڕەففاعی). کەواتە لەوانەیە ئەم نیوەی دووەمە بەم جۆرە بووبێ: غەیر بە چەند دەروێشی... تاد.

*هەر لە لاپەڕە ٤٢ی ژمارە ١٦دا:

ئەم مەتاعە چاکە هەر لایق بە حاجی ئەحمەدە
جووتی پێ بکا هەروەکوو جووت هەردوو لنگت کرد بە جووت

لە مەعنای نیوەی دووەمی ئەم بەیتە ناگەم، ڕەنگ بێ هەڵەیەکی تیابێ و ڕاستەکەی بەم جۆرە بێ: جووتی پێ بکا، هەروەکوو خۆت هەردوو لنگت کرد بە جووت.

* لە لاپەڕە ٤٠ی ژمارە ١٧-١٨دا:

کە عەبدوڵڵا پاشا لەشکری والیی سنەی شڕکرد
(ڕمزا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تفلێ دەبستان بوو

(عەبدوڵڵا) هەڵەیە، چونکە نیوەبەیتەکەی پێ لەنگ ئەبێ. ئەبێ بنووسرێ و بخوێنرێتەوە (عەبدوڵڵاهـ) لەگەڵ جۆرە قورسایی خستنەسەرێکی (هـ)کەدا. (تفلێ)یش هەڵەیە. وشەی وا لە کوردییا نییە، خۆی لە (طفل)ی عەرەبییەوە هاتووە، ئەبێ بنووسرێ و بخوێنرێتەوە (تیفلێ).

* لە لاپەڕە ٤١ی ژمارە ١٧-١٨دا:

حیزێ کە ئەگەر قسە بیەستێ بە (ڕمزا)وە
بێشک بە حەڵاڵی لە کوزی دایکی نەزاوە

(قسە) هەڵەیە، چونکە نیوەبەیتەکەی پێ لەنگ ئەبێ. ئەبێ بنووسرێ و بخوێنرێتەوە (قیسسە).

* هەر لە لاپەڕە ٤١ی ژمارە ١٧-١٨دا:

بێ حیکمەت و بێ قیمەت و بێ جێ نییە شیعری
عومری لە هەوەڵ تاوە ئاخر تێدا ڕزاوە

ئەم (ئاخر)ە سەنگی نیوەبەیتەکە لەنگ ئەکا، مەگەر وای بخوێنینەوە کە (ئەخر) نووسرابێ، بۆیە لام دوور نییە ڕاستەکەی (وە ئەخیر) بێ.

* هەر لە لاپەڕە ٤١ی ژمارە ١٧-١٨دا:

(شوکری) گەنوگوو خۆری سلێمانی یە ئەم،
هەرچەندە کە ئەمدی وەکوو لۆتی دەگەڕاوە

پێم وایە (سلێمانی یە) هەڵەبێ و ڕاستەکەی (سولەیمانی یە) بێ، چونکە لە زمانی ئەدەبیی سەردەمی شێخ ڕەزادا (سولەیمانی)یان وتووە. هەروەها لە هەر شوێنێکی تری شیعری شێخ ڕەزادا کە وشەی (سلێمانی)ی تیا بەکارهاتبێ. (وەکوو)یش لەم شوێنەدا ئەبێ بە یەک (و) بنووسرێ بۆ ڕاگرتنی سەنگی نیوە بەیتەکە.

* هەر لە لاپەڕە ٤١ی ژمارە ١٧-١٨دا:

هەر مەتاعێ کە تەڵەب کەی لە سلێمانیدا
هەیە ئیلا کوزی بیکر و کوونی ناموستەعمەل

(کوونی) نیوەبەیتەکەی پێ لەنگ ئەبێ. ڕاستەکەی (کونی)یە. مەبەستیش لە وشەکە (کوون)ی بە واتا (قنگ) نییە، (کون)ە.

* هەر لە لاپەڕە ٤١ی ژمارە ١٧-١٨دا:

سلێمانی! هەقتانە، ناوی نابەم، وەک کوونی بێچوو
وەکوو دانێی لەسەر بەرگی شەقایق جێ سمی ئاهوو

(کوونی) نیوەبەیتەکەی پێ لەنگ ئەبێ. ڕاستەکەی (کونی)یە. لێرەیشا مەبەست (کوون) نییە و (کون)ە.

* هەر لە لاپەڕە ٤١ی ژمارە ١٧-١٨دا:

مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی

(سولەیمانی و) نیوەبەیتەکەی پێ لەنگ ئەبێ. ئەبێ بە (سولەیمانی یو) بنووسرێ و بخوێنرێتەوە.

chalakmuhamad@gmail.com

دەستنووسێکی مامۆستا ئەحمەد شوکری ( د. شـــــق )

١٩١٠- ٢٤ / ٥ / ١٩٨٩

[illegible]

chalakmuhamad@gmail.com

# لـۆزان

# لـۆزان

# لـۆزان

# لـۆزان

# لـۆزان

شێرزاد حەسەن

ئەم چیرۆکەم پێشکەشە بە فەرهاد پیربال کە لە ڕۆحی دێوانەی ئەوەوە خولقاوە.

لۆزان بە مەکرەوە سەری هەڵبڕی، قەف و لوولی قژە تەنک و خورمایی‌یەکەی بەر مل و گەردنی وەلادا و لێی پرسی... پرسیارێک جگە لە نەغمەی وەڕسی و سووکەگلەیی هیچی دیکە نەگەیەنێ:

"- کاوە با بەس بێ... ئەوە چەندەمین شەوە کە من و تۆ لەم بارە کپ و لاتەریکەدا بەیەکەوە دادەنیشین... تۆ هەمیشە باسی کوردستان و چوار پارچە و پێنج پارچەکەی بۆ من دەکەی... لە تۆ چاکتر لەو جوگرافیا لەعنەتییە گەیشتم... ناکرێ شەوێکیان باسی نەکەی؟"

کاوە بەقەهرەوە و بە دوو چاوی پڕ لە شەرمی شەهوەت و خەم تێزاوەوە سەیرێکی "لۆزان"ی کرد، پرشنگی گڵۆپە زەرد و سوورەکان بەتەواوی چاوە قەرسیلییەکانی لە سیحرێکی جەرگبڕدا غەرق کردبوو... دوو چاو کە قەت لەوە نەدەچوو باریکەدەمارێکی خەمیان تێ زابێ، یان ڕۆژێ لە ڕۆژان دوو فرمێسکی درشتیان بۆ هیچ شتێک و بۆ هیچ کەسێک ڕشتبێ، تاو نا تاوێ بە پەنجە ناسک و قامیشییەکانی قژە خورمایی‌یەکەی بە نازێکی دولبەرانەوە هەڵدەدایەوە... تاوێک کە سەری نەوی دەکرد دادەرژانەوە... ئاکاری وردی، زوو زوو... چ ڕێکەوت و چ ئەنقەست، لە کاوە دەشاردەوە، تاوتاویش فنجانی قاوەکەی هەڵدەبڕی و لێوی پڕ و گۆشتنی ژێرەوەی دادەکەوت... لەوە نەدەچوو قاوە بخواتەوە... تەنها ئەوە بوو لێوی ژێرەوەی لە لێوی فنجانەکە دەخشاند و بەس... ئەتوارێکی وا هیچ، بەس بوو بۆ کاوە کە شێت و سەرگەردانی کا... یان ئەو دوو چاوە عەییار و عیشوەبازانەی کە پڕ بەو بارە دەیانچریکاند:

"هەستە و دەستم بگرە... هەستە و ئاوێزانم بە!"

دوو چاوی وێکدی نەچوو: چاوی چەپ: ئەڤینتکێن، ڕاستەشیان: شەهوەترژێن کە لە وەختی وادا چەپیان دەکوژایەوە و چاوە ڕاستەکەی هەڵوەدای پەنایەکی تاریک و چەپەک... کە فنجانەکەی لە لێوی دوورخستەوە تۆزێکی ڕەش و تەڕ دەنێو شەقارەکانی لێوی ژێرەوەی جێ ما، پەڵە ڕەشەکانی ئەو قاوە عەرەبییەی لۆزان حەزی پێ دەکرد نەیتوانی ئەو خوێنە گەشەی لێوەکانی بکوژێ، ئەو لێوانەی ئێوارەیەکی تاریک و ڕوون لەسەر بورجی (ئایفل)ەوە کاوە تێر تامی کردبوون، ئەو حەلە هەردوو بە شنەبایەک دەشنانەوە، فێنک و دڵڕفێن، هەردوو سەیری چراخانی لە هەزار لاوە داگیرساوی (پاریس)یان دەکرد... بێئاگا لە خۆیان، لە خەڵکی، لە بەرزیی ئایفل لەبەر چاوی حەشاماتێک کاوە - ی شەرمنۆک بە لۆزان - ەوە نووسا...

ماندووانە پێکی بیرەکەی هەڵبڕی و لە پشت پەرداخەکەوە... پێکێکی ڕەنگ ئاڵتوونی... لە لۆزان ڕاما... بزەیەکی بزر نیشتە سەر لێوانی و تاوێک و بوو بە خەندەیەکی هەراش.

"بە چی پێ دەکەنیت؟"

"لە پشت ئەم پێکەوە سەر و سیمات سەیر دەنوێنێ."

"شێواوە؟"

"ئا... کەچی هەر جوانە..."

"بەڵام من لە بیرمە جارێکیان، هەر لێرە بووین، تۆ وتت: من ئەوەندە هیلاک و ماندووم کە ئیتر تام لە جوانی نەکەم..."

"لۆزان... تۆ هەقتە گلەیی لە من بکەی... دەزانم... خۆم دەزانم چەندە نامەردم دەرهەق بە تۆ، شەوانە لەگەڵما دادەنیشی و گوێ لە خەم و دەردەسەرییەکانم دەگری، ڕەنگە هیچ پارێسییەک بەقەد من حەز لە جوانی نەکات و تامیشی لێ نەکات... بەڵام ئێمەمانان ناتوانین تام لە هیچ جوانییەک بکەین گەر بە خەم و خەفەتەوە لوول نەدرابێ، تۆ کوردان چاک ناناسیت... هەر کە سەرمان لە هێلکە جووقا بە خەم ئاشنا دەبین... بە کۆست و هەرەس و گریان... خەم لەگەڵ شیری دایکمان دەڕژێتە خوێنمانەوە، لای ئێمە کە دایکان بێشکەکان ڕادەژەنن بەدەم لایەلایەوە دەگرین... من زۆرجار وا هەست دەکەم ئەو نووزە وناڵینەی دایکم لە ڕۆحمدا جێگیرە و مەحاڵە ڕزگارم بێ لێی..."

"دەترسێم تۆ هەمان نەخۆشیی ئەو ڕۆماننووسەی لای خۆمانت هەبێ کە هەر بە ڕەبەنی مایەوە..."

chalakmuhamad@gmail.com

کامەیان...؟"

"گۆستاف فلۆبێر..."

"ئا... ڕاست دەکەی... ئەو هەمیشە دەیوت: بێجگە لە من پیاوان هەموو بەختەوەرن... ئەوان سینە و مەک و... پێ و پووزی ژنان دەبینن و لەزەتی لێ دەکەن... کەچی من جگە لە پەیکەری ئێسقانی ژێر ئەو گۆشتە جوانەیان هیچی دیکە نابینم!"

"ها... تۆش فلۆبێرێکی دیکەی؟"

"نا لۆزان... من و فلۆبێر جیاین... ڕەنگە ئەو زۆر کوشندە هەستی بە مەرگ کردبێ... فلۆبێر لەودیو مەرگەوە نەیتوانیوە جوانی ببینێ..."

"جارێ لە فلۆبێر گەڕێ... تۆ بۆ لە دەستم ڕادەکەی... ئەو شەوە بۆ لە ژوورەکەما نەخەوتیت؟ تۆ دەزانی چەندە پێویستیم پێت بوو... تا بەرەبەیان خەوم لێ نەکەوت... من خۆم تکام لێ کردیت... شەرمت نەکرد ئافرەتێکت بە تەنیا جێهێشت؟"

"لە تۆ تامەزرۆتر بووم... شەرمە ئافرەت نائومێد کەی... لەوە شەرمتر کە خۆشەویستت بێ... بەلایەنی کەم لە تەکیا بنووی لەو وەختەی کە پێویستی بە هەناسەی گەرمی تۆیە..."

"قسەکەی (زۆربا)م بیرهاتەوە کاتێ دەچێتە گژ بێوەژنەکە... ئەم لەو بڕوایەدایە گەر نەچێتە پاڵ ئافرەتێکی تاک و تەنیا ئەوە خودا لە ڕۆژی قیامەت دەتخاتە دۆزەخەوە..."

"مەنتقێکی سەیرە!"

سەیر نییە... هەموو پیاوێک حەز دەکا (زۆربا) بێ و هەموو ژنێکیش دواجار حەز لە کەسێکی وەک زۆربا دەکا."

"سەیرتر ئەوەیە تۆ لە هەموو دانشگای "سۆربۆن" بە منەوە گیرسایتەوە!"

"ڕەنگە هی ئەوە بێ کە هەردوو شەیدای ئەدەبین..."

"بە تەنها ئەدەب... یان هی یەکدیش؟"

"ئمممم... سەیرم لێ دێ کە ئەوەندە ڕۆمانسیت... ڕەنگە تۆ تاکە ڕۆمانسییەک بیت لە پاریس...!"

"واتا تاکە شێتێک؟"

"من وام نەوتووە..."

"لۆزان کەسانی وەک من نەک لە پاریس... ڕەنگە لە ولاتی خۆشمدا هی ئەوە بێ بخرێتە مۆزەخانەوە...!"

"بڕوا ناکەم... لای ئێمە وا باوە کە ڕۆژهەلات یانێ ئەوپەڕی ڕۆمانسییەت..."

"سەردەمانێک وا بوو... وەلێ ئێستا... نا... چیتر نا...."

دیسانەوە فنجانی قاوەکەی هەلبڕی و سەیرێکی خلتە مەییوەکەی کرد... نەرمە نەرمەش بەنەشئەوە لەگەڵ مۆسیقای (دانووب) سەر و کەللەی مەست و کەیلی با دەدا... تێهەڵچووە:

"ئەو شەوە ئەو کچە عەرەبەی بەشی فەلسەفە قاوەی بۆ گرتمەوە... پێی وتم: تۆ شوو بە غەریبێک دەکەی...!"

"جا تۆ بڕوات کرد؟"

"مەسەلە بڕوا نییە... هەندێ پێشبینی خۆشە با درۆش بێ... من بۆ خۆم حەزم لە ڕێکەوتە... هەر شتێک بە بەرنامە و پرۆگرام بێ چێژی لێ نابینم...!"

"سەیرە... کچێکی سویسری و قوتابیی فەلسەفە و لە سۆربۆن بخوێنێ و ڕقی لە بەرنامە و پرۆگرام بێ... لە ولاتی مە هەموو شتێک ڕێکەوتە... ژیان و مەرگ و شووکردن و ژنهێنان... بگرە شۆڕش و هەرەسیشمان... بەلام نەک ئەو ڕێکەوتەی تۆ باسی دەکەی، لەوێ هەموو ڕێکەوتەکان... یان زۆربەیان دزێو و ناشیرین دەکەونەوە... بۆیە من، بە پێچەوانەی تۆوە، تا سەر ئێسقان دوژمنی ڕێکەوتم... ئێمە میللەتێک بووین ئەوەندە لەگەڵ ڕێکەوتدا ڕێک بووین... هەمیشە خۆمان دابووە دەست قەدەر...!"

"با واز لە ڕێکەوت بێنین... بێینەوە سەر خەمی خۆم و خۆت... ئەو شەوە کە باسی کوردستانت کرد..."

قسەکەی بڕی و ئاوڕێکی چەپ و ڕاستی دایەوە و سەیری سەر مێزەکانی دەوروبەری خۆیانی کرد... جگە لەوان زۆربەی جووت عاشقەکان تێکخزابوون... یەکدییان ڕادەمووسی... ئەمیش بەحەسرەتێکەوە فنجانەکەی دانا و هەر دە پەنجەی لە کەلێنی پەنجەکانی کاوەدا گیرکردن، ئەویش هەر دە پەنجەی لەرزۆکی بۆ شل کردن، سەیرێکی پەنجەکانی کرد... بۆیەی سەر نینۆکەکانی کاڵ بووبوونەوە... لە پەنجەی شایەتمانەی ورد بۆوە... سەیری پێ هات کچێکی وا ناسک بە دووکەلی جگەرە پەنجەی زەرد هەڵگەڕاوە... کە لۆزانی بینی سەری داگرتووە و تاساوە... ویستی بە قسەی بێنێ

"قسەکەت تەواو کە... لۆزان..."

کە سەری هەڵبڕی تەواوێ شلەژابوو... بەقەهرێکەوە لێی

chalakmuhamad@gmail.com

پرسی:

"کاوە... ئەو شەوە پێت وتم: بۆ ناوی خۆت ناگۆڕیت؟ داوایەکی سەیر بوو بەلامەوە... تێنەگەیشتم... ناوی من چییەتی؟"

"لۆزان ناوێکی خۆش و مۆسیقییە... بەڵام ناوێکە، نەک هەر بۆ من، بۆ هەموو کوردان بە کارەساتێکەوە... بگرە بە خیانەتێکەوە پەیوەستە..."

"کام کارەسات... کام خیانەت...؟"

"زویر مەبە... ئەم پرسیارەت ئەمشەویشمان وەک شەوانی دیکە لێ دەکا بە ژەهری مار... دیسانەوە... دەبێ باسی لەتلەتبوونی کوردستانت بۆ بکەم..."

"ئا حاڵی بووم... مەبەستت پەیمانی لۆزانە؟"

"دەقاودەق... تۆ چاک دەزانی لە پەیمانی "سیڤر"ی ساڵی نۆسەد و بیست بەڵێنی دامەزرانی دەوڵەتیان دا بە کوردان و کەچی لە نۆسەد و بیست و سێ و لە پەیمانی "لۆزان"دا لەو بەڵێنە پەشیمان بوونەوە..."

"بەس ئەوەیان پەیوەندیی بە منەوە نییە.... من بمزانیایە تووشی تۆ دەبم... موعجیزەم دەخواست و لەو ساتەی کە دایک و باوکم ناویان لێ نام "لۆزان" نەمدەهێشت."

"کامەیان خەڵکی لۆزانە؟"

"هیچیان... باوکم خەڵکی گوندێکی سەرووی لۆزان-ە"

زۆر بەشێنەیی هەر دە پەنجەی لە کەلێنی پەنجەکانی کاوە دەرکێشان و بەقەهرەوە جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی بەردەمی دەرهێنا و کاوە بە دەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە چەرخەکەی بۆ داگیرساند، نەیویست جگەرەکەی نێوان هەردوو لێوی لە ئاگرەکە نزیک بخاتەوە... تاوێ ڕاما... پێی شەرم بوو دڵی برەنجێنێ.

"لۆزان... ڕازێکم لە دڵدایە..."

"قسە بکە... کاوە..."

"بیرتە ئەو شەوە، لە ژوورەکەی مندا، کتوپڕ لە گەرمەی دەست لەملانێدا کە تلمان دەدا چۆن سڵەمیمەوە... وەک کابرایەک مار بیگەزێ..."

"بیرم مەهێنەرەوە... ئەو شەوە خۆم لەبەر چاو کەوت... کاوە تۆ لەوە ناچێ منت خۆش بوێ... جاری وا هەیە هەست دەکەم تۆ قێز لە من بکەیتەوە..."

"وا نییە لۆزان... تۆ لێرە بووی بە دایک و خوشک و دواجار دەستگیرانم... میهری تۆ نەبووایە لەم غەریبییە دەخنکام..."

"کە وابێ ئەوەیە گرێی تۆ لەگەڵ من... بۆ چەند وەختە قسەت نەدەکرد؟"

"پێم شەرم بوو... من چاک دەزانم نە تۆ نە ناوی تۆ، هیچ پەیوەندیی بەو پەیمانە شوومەوە نییە کە کوردستانی تیا لەتوپەت کرا... بەڵام نازانم بۆ ئەو شەوە کە پێکەوە نووستبووین... لە گەرمەی دەستلەملانێ و ڕامووساندا کە هاوارم کرد: "لۆزان... لۆزان گیان..." کتوپڕ ئەو پەیمانە شوومەم بیرکەوتەوە، وام هەست کرد من کاوە نیم... نێرێکی تینووی ڕۆژهەڵاتی، عەزرەتی تام و بۆی مێیینەیەک، کچێکی وەک تۆ میهرەبان و شۆخ، لەناکاو هەستم کرد، هەرچەندە هەستێکی زۆر نابەجێ و سەیرە... هیچ مەنتق و عەقڵی تیا نییە، وام هەست کرد من ئەو کوردستانە لەتوپەتەم، من کاوە نیم... خاکێکی پارچەپارچەکراوم... وام هەست کرد سەرم... ئەو لێوانەم کە لێو و ڕوومەت و چەناگە و نەرمایی گوێ و تەوێڵی خز و لووسی تۆیان دەلستەوە خوێنیان تیا نەما و بوون بە پارچەیەکی جیا لە لەشم... دەستی ڕاستەم سووکێ لە نێو قژتا بەجێ ما، دەستی چەپم بە هەر پێنج پەنجەوە کە ختووکەی لاکەفەڵی تۆیان دەدا لێم هەڵوەرین، هەردوو بەلەکم کە وەک دوو ماری ئاشقەوماشقە لە بەلەکی تۆ ئاڵابوون کتوپڕ سڕبوون و قرتان، هەردوو لێوم کەوتنە نێو دەمت، ویستم هاوارکەم، زمانم بە مەلاشوومەوە نووسا، هەر سی و دوو ددانم هەڵوەرین و کەوتنە سەر هەردوو مەمکی تورتت، تەنها... بە تەنها هەردوو چاوانم، بۆ بەدبەختی، ڕۆشن و زەق مابوونەوە.... دوو چاو و بەس کە زۆر بێدەستەڵاتانە، بە خەم و قەهرێکی زۆر کوشندەوە لە جەستەیەکی لەتوپەتکراوم ڕادەمان، جەستەیەکی هەڵاهەڵا... کە بێباکانە خوێنێکی گەش لە شادەمارەکانی دەڕژا و تا دەهات پێخەفی هەردووکمانی غەرق دەکرد، لەشی وەک گوڵ پشکوتووی تۆش غەمگینانە چاوەڕێ بوو... چاوەڕێی باسکە لێکترازاوەکانی من بوو لە ئامێزیان بگرێ... هەردوو لێوی قرتاوم کە ماچیان بکا... ئەو ساتە من شەرمم لە ڕووتیی خۆم دەکرد... تۆش لە ڕووتیی خۆت. دواجاریش لە یەکدی... بمبوورە لۆزان... نەمتوانی... چی بکەم نەمتوانی... پیاوێکی لەتوپەت... هەڵاهەڵا و داغان... پەنجە و نینۆک هەڵوەریو... سەر لە لەش قرتاو... زەحمەتە... زۆر زەحمەتە کە جوانترین

chalakmuhamad@gmail.com

شۆخی ئەم دونیایەش بگرێتە باوەش و ڕایمووسێ، بە بەرچاومەوە پەنجەکانم... دوایی دەستی ڕاستم... پاشان چەپم... هەردوو باسکم سەر خوێن کەوتن... سەری قرتاوم... هێدی هێدی لاقەکانم... دواجاریش کۆتەرەی جەستەم... تۆش تۆکمە و قورس دەنێو ئەو گۆمی خوێنەم ون بوویت... شێتانە وێڵ و سەرگەردان بۆ تۆ دەگەڕام، هەر ئەو شەوە هەموو پارچەکانی لەشم لێکدی بزر بوون، بەدوای یەکدیدا لەنێو گۆمی خوێنی خۆمدا کە تا بنمیچی ژوورەکە هەڵسابوو... دەگەڕان... بە دوای تۆدا... بە دوای خۆمدا... تۆ ژێر خوێن کەوتبوویت... تاوێک و بەدەم باسکەمەلەوە سەر خوێن دەکەوتیت و هەر زوو لێم ون دەبوویتەوە... وەلێ مەحاڵ بوو لە ژوورێکی وا خوێناوی سەر و دەست و قاچەکانم بە کۆتەرەی لەشمەوە بنووسێن... لەوەش مەحاڵتر لە بنی ئەو گۆمەی لێم بوو بە زەریای خوێن، تۆ بدۆزمەوە... لێم مەگرە... من هیچترین پیاوی ئەم سەرزەمینەم کە لە دوا ترۆپکی لەزەت... دواموچڕک و ڕاچەنین پشت لە ئافرەتێکی وەک تۆ ناسک دەکەم، تێم بگە لۆزان... ورد بەرەوە لێم... من کابرایەکی زۆر لەتوپەتم، من نەک هەر میللەتەکەم... خاک و زێدم... من بۆ خۆشم وەک تەنیا زەلامێک لەتوپەتم... تۆ دەزانی باوکی من چ کارە بوو؟ باوکی من پیرترین قەسابی هەولێرە. هەولێریش کۆنترین شاری سەر ڕووی زەمینە، باوکم بە بەر چاومەوە هەزارەها بزن و مەڕ و مانگای لەتوپەت کرد، هەمیشەش بە بەرچاومەوە خوێن لە شادەماری ملە قرتاوەکانیانەوە دەڕژا و لەبەر پێمدا جۆگەلەی دەبەست، من هیشە، گرگن و چڵمن، قاچی ئەو حەیوانەم دەگرت کە ئەو کەلەپاچی دەکرد، کە تووڕەش دەبوو بە دەسکی چەقۆ خوێناوییەکەی تێی دەسرەواندم... زۆر جاریش خوێنی من و مەڕ و بزنەکان تێکەڵ دەبوون، لۆزان ئەو پیاوە دەستخوێناوییە ڕۆحی منیشی هەلاهەلا کرد... لە هەموو پاریسدا... بگرە لە هەموو فرانسادا پیاوێکی وا دڵڕەق نادۆزیتەوە، هەم خوێناوی و هەم شەهوەتباز، کە هەمیشە گۆشتی بەلاشی بە بێوەژنەکان دەبەخشی تا قەرزارباریان کا... ناچار شوویان پێ دەکرد... من ناوی زرخوشک و براکانم نازانم... ئێستا لە ئەستەمبووڵ برام هەیە حەماڵە، لە تاران پینەچییە، لە دیمەشق پۆلیسە... وازبێنە و چیتر برینم مەکولێنەوە... هەموو شتێک، لە حەیاتما، هەڵوەشاوە... من لێرە و... لەگەڵ تۆدا هەستم کرد... هەر ئەو شەوە تێگەیشتم: من نەک هەر وڵاتەکەم، کوردستانەکەم... میللەتەکەم... نا گیانەکەم لۆزان... من خۆشم لەتوپەتم... وەک ئەو بزنەش بێدەستەڵات کە قەسابێک بۆ سەربڕین گوێی ڕادەکێشێ و ئەویش لە حەژمەتانا دەقاڕێنێ... ئاه...ه...ه... تازە لەوە بەتەمەنتریشم ئەم لەتوکوتانەی جەستەم بەیەکەوە بنووسێنم... بمبوورە کە بەم زمانە خوێناوییە قسەت لەگەڵدا دەکەم... تا ئێستاش من سەرسامم، کچێکی سویسری... سەرقاڵی میترۆ و فەلسەفە لێرە، لە پاریسی جحێڵە کەڵەگەتەکان خۆشی بوێم... کەچی لەوێ... تارماییی ئەو کچانەی خۆشم دەویستن... لە خەونەکانیشما زۆر زوو دەڕەوینەوە... نا تکات لێ دەکەم... من لەوانەم بەرگەی حەزی هیچ مێیینەیەک ناگرم... نا... من دەمرم... بەحەژمەتیشەوە دەمرم..."

کاوە بەدەم قسەوە فرمێسکی درشتی دەڕشت، ئەو فرمێسکانەی مەگەر تەنها ژنە جەرگبڕاوەکانی دەشتی هەولێر بۆ مێرد و برا و کوڕی جوانەمەرگ هەڵیڕێژن... لۆزانیش بەدیاریەوە سەرسام و ئەبڵەق لە کاوە ڕادەما، کچێکی خەمنەدیدە کە نەیدەزانی چۆن دڵی ئەو لاوە ڕۆمانسییە... شێتە بداتەوە، ئەو لاوەی کە قەت شەرمی بە خۆ نییە لە قەڵەباڵغترین شوێندا بگری، نەشیدەزانی بۆچی ناوی ئەم تا ئەو ڕادەیە بۆتە سۆنگەی خەم و دەرد و تلانەوە، بێدەستەڵاتانە سووتەکی جگەرەکەی داتەکاندە تەپڵەکەکەی بەردەمی و پێی وت: "بەسە مەگری... با خەڵکەکە پێ نەزانێ...!"

ئاخێکی هەڵکێشا و بەحەسرەتەوە وەڵامی دایەوە:

"ئۆو... لۆزان... تۆ پێت شەرمە لە مەیخانەیەکدا یەک دوو کەس فرمێسکی من ببینن... ئێمەی کورد ساڵەهایە هەموو دونیا بێباکانە گوێ لە گریە وناڵینی ئێمە دەگرێ... لە فرمێسک ڕشتن و خوێن ڕشتنمان میللەتە هەرە شارستانییەکان بێدەنگن... تۆ باسی چی دەکەی؟"

"باشە... باش... تێگەیشتم... سبەی دەپرسم... گەر بۆم کرا ناوی خۆیشم دەگۆڕم... تۆ چ ناوێکت پێ خۆشە؟ حەز دەکەی با ناوێکی کوردی بێ... چیت وت؟"

"هەرچ ناوێک لە خۆت بنێی... تۆ لۆزانیت!"

chalakmuhamad@gmail.com

"تۆ زۆر زاڵمی... ئاخر خۆ من لەوێ نەبووم کە دەوڵەتەکان پەیمانی لۆزانیان مۆرکرد و کوردستانەکەی تۆیان لەتوپەت کرد...!"

"دە تۆ هەڵمەچۆ لۆزان... تۆ ئاواهی پتر ئازاری ڕۆحم دەدەی... من نەموتووە گوناهی تۆیە... تەنها تکام ئەوەیە مۆڵەتم بدەیتێ تا لەو گرییە ڕزگارم دەبێ... یارمەتیم بدە... من لەوە دەترسم شەوێکی دیکەش کە بەیەکەوە خەوتین هەمان زووخاوی ئەو شەوە بکەمە دڵتەوە... لۆزان جێم مەهێڵە... تۆ ئێستا پەناگامی... بێ تۆ دەمرم... دەمخنکێم... بە درۆش بێ تا ماوەیەک با حەوسەڵەت بێ... من دەزانم تۆم ماندوو کردووە... وای دانێ تۆ پزیشکیت و من نەخۆشێکی بەستەزمان و بێکەسم... داڵدەم دە لۆزان...!"

"ئیتر ناکرێ کاوە... من کچێکی واقیعیم... هیچ کچێکی تر ئەوەندەی من پشووی درێژ نابێ، داهاتووی من لەگەڵ تۆدا زۆر نادیارە... بمبوورە گەر پێت بڵێم من بەو ئەزیەتەوە ڕانەهاتووم، تۆزێ لەمەوبەر خەونێکی ترسناکت گێڕایەوە... لافاوی خوێن و لەتلەتبوونی خۆت و ونبوونی من لە تۆ... بۆ من قورسە لەو خەونە ترسناکەی تۆ بگەم...!"

"دڵنیام قورسە... بەس ئەوە خەونی پیاوێکی نەخۆشە... نەخۆش تا ڕادەی مەرگ..."

"بەڵام من تاقەتم چوو... ئیتر تەواو...!"

"لۆزان... با حەوسەڵەت بێ و جێم مەهێڵە..."

"تەواو... من لە تۆ بێئومێدم... دوا ئاکامی ئەم حەزە دیارە... دەست لێک بەردانە و هیچی تر..."

"بوەستە... ئەم یەک دوو پێکەم ماوە..."

"تەواو..."

"بۆ کوێ... بەڵێنە ئەمشەو بێمەوە لای تۆ..."

"بەڵێن بوو... بەڵام پاشگەز بوومەوە... نەیکەی بە بەزمی جاران و نیوەشەو هەراسانم بکەیت..!"

"هێشتا زووە لۆزان... تۆ نازانی کە من بەوە مردووم: هەر جارێک لێم بێتاقەت دەبیت، شەوی دواتر قۆڵ لە قۆڵ لەگەڵ کوڕێکی دیکە دەتبینم...!"

"من مریەم نیم... ڕاستی... هەر جارێک کە بڕیار دەدەم وازت لێ بێنم... کەچی..."

"تەواوی کە..."

"خۆت دەیزانی..."

"حاڵی بووم... زۆر بە زەلیلی دێمە بەردەمت و تکای ئاشتبوونەوەت لێ دەکەم... تۆ دەزانی بۆ پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی چەندە قورسە بەسەر پێڵاوی ئافرەتێکدا بکەوێ...؟"

"بەڵام تۆ لە سۆربۆن دەخوێنیت... کاوە؟"

"لەعنەت لە سۆربۆنەکەتان...!"

"هەڵبەت... تۆ بە عەقڵی جووتیارێکەوە هاتوویت و ناتەوێ بگۆڕێی..."

"سەیرکە لۆزان... دیسانەوە خەریکە سووکایەتیم پێ دەکەی... تۆیەکی شارستانی جنێوم پێ دەدەی..."

"گوێ بگرە کاوە... لەوە دەچێ من و تۆ لە یەکدی حاڵی نەبین... حەقیقەت لای تۆ سووکایەتییە..."

"هەڵمەچۆ... با دەنگمان دەرنەیەت..."

"مەترسە... کەس ئاگای لە من و تۆ نییە... سەیرکە... ئەوان سەرگەرمی ماچ و مووچن... من و تۆش شەڕەدەنووک..."

"بمبوورە لۆزان... ئتیر تەواو... تێگەیشتم..."

"نەء... گوێ بگرە... شەوەهای شەو من گوێم لە گریە و ناڵینی تۆ گرتووە... هەقە ئەمشەو تۆ گوێ لە خەمی من بگریت... من تا ئێستاش لەبەر تۆ و بۆ تۆ دەستبەرداری کچێنیی خۆم نەبووم."

"ڕاست ناکەی... تۆ جارێکیان وتت: باوکم کابرایەکی گوندنشینە..."

"وتوومە... بەڵام ئیتر تەواو... من ئێستا لە پاریسم و سەربەستم... هەقیشم بە دەستە چۆن ڕەفتارکەم..."

" منیش بۆیە تۆم ویستووە... چونکە لە هەموو پاریس لە تۆ پاکیزەترم نەدۆزییەوە."

"عەقڵیەتێکی سەیرە!"

"بۆچی سەیرە؟"

"کاوە... پاکیزەیی کچ لەو پەردە تەنکەدا نییە کە ڕەنگە لە هەڵبەزین و دابەزینێکا بتەقێ... پاکیزەیی ئەگەر هەبێ: ئەوە لە خەیاڵدایە، لە ڕۆحتایە، لە مێشکتایە... کچانی وڵاتەکەت کەمیان پاکیزەن."

"چۆن پاکیزە نین؟"

"پاکیزە نین... بە حوکمی ئەوەی لە پیاو دوورن: خەیاڵیان پیس بووە... پیاوەکانیشتان وان... کاوە، کە خەیاڵ پیس بوو... ئیتر بنیادەم بۆ خۆی دەگەنێ!"

"یانی تۆ سەغڵەتیت کە هێشتا کچیت و گوناهەکەشی لە

chalakmuhamad@gmail.com

ئەستۆی مندایە...!"

"من باسی گوناهم نەکردووە..."

"دە چاکە... ئەگەر ئەوەندە لە کچێنیی خۆت بێزاری... خۆتی لێ قوتارکە..."

"ئەها... ئەوەتا... کەللەیی بوویت... ئەمجارەیان تۆ گەرەکتە سووکایەتیم پێ بکەی... هەقی خۆتە... من خۆم خەتابارم کە... هیچ... واز بێنە..."

بەقەهرەوە جگەرەکەی لەناو تەپڵەکەکە کوژاندەوە و بە ڕقێکەوە دوو سێ جار گوشی و بای دا تا فلتەرەکەی پان بۆوە و پاشان پارچە کلینکسێکی ناو پەرداخەکەی ڕاکێشا و سووتەکی جگەرەی سەر پەنجەکانی پێ پاک کردەوە...

کاوەش بە دوو چاوی پڕ فرمێسک و خوێنتێزاوەوە لە ئاکار و سەر و سیمای ورد دەبۆوە، جوانییەک کە لەوە دەچوو پێ بزانێ مەحاڵە بۆی بگیرێ، جوانییەک تا بڵێی سادە و سرک و بێگرێ، بە دەستێکی لەرزۆکەوە پێکەکەی لە دەمی نزیک خستەوە و بە یەک بین هەڵی دا، ئان و سات لۆزان هەستایە سەر پێ، چنگی لە پاکەتەکە گیرکرد و دەمی جانتاکەی کردەوە و بەغەزەبەوە پاکەتەکەی تێ فڕێ دا... چەند فرەنکێکی لەسەر مێزەکە جێهێشت... بە دەنگێکی کەرخ و پڕ ترس و نائومێدانە کاوە لێی پرسی:

"ها لۆزان چیتە...؟"

"دەڕۆم..."

"بۆ، چی بووە؟"

"پێم وتیت... ئەمشەو بەتەواوی دڵساردت کردم... بۆیە منیش دەمەوێ دڵساردت کەم...!"

"دیسانەوە عاشقێکی تازەیە...؟"

"ئەوەیان کەیفی خۆمە..."

شێتانە لە کاوە ڕاما، سەدەها جار و لە چەندین فیلم ئەم دیمەنەی دیبوو، کچێک بەتووڕەیی دڵدارەکەی بە تەنیا و لەسەر مێزێک جێ دەهێڵێ، وەلێ قەت لەو بڕوایەدا نەبوو لە شەوێکی وا، غەریقی غوربەت، لە گۆشەی باڕێکی لاچەپەک، ئاوا دڵڕەقانە، لۆزان، هەمان دیمەن لەگەڵ ئەودا دووبارە بکاتەوە... بێباکانە پێی وت:

"کاوە دڵگیر مەبە... من دەڕۆم... تۆ ئەو شەوە لە نێو پێخەف و لەگەڵ مندا خۆت بە لەتوپەتکراوی بینی، ئەمشەو من ئاواهی تۆ دەبینم، حەزیشم دەکرد پارچەکانت بەیەکەوە بنووسێنم، خۆم بۆ ناگیرێ بە دیار زەلامێکی هەلاهەلاوە دابنیشم، لەو کچانەش نیم بتوانم بە تەنها خەمت بۆ بخۆم و بە درۆ دڵت بدەمەوە، ئەمشەو پێم خۆشە لە نێو ئەو نەهامەتییەدا بە تەنیا جێت بێڵم... تا تێبگەی دڵدانەوە هیچ ناگەیێنێ... بشمبوورە کە زیاتر دڵت ئەزیەت دەدەم... ئەمشەو زۆر پێویستم بە پیاوێکە... یەکێ لە کۆنە عاشقەکانی خۆم... پێویستمە... حەزێک، سۆزێک... ڕاستتر بڵێم: گڕی شەهوەتێک کە ڕەنگە هی کچێکی عاشق نەبێ..."

"تەواوی مەکە لۆزان... تێگەیشتم..."

"نەء، گوێ بگرە... من ئەمشەو... ڕەنگە بە کوچە و کۆڵان و مەیخانەکاندا بگەڕێم تا پیاوێک بدۆزمەوە... بۆ ژوورەکەم ڕایپێچم... بەڵام پیاوێک یەکپارچە بێ... نەک چوارپارچە..."

کورسییەکەی بە پشتەوەدا خزاند، عاشقانی سەر مێزەکانی دیکە کەیلی ناز و عیشوە و عیشقی یەکدی... کەسێکیان ئاوڕی لەو جووتە نەدایەوە کە دەمێک بوو بێئاگا لە خۆیان دەمەبۆڵەیان بوو... دەمەبۆڵەیەک بەسەر سەدا و ئاوازی مۆسیقای (دانووب)دا زاڵ، سووکێ ڕووی لێ وەرگێڕا، پشتی تێکرد و بە هەنگاوی چوست ملی نا، پاڵی بە دەرگایەکی شووشەبەندەوە نا و کەوتە سەر شۆستەکە، تاوێ ڕاما و ئاسکانە بە چەپ و ڕاستدا ڕوانی و بە پڕتاو لە جادەکە پەڕییەوە، بەو باڵابەرزەوە لە ژێر ڕۆشنایی‌ی لایتی ئۆتۆمۆبیلەکان وەک تەنێکی سیحراوی دەدرەوشایەوە، تا لە چاوانی بزر بوو کاوە تێی ڕاما، بارەکەش کپ و خامۆش بۆوە... جگە لە چرپەچرپ و مۆسیقای (دانووب) هیچ دەنگێکی دیکە نەدەهات، پێکەکەی پڕ کردەوە و غەمگینانە لە فرەنکەکان ورد بۆوە، ماندووانە خۆی بە پشتەوەدا وەرگێڕا و لە نەخش و نیگاری بنمیچەکە ڕاما، تینووانە

chalakmuhamad@gmail.com

بۆ جارێکی دیکە بە یەک بین پێکەکەی هەڵدا، شەرمی بە خۆ بوو لەوە پتر بە تەنیا لەسەر مێزێک دابنیشێ، تەکانی دا... کەچی نەیتوانی هەڵسێتە سەر پێ، سەیرێکی خۆی کرد... عاجباتیی لێ هات...

هەردوو دەست و هەردوو قاچی هەڵوەرین و کەوتنە ژێر مێزەکە و... بڕبڕەی پشتی ئارەقەی دەردا... چاوەڕێ بوو... ئەوە خوایە ئەمەیان تەنها سست بوون و خوێن مەیینی هەردوو دەست و قاچەکانی بێ و هیچی تر... بەحەژمەتەوە لە جووتە تێکئالاوەکان ڕاما، لەژێر ڕۆناهیی کزی ئەو بارەدا لێی بزر بوو، ئەو ئاوێتەبوونە سۆزێکی ڕووتە یان شەهوەتێکی جحێڵانە... ڕۆحی کلۆلی دایە بەر تاقگەی شیرینی (دانووب) تا بیشواتەوە.... بێدەنگ بێ یان هاوار کا و مەیگێڕ و عاشقەکان لە خۆی کۆبکاتەوە...؟ نەء... باشتر وایە کەسم تێ نەگات، نیوەشەو کە چۆڵیان کرد تکا لە مەیگێڕەکان دەکەم سەیرم کەن و نەترسن... ئاخر قەت نەبووە لە بارێکدا پیاوێکی لەتوپەت لەسەر مێزێک دابنیشێ و بخواتەوە و بگری... چوار دەستە کۆتەرەی لەشت بە کورسییەکەوە هەڵبگرن، هەردوو دەستت و هەردوو قاچیشت بە جیا... تکایە هیچتان بیر نەچێ... خۆ شەوانە پاریس ناخەوێ، پاریسی هەمیشە وەئاگا... تەنها لە حاڵی من بێئاگا، ئەمشەو هەموو چراکانی ئەو دڵە تاریکەم ڕۆشن ناکەن، بە زبانێکی لاڵەوە، بەدەم هەنسکەوە، دەگریم و ئەدرەسی لۆزان - یان بۆ هەڵدەدەم، جوامێرانە بە شۆفێرێکی مەست و کەللەکاسی نیوەشەوم دەسپێرن، دەیەها لاکۆڵان و جادە دەبڕێ و بەدەم سەدای چریکەی (پیاف)ەوە سەر بادەدا و بێئاگاش لەو پیاوەی لەسەر کوشنی پشتەوە خوێنی لێ دەڕژێ... دواجار بەتەنیا و هەلاهەلا لەسەر شۆستەی بەر قاپیی ئەپارتمانێک فڕێت دەدا... چاوانت دەنووقێنی و بە دیدی خەیاڵ دەیبینیت... درەنگی شەو... لۆزان و دۆستێکی تازەی ساتمە لە زەلامێکی لەتوپەت دەکەن... کە شاژنانە دەنووشتێتەوە و لێی ورد دەبێتەوە: خۆ ئەوە کاوەی خۆشەویستە... کاوەی بێناز کەوتوو... چون تەنێکی سارد و مردوو... بێهوودە خوێنی لێ دەڕژێ و تێکەڵ بە ئاوەڕۆ دەبێ و دەڕژێتە کونی ژێرابەکانەوە، بێشک سکی پێت دەسووتێ و چواردەستە بە کۆمەکی دۆستەکەی کۆتەرەی لەشی چوار پەل قرتاوت هەڵدەگرن و بە پێپلیکەکانا سەردەکەون، وەک تەرکێک لەسەر پێخەفەکەی ژووری لۆزان فڕێت دەدەن... بە جووتە بە پرتاو بە پێپلیکەکانا غل دەبنەوە... چاوتروکانێک و لەبەر ڕۆشنایی‌ی گلۆپی سەر شەقامەکان چوار سەگی هەوشار دەبینن، کلکیان لە نێوگەڵ ناوە و هەر یەکە و کەلبەی لە دەستێکی، قاچێکی کاوە گیرکردووە و پرکێشیی ڕافڕاندنی دەکا، هەر یەکە و باریکەداوێکی خوێنینیان لەسەر شۆستەی بەردین ڕەسم کردووە، تاوێک لۆزان و دۆستەکەی تەکان دەدەن ڕاوەدووی سەگەکان بنێن، چەند هەنگاوێک و سارد دەبنەوە... دڵسارد و بێئومێدانە لێکدی ڕادەمێنن، هەر سەگە و بە کۆڵانێکدا دەقووچێنێ، ئەوانیش هەردوو دەست لە ملی یەکدی دەکەن و سست و سەرسام سەردەکەونەوە... هەر کە دەرگا دەکەنەوە... وەی لە عاجباتی... کاوە غەرقی گۆمی خوێن بووە، هەر چوار پایە کورتەکانی قەرەوێڵەکەش لەو خوێناوە نوقم بوون، خوێنێکی وا زۆر کە قەت لەوە ناچێ لە تەنیا زەلامێک بڕژێ... بۆنی خوێن... ڕەنگی خوێن... گەرمیی خوێن، گڕی چ شەهوەت و ئاڵۆشێکی کوشندە بەردەداتە هەموو گەردیلەیەکی جەستە... لۆزان خۆی بۆ ناگیرێ... سووکێ بە لەقەیەک دەرگاکە دادەخا و خۆی هەڵدەداتە نێو باوەشی ئەو پیاوە چاوشینەی لە هەموو شەقامەکانا بینیویەتی و نایناسێ، بە دوو چاوی پڕ لە حەسرەتەوە دیقەتیان دەدەی، زەمانی وەک پەلاس وشکت لە زاردا ناجووڵێ تا بپرسیت: "ئەو هەموو دڵڕەقییە بۆ...؟"

ئەوەندەی لە دۆستی تازە ورد دەبێتەوە نازانیت ئەمریکییە یان ئەورووپی... فرانسییە، ئینگلیزە... یان ڕووس، لە ماچێکی درێژ و یەکدی خنکێندا غەرق دەبن، هێدی هێدی سەر خوێنی خۆت دەکەویت... تاو نا تاوێ نوقم دەبیت... بێمروەتانە لە نێو ئەو گۆمی خوێنەت، دەست لە ملان، یەکدی ڕادەمووسن... هەر تاوێک و پارچەیەک لە جلەکانیان دادەکەنن... خوێنی مەییوی تۆ لەبەر دەکەن... خوێنی تۆ تف دەکەنەوە... گوێیەکانت لە خوێن پڕ دەکەی تا نرکە و ناڵەی شەهوەتبازانەی لۆزان نەبیستی، وەک دوو عاشقی ساختە یان تامەزرۆ، تێک دەئاڵێن و لافاوی خوێنینی تۆش تا بێ سەریان دەخا... خوێنی بێهوودە و هەمیشە ڕژاوی تۆ..

١٩٩٣/٤/١٤ سلێمانی

chalakmuhamad@gmail.com

# هەڵبژاردەیەک لە شیعری ئاڵمانی

## مارگۆت بیکێل
## بێرتۆلت برێشت
## ئێریش فرید
## گونتێر گراس

وەرگێڕلە ئاڵمانییەوە: هێدی

## مارگۆت بیکێل

"دەمەوێ بتوێمەوە
لە درێژایی ئاسۆگەدا
لەو شوێنەدا، کە
زەریا کۆتایی دێ و
ئاسمان دەست پێ دەکا"*
دەمەوێ یەکبم
دەگەڵ هەموو ئەوانەی
دەورەیان داوم،
ئاگام لێیە و دەزانم
هەست دەکەم و دەترسم
بڕوا دەکەم و هیوادارم
هەموو دەگەڵ یەکتر بێنەوە،
دەمەوێ بتوێمەوە
لەدرێژایی ئاسۆگەدا
لەو شوێنەدا، کە
زەریا کۆتایی دێ و
ئاسمان دەست پێ دەکا.

دەمەوێ یەک ـ بم.

لەوانەیە
بڕێک پێوەندی بە خۆشبەختییەوە هەبێ
کە هەرچی ئێمە دەمانەوێ
یان دەستمان ناکەوێ
یان لە دەستمان دەردێن.**

* هاوڕێم جەعفەری شێخەلیسلامی (ئاشتی)، ئەو بەندەی لە فارسیڕا کردۆتە کوردی و ئەمنیش بێ دەستتێوەردان دە وەرگێڕانەکەی خۆم هەڵکێشاوە.
** ئەحمەدی شاملۆ و محەمەدی زەڕین باڵ، کۆمەڵێک لە شیعرەکانی "مارگۆت بیکێل"یان، بە شێوەیەکی ئازاد، وەرگێڕاوەتە سەر فارسی.

chalakmuhamad@gmail.com

بێدەنگی
خۆی لەبەر بگری
خووی پێ بگری
دەگەڵی ڕابێی
هەتا
پەیامەکە دەبیسی
زمانەکە
تێدەگەی
ڕاستەقینەکە
دەدۆزییەوە،
ئەوەی بەرەو ژیان
گازت دەکا.

ڕابە
خواردنت دەدەمێ
خواردنەوەت دەدەمێ–
پێت وایە
بەش ناکا
کەمە
بۆ ئەتۆش
پێداویستی خۆشەویستەکەت
دابین ناکەی؟
لەبەر ئەو بێمتمانەیی یە
لە برسان دەمری
لەبەر ئەو خۆفە
قڕ دەبی لە تینووان

ڕابە
خواردنت دەدەمێ
خواردنەوەت دەدەمێ.

چەند جاران بەو ئاواتەوە
تۆڕی ژیانت هاویشت
کە دەستێکی یارمەتیدەر
پەیڤێکی پڕ ئەوین
هێمایەکی بەسۆز
گوێچکەیەکی هێور
نێچیرت بن

چەند جاران سەرلەنوێ تۆڕی ژیانت
بەتاڵ دەرکێشاوە–

ماندوو مەبە
تۆڕەکەت شیکەوە و
دیسان بیهاوێوە،
لەبەر ئەو برینە سارێژ نەبووانەیە
کە ئەوەی پێشکەشت دەکرێ
بەر لەوەی بزانی چییە
لە کیست دەردەچێ.

کە ئێمە مردین
تۆ
من
نابێ لە کۆتاییدا
نیشانەی پرسیارێک
سەرهەڵدا
بەڵکە تەنیا
خاڵێک

ئێمە دە ماوەی کورتی زەماندا
ئەوەندەمان ماوە هەیە
پێشکەشی یەکتری کەین.

جاری وایە
حەز دەکەم
لۆتکەیەک بم
بۆ تۆ
لۆتکەیەک، کە هەڵتگرێ و بتبا
بۆ هەر جێیەکی پێت خۆش بێ
لۆتکەیەک، کە بتوانێ
لەبەر هەموو ئەو بارە گرانانەی دەگەڵ خۆتیان دەگێڕی
خۆ ڕاگری

لۆتکەیەک، کە قەت بە لادا نەیە
هەرچەندە نەسرەوتیش بی
هەرچەندە زێی ژیانیش بێئارام بێ
ئەو زێیەی لەسەری داژوێین.

لە لام بمێنەوە
لەسەر ڕێچکەم

chalakmuhamad@gmail.com

که بەرەو نادیار دەکشێ

لە لام بمێنەوە
تا ئەو دەمەی
بۆ خۆم ئامانج دەناسمەوە

ئەی هاورێم
لە لام بمێنەوە
هەتا سبەی بۆ خۆم
تەنیا ملی ڕێ بگرم

لە لام بمێنەوە
منیش دووسبەی
ئاواڵی ڕێتم.
کە لە گیانی مندا
لە پاش شەوێکی درێژ
کازیوە دەنگوێ

لە دوورەوە
بانگی کەڵەبابێک دەبیەم
هەر کە بۆ سێهەم جار خوێندی
منیش تێدەگەم
کێم
لە قاو داوە.

زێدی مرۆڤێک
لەسەر هیچ نەخشەیەکی نابینرێتەوە
تەنیا لە دڵی ئەو مرۆڤانەدا نەبێ
کە خۆشیان دەوێ.

## بێرتۆلت برێشت (Bertolt Brecht)

لە ١٨٩٨/٢/١٠ لە ئاوگسبوورگ لە دایک بووە، لە ١٩٥٦/٨/١٤ لە بێرلین کۆچی دوایی کردووە. پاش ماوەیەکی کورت خوێندنی پزیشکی، لە مونیخ و بێرلین شانۆنامەنووس بووە. لە ساڵی ١٩٣٠دا بۆتە کۆمونیست. پاشان ئاوارەی هەندەران بووە و ساڵی ١٩٤١ لە ئامریکا گیرساوەتەوە. لە ساڵی ١٩٤٨ڕا لە بێرلینی ڕۆژهەلات بەڕێوەبەری تیپێکی شانۆیی بووە. کۆمەڵێ شانۆنامە و شیعر و چیرۆکی لە پاش بەجێ ماون.



### ئەی بەدبەختی نا

ئەی بەدبەختی نا!
براکەتان دەچەوسێنرێتەوە و
ئێوە چاوتان دەقووچێنن!
چەوساوە هاوار بەرز دەکاتەوە و
ئێوە بێدەنگن؟
زۆردار دەخولێتەوە و قوربانیی خۆی هەڵدەبژێرێ و
ئێوە دەڵێن: خۆ دە ئێمە ناگەیەنێ، ئێمە کاری نابەجێ ناکەین.
ئەوە چ شارێکە، ئێوە چ مرۆڤێکن!
کە لە شارێکدا زوڵم بکرێ، دەبێ ڕاپەڕینێک سەر هەڵدا
ئەو شارەی ڕاپەڕینی تێدا نییە، وا باشترە
بە ئاگرێک تێدا بچێ،
بەر لەوەی شەو بگاتێ!

### پەندێک بۆ ئەو خۆشەویستەی دەچێتە شەڕێ

خۆشەویستم، خۆشەویستم
کە ئێستا دەچیە شەڕێ
کە ئێستا دەگەڵ دوژمن بە شەڕ دێی
خۆ بۆ پێشەوەی شەڕێ مەکوتە

chalakmuhamad@gmail.com

لە پاشەوەی شەڕیش مەڕۆ
پێشەوە ئاوری سوورە
پشتەوە دووکەڵی سوورە
دە نێوەڕاستی شەڕێدا بمێنەوە
خۆ وەپاڵ ئالاهەڵگر دە.
ئەوانی پێشەوە هەمیشە دەمرن
ئەوانی دواوەش دەپێکرێن
ئەوانی نێوەڕاستێ دەگەڕێنەوە ماڵێ.

## کێ دوژمنتە؟

ئەو برسییەی دوا نانت لێ دەستێنێ ، بە دوژمنتی دادەنێی.
بەڵام ئەو دزەی کە قەت برسێتیی نەچێشتووە
دەستی دە ئەوکێ نانێی.

## قەسیدەی گیانلەبەران*

بە قسەی خەڵکی
هەڵۆیەک لە بەرزایی داگەڕا
خەڵکە وتیان:
لە گۆماوێدا مەلەت پێ ناکرێ
هەڵۆی بەفیزوهەوا
بە قسەی خەڵکی هەڵخەڵەتا
خۆی دە گۆمێ هاوێشت
هەڵۆ خنکا.
(قسەی خەڵکی بەجێ بوو.)
* * *
لە ڕکەیدا
بولبولێک
خۆشدەنگ دەیخوێند
قالاوێکی ژیر و پیری خستە بەر لاتاو:
هەی لەو رووخسار و ڕەنگەی
هەی لەو ئاواز و دەنگەی
قالاو بە تووڕەیی وتی:
ئەگەر تۆ خۆشدەنگ نەبای
ڕازاوە و خۆشڕەنگ نەبای
ئازاد دەبووی وەکوو من.

* ئەو دوو بەندەم لە قەسیدەیەکی درێژ هەڵبژاردوون و بە شێوەیەکی ئازاد وەرمگێڕاونەوە. وەرگێڕ.

## گونتەر گراس (Günter Grass)

لە ساڵی ١٩٢٧دا لە دانتسیگ (Danzig) لە دایک بووە، ئێستا لە بێرلین دەژی. لە ئاکادیمیی هونەر، لە شاری دووسێلدۆرف خوێندوویە. وێڕای بڵاوکردنەوەی چەند ڕۆمان و شانۆنامە و وتاری ئەدەبی، نۆ دیوانەشیعریشی بڵاوکردوونەوە. تا ئێستا چەند خەڵاتی ئەدەبیی دراوەتێ، وەک: خەڵاتی گیۆرگ بووشنێر، خەڵاتی فۆنتانێ، خەڵاتی تێۆدۆر هۆیس.



## ترس

کاتێ ئێمە گەرەکمان بوو بەسەر کۆلکەزێرینە گەورەکەدا
بەرەو ماڵ بچینەوە، زۆر ماندوو بووین.

خۆمان بە لێوارەکەیەوە گرت و
دەترساین کە،
کاڵ ببێتەوە.

کاتێ ئەمن گەرەکم بوو بەسەر کۆلکەزێرینە گەورەکەدا
بەرەو ماڵ بچمەوە،
زۆر ماندوو بووم.

خۆم بە تۆ و بە لێوارەکەیەوە گرت و
دەترسام کە،
ئێوە هەردووکتان، تۆ و کۆلکە زێرینە،
کاڵ ببنەوە.

## چاوەڕوانی شەیتانۆکەیەک بووم

حەوت ساڵان چاوەڕوانی شەیتانۆکەیەک بووم،
ئێستا لە بیرم چۆتەوە شەیتانۆکە چۆن دەنوێنێ.
کە شتێک هات، ڕووت و ناسک،
بە دوای ناوێکدا گەڕام پڕ بە پێستی بێ.
گوتم: هەست، سەبر، خۆشبەختی،
بەڵام ئەو بەبێدەنگی بە پەنامدا خزی و تێپەڕی.

chalakmuhamad@gmail.com

## ململانێ دەگەڵ داڵ

نا، داڵە، نا.
گۆشتی من زۆر خاوێنە.
بڕوام پێ بکە، بۆنم نایە.
نا، داڵە، نا.
چۆن وەگیانت دەکەوم،
چونکە فریشتەیەک تفی کردوومەوە.

نا، داڵە، نا.
خۆ دە بەردەگورچیلە و ڕیخۆڵەکانم مەگەیەنە،
دەنا دەبێ پێت هەڵبڵێم.

ئەوەندەم بە داڵێکی هەڵگوت،
هەتا ناچار تفی کردمەوە.
نا، داڵە، نا.
جا ئێستا کێ دەیەوێ بمخوا؟

## ئێریش فرید (Erich Fried)

لە شەشی گەلاوێژی ١٩٢١دا لە شاری (ڤین) لە دایک بووە و لە بیست و دووی بەفرانباری ١٩٨٨دا لە شاری (بادێن بادێن)ی ئاڵمان کۆچی دوایی کردووە.

لە ساڵی ١٩٣٨دا، واتە دوای داگیرکردنی ئوتریش بنەوبارگەی ئاوارەیی تێکناوە و لە شاری (لەندەن) گیرساوەتەوە. لە سەرەتادا کرێکاریی کردووە و پاشان لە بی بی سی (BBC) دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٦٨وە وەک وەرگێڕ و نووسەرێکی سەربەخۆ پەرەی بە چالاکیی ئەدەبی داوە.

لە ساڵی ١٩٨٦دا "خەڵاتی نیشتمانیی ئوتریش"ی وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٨٧یشدا لە لایەن "ئاکادیمیی ئاڵمانی بۆ زمان و شیعر" لە شاری (دارمشتات) خەڵاتی "گیۆرگ بووشنێر"ی پێ دراوە.



## وێنەی داپۆشراو

ئازادییان خۆش دەوێ
وەک چۆن
لە تاریکیدا
ژنەکانیان خۆش دەوێ.

پەل دەکوتن و
ناوێرن
سەیری نێو کۆشی کراوەیان بکەن.

## ئێمە کایەی ئاشتی دەکەین

بۆ ڤاسکۆ پۆپا

١

ئەوەی ئەو کایەیەی داهێناوە
بەملا و ئەولادا هەڵدێ
دەبێتە فڕۆکەیەکی بۆمهاوێژ
تفی لە هەر کەس کرد بە مردوو دادەنرێ.

ئەوانی دی دەبێ چاویان بقووچێنن و
گوێ نەدەنە هاواری تفلێکراوەکان
هەتا ئاوا بگونجێ
ئاشتیش بەردەوامە

٢

ئەگەر تفلێکراوەکان دەست بکەنەوە
فڕۆکەی بۆمهاوێژ داوا لەوانی دیکە دەکا
بۆ خاتری ئاشتی بیانگرن

کایەکە کۆتایی دێ
ئەگەر ئەوانی دی چی دی ئەو کارەی نەکەن

٣

ڕۆژی دوایی کایەکەرەکە
بە فڕۆکەیەکی ڕاستەقینەوە دێ
ئێستا هەر بە کایە تفان داوێ
بەڵام ئەوجار بە بۆمب و ئاگری ڕاستەقینە
شێوەی کایەکە ئێستا بۆ هەمووان ڕوونە
کایە دەست پێ دەکا.

chalakmuhamad@gmail.com

**باسی نالەبار**

لە
ماڵە
هەڵاوەسراوێک
نابێ
باسی
پەت
بکرێ
چونکە
ئێستا
لەوێ
جەللادەکەی
بە
ئاسوودەیی
دەژی.

**پرسەی زار بە هاواران**

چت کرد؟
لێیان گەڕام هاوار بکەن

ئەوانی دی چییان کرد؟
زاریان ئاخنین

هاواری چییان دەکرد؟
هاواری یارمەتییان دەکرد

یارمەتی بۆ کێ؟
پێم وایە جارویار بۆ من.

**بەرزبوونەوە**

هەستان دەبێتە نیشتنەوە
هاتن دەبێتە ڕۆیشتن
ئا دەبێتە نا
چاک دەبێتە خراپ
شەو قووڵترە لە شەو
ڕووناکی کزترە لە ڕووناکی
ڕێگا دوورترە لە ڕێگا
ورە چووکترە لە ورە
ترس گەورەترە لە ترس
مەرگ نزیکترە لە مەرگ.

# ئەلبوومی کوردەواری



**شێخ فازڵ**

سۆفییەکی گەورەی ڕازدار و ڕوویەکی گەش و خۆشەویستی شاری کفری ، کوردستانی خواروو . لە سەرەتای حەفتاکاندا کۆچی دوایی کرد .
(سوپاس بۆ کاک صەلاح شاکەلی کە وێنەکەی بۆ ناردین)

chalakmuhamad@gmail.com



شێخ مەحموودی نەمر و مامۆستا تۆفیق وەهبی
( سوپاس بۆ کاک عاسی ڕەباتی کە وێنەکەی پێشکەش بە مامۆستای کورد کرد)



وێنەیەکی مێژوویی و دەگمەنی فایەق بێکەس : ١٩٠٥ – ١٩٤٨ .
وێنەکە لە ڕۆژی ٥-١١-١٩٣٩ دا گیراوە.
(سوپاس بۆ کاک شێرکۆ بێکەس کە وێنەکەی بۆ ناردین)

chalakmuhamad@gmail.com

# بەدە بێسارانی

ئەگەرچی بەرووالەت بێ سەر و شوێنی و لەبەر چاوی سەرگوم بەلام هەموو شتی وڵاتەکەمان یادی تۆی لە دڵدایە و قەتت شوێنەوار ون نابێ . یادێک لە تێکۆشەری زانا، خەلیل بلووری

## کوردان : بەهاری ١٩٩٢

شەو درەنگانێکە . کۆمای ئەستێرەکان لە ئاسمانی ساماڵ و بێ هەور دا گرشە و زریوەیانە . مانگ بە ڕەنگ و ڕووی ماتی سپی واشەوە خۆی لە سەرمای نیوەشەو هالاندووە و ئاسمان ماتە . مانگەشەو لەسەر سنگی بەفری کۆلانەکاندا خۆی لە جەستەی بەفر هالاندووە و سەر سنگی بەفر وەک وردە شووشەی بە سەردا پرژابێ ، وردە تروسکەی پێکەنینی ساردی بە جەستەدا دەگەڕێ . سەرما و سایەقە بەسەر مالانەوە مەییوە و هەناسەکێشان لەسنگدا قورس و گرانە . ئاسمان ماتە ، زەوی کڕە و خەڵکی گەڕەک گەرمی خەون . نەخەوتووی گەڕەک هەر تەنێ یەکێکە ؛ هەر ئەوە نەخەوتووە و وەک هەموو شەوانی تر خەو بەچاوانیدا نایە . لەم لا بۆ ئەو لا هەڵدەسووڕێتەوە ؛ لەسەر تەنیشت ، لەسەر سک ، لەسەر پشت ڕادەکشێ ، بەلام خەوی لێ تۆراوە و وەنەوز بەچاوانیدا نایە . هەتا شەوانە و هەموو شەوێ ، یادی میهرەبانییەکانی «ڕەزیە » و کەم شەرتییەکەی « مچە » دەور نەکاتەوە و نەگاتەوە سەر ئەم ئێستاکەی ، مێشکی تونیایەتیی ناشکێ و خەیاڵی ناسرەوێ .

شەوگاری زستانی جاران ئاوا ئەوتۆ تەنیا و بێکەس نەبوو . خزم وخێزان و دۆست و برادەر زۆر بوون بە دەورییەوە . شەوگاری زستانی جاران بە هەموو ساردی و بەفر زۆریشییەوە ، گەڕەکەکەیان ئاوا ئەوتۆ چۆڵ و بێ هاموشۆکەر نەدەمایەوە . گەنج و لاوە دڵتەڕە گەڕۆکەکانی پێدا دەهاتن . لە سەرگەی کوچە و کۆڵانەکاندا وچانێکیان دەگرت و چرپە و ورینگەیان بە دڵی شەودا دەگەڕا . دەنگبێژێکی دەنگخۆش لەنێویاندا دەنگی هەڵدەبڕی و کۆڵان بە هەوای « لیمۆ های لیمۆ » کەی دەنگی دەدایەوە . لە ژوورە چرا فوو پێدا کراوەکانیشدا ، کیژە چاو لەخەو نەچووەکان بە هەوای دەنگی خۆشخوانان دڵیان دەکەوتە ڕاژان و هەوای فڕین وگەیشتن بەئاواتی پێدا دەگەڕا . دەم و سەردەمێکی خۆش بوو ئەو سەردەمە . ئەو خۆیشی ، ئەودەم کە تازە خەتی دابوو ، یەکێک لە شەوگەڕە دڵتەڕەکانی ئەم بەشەی شاری سنە بوو. لەم کۆڵان بۆ ئەو گەڕەک دادەکشا، لەم سەر جۆ، بۆ ئەو سەرکۆ دەهات . ڕوو بە ماڵی دڵبەرەکەی ئیستێکی دەگرت و بەلیمۆ دادەهات و دەیخوێند. لیمۆ های لیمۆ، گۆرانی و مەقامی دەمی دڵدارانی ئەو سەردەمە بوو . جاران گەڕەکەکەیان زۆر بچکۆلانەتر لە ئێستاکە بوو . ئێستێ وەک جاران نییە ؛ چەند ماڵێک و گۆڕەپانێک و ڕاستە شەقامێکی پڕ کەندولەند نییە . چەشنی جاران ، گەڕەک بە هێلی ڕەنگ خۆڵەمێشی لە دەشتی دراوسێی جیا نابێتەوە . سەر جۆگە و دەم کانی و ژێر سایەی پرچی داچۆڕاوی شۆڕەبییەکانی نەماوە . ماڵ دەشتاودەشت لەبەریەک کشاونەتەوە و ئەوسەر تا ئەو پەڕی دەشتی ژێرووی شاریان داگرتووە . نیشتەجێی تازەی لە گوندەکانەوە بۆ هاتوون . کۆڵانەکان ، ئێستێ تەنگتر و پێچەڵپێچتر لە جارانن . دوو هەنگاوێک بەکۆڵاندا دەڕۆی ، تووشی چەند دووکانۆچکە دەبی . کەم ماڵ لە کۆڵاندا ماون کە لادیوارێکیان دانەڕووخاندبێ و دووکانۆچکەیەکیان لێ ساز نەکردبێ . لە ڕۆژدا هەر کڕین و فرۆشتن و تێک هاویشتنە . کەس نازانێ کێ کڕیارە و کێ فرۆشیارە ؛ دوکان لە دوکان هەڵدەدا و هەر ڕفان ڕفان و لێک پچڕینە. دە ساڵ لەمەوبەر وانەبوو. دە ساڵ لەمەوبەر ، هەر دەڵێی دوێنێیە بۆی . ئەو دەم لەهەموو ڕاستەی کۆڵانەکەیاندا تەک و تەنیا دووکانۆچکەکەی لالەحەمەی تێدا بوو . شەو هەتا درەنگانێک ، هەربەس چرا گڕسۆزەکەی دووکانی لالەحەمە بوو کە چەند میترەیەکی ئەولاتری خۆی ڕووناک دەکرد و ڕەنگی ئاوەدانیی لە تاریکایی دەستاندەوە . یادی ئەو سەردەمە خۆش بوو بۆی . ئەو و چەند پیاوێکی هاوتەمەنی خۆی بە لای لالەحەمەوە دادەنیشتن و هەتا شەو شەق دەبوو، گوێیان بە دەمی لالەوە بوو. خەبەری دەمی « کاکە »ی بۆ دەگێڕانەوە . بەیت و لاوکۆ و چیرۆکی بۆ دەگوتن . لالەحەمە قسەخۆش و حەکایەتخوان و بەیتبێژ بوو. لاس و خەزاڵ و خەج و سیامەند و شێخ مەند و شێخ فەرخی لە بەری موکریان بیستبوو. سوارۆ و پاییزە و ئازیزەش هەر لەوێ فێر بووبوو . بۆی دەگوتن ؛ هەتا شەو شەق

chalakmuhamad@gmail.com

دەبوو هەر بۆی دەگوتن و یەکدەم ڕانەدەوەستا . کە ، لالەحەمە مرد و شەوچرای دووکانەکەی کوژایەوە ، خێر و خۆشی و پێکەنینی شەوانەی گەڕەکەکەیشیان چوو . ئەودەم و سەردەمە ئیش بە پای فیلان بوو . هەر سەرەتەقەیەکت بکردایە بەس بوو ، ماڵ و منداڵ وەک گوڵ بەخێو دەبوون و کەمایەسیت نەدەما. شارەیی لە شار و دێهاتی لە دێهات خەریکی ئیش بوون . ئیستێ وا نییە و هەموو شتێک شێواوە . لادێیی لە زەوی زوێر بوون و شارەیی بێکار ماونەتەوە . شارەیی بەرۆک لە گوندی دادەدڕێ و لادێیی لە ناچاری خەمی شار هەڵدەگرێ . هەر هەمووی خەریکی تێک هاویشتن و پڕ پێداکردن و گوێ پچڕین . دە ساڵ لەمەوبەر وا نەبوو . هەموو شتێک لەپڕا گۆڕا . خەم و دەرد و بەڵا وەک لە زیخ و چەوی قەراغ چەم ڕووابێ ، لەپڕ لێیان دەرکەوت . زۆری پێ خۆش بوو سەرچاوەی ئەم قەیران و ئاڵۆزییەی بزانیبایە . بەڵام بڕی بواری ئەم جەنجاڵە بازارە ، لەتوانای مێشکی ماندووی ئەودا نەبوو . هەر بەس ئەمەی دەزانی کە ئەوەی بازارییە و سەری بە بازاڕەوە بەندە ، لە هورووژمی لادێیی زاڵەیانە . ڕۆژ نەبوو بە دووجار و سێ جاران بە گوێ نەبیسێ کە : « ... ئەی هاوار لە چنگ لادێیی ! هەی داد و بیداد لە دەست ئەم ڕەشە کوللەیەی کە بۆ شارەکان هەستاوە ! ... بۆچ ناچنەوە سەر ملک و ماشی خۆیان و بۆ دەست لە ئەوکمان بەرنادەن ؟ ... مناڵیان مەدرەسە و مەکتەبیان نییە ، بە دەرەک ! ژن و ژاڵیان مامان و دوکتۆر و چارانیان نییە ، بە ئەسفەلە سافیلین ! خۆیان ، خۆیان پێ بە ڕێ ناچێ و لە برسان دەمرن ، بە جەهەننەم ! ... خان خەبەری هاوردووە !! بۆچ ناگەڕێنەوە گوندەکانیان و لە بڕی دووکانداری و فەعلەیی و دزی و فزیی شاران ، پەتاتە و نۆک و باقلە و گەنم و ماشان ناچێنن ؟... بۆچ ناچنەوە هێلکان بنێنەوە و مریشک و جووجەڵە و قەل و قازان بەخێو بکەن ؟ جاری جاران نییە کە هەموو شت بە پای فیلان بێ . جاران جووی برادەرمان مامر و میوەی بۆ دەناردین ، قولەڕەش گۆشت و ئەرزاقی بۆ دەناردین . لە سۆر و زەر و پاک و پیسانەوە دانەوێڵە و زەمەرمان دەکری . دانیشتبووین و دەمانکری و دەمانخوارد . ئێستا هەگبەمان بنی کونە و نیمانە . ئەوەی هەشمانە هەر بەشی گوولە و دەرمانە و چیتر ! ... تاوانی گۆڕبە گۆڕەکەی جارانمان بوو کە گوێی دایە ئەربابە ناپیاوەکەی خۆی و بە پارە هەموو شتی کڕی . هەموو شتی بە پارە کڕی و ئێمەی پێ چرووک کرد و دەستی ئێوەیشی لە زەوی سارد کردەوە ؛ ئەگینا هێستاش کە هێستایە ، ئێوە هەر وەک گەنە بە هەردوەوە نووسابوون و ... »

جاران ، بۆ بەڕێچوون ، هیچ پێویست نەبوو لە لافاو بدەی و خۆ دە ئاگر باوێژی . ئەو سەردەمە پیاوەتیش مابوو؛ وەک ڕۆژگارانی ئێستاکەیان بەزە نەزۆک نەمابۆوە . دەس گرتن و ئاوڕ وێدان و هەرەوەز هەبوو. زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوت کەسێک بەردی نامەردی بخاتە بەر پێی کەسێکەوە . کەم کەس دڵی بواری ئەمەی دەدا ئاشنا و ڕۆشنایەک بکاتە پردەبازی ڕێی پەڕینەوەی ڕێگای ژیان . پێکەنین و سڵاو و سەباخێرییەکەی جارانیان بەتامتر و پیاوانەتر بوو . ئەو، خۆی کە بەیانان لەخەو هەڵدەستا و بەرەو «قەپان» دەکەوتە ڕێ ، بە ڕاستە دووکاناندا دەهات و بە دەست و سەر و زمان سەلامی دەکرد و سەلامی دەستاندەوە . لە ڕاگوزارانیشدا چاک و چۆنی هەر گەرم بوو . کە دەگەیشتەوە سەر قەپانی نێو بازاڕ ، لە بەری بەیانەوە هەتا قاوەڵتوونان خێر و بەرەکەت و پیت و بەرهەمی گوندییەکانی بە قەپان سەنگ و کێش دەکرد . ئەو بە قەپان هەڵی دەسەنگاندن و « لاسە »ی نەقوستانیش ، پاڵکەوتووی پشتی مێز ، دەینووسی . ئەو تەرازووداری بازاڕی شار و لاسەش میرزای حیسابداریان بوو . داهات و دەسکەوتی لادێ بە دەستی ئەو هەڵدەسەنگا و بە قەڵەمی لاسە دەنووسرا . ئەو دەم هێشتا قەپان و تەرازووی بەرقی و دەزگای نووسەری ئەلەکترۆنیک سەری بەم شار و دیارە دا نەکردبوو و نان و دۆیەکەیانی نەبریبوو . ڕۆژانە، هەموو ڕۆژێ ، فەردە ئارد و نۆک و ماشی دێهاتییەکانی لەقەپان دەدا . سەوەتە ترێ و قەیسی و سێوی باغاتی دەوروبەری سەنگ وکێش دەکرد. ئەو بە یەک هەوا ، پووت و سێ و کیلۆ و درەمەکانی دەگوت و لاسەش دەینووسی . بەرەبەری قاوەڵتوونان ئیشەکەیان کۆتایی پێ دەهات . ڕۆژانە پێنج سەعاتێک ئیشی دەکرد و ڕەزیەی خێزانی و مچەی کوڕی وەک گوڵ بەخێو دەکرد . زۆر جارانیش دەستێکی لالەحەمەیشی دەگرت و کەس پێی نەدەزانی . ڕۆژانە هەتا دەهاتەوە ماڵ و پرێسکە ڕەشەی هەڵدەرشت و خێر و بەرەکەتی دەباراند ، گیانی ڕەزیەی خێزانی دەبوو بە خێوەتی باڵای سەری و هەزار و یەک جارانی خۆ دەبەر دەمراند . ئەودەم ، ئەودەم بوو . ئێستا وەک جاران نییە و زۆر شت گۆڕاوە . ئەودەم سێ کەس بوون و ئێستا تەنیایە ؛ تەنیا و هەژاریکی ڕەبەن . ڕەزییەکەی مرد و مچەش کەمشەرتیی لەگەڵدا کرد و جێی هێشت . ئێستا لە ڕووی ناچاری و لە تاو دەردی

chalakmuhamad@gmail.com

تەنیایی ، ڕۆژانە ، هەموو ڕۆژێ ، لە تاوهەڵاتنەوە دەچتە دەر . بە شەقامەکانی شاردا دێت و دەچێت . داردەمنە و تەسبێح و بەندۆخین و شقارتە دەفرۆشێ و خۆیان پێ بەڕێ دەبا . ڕۆژانە ، بۆ نانی شەو پێکوتە دەکا و ئێواران بە لەشی شەکەتەوە دەگەڕێتەوە ماڵ . بەلام بە هەموو جەستە خەستی و سەرباری هەموو دەروون کەیلیشیەوە ، شەوانەش هەتا بە ناخی خەیاڵدا نەچتە خوار و مێشکی لە بیری ڕابوردووی پاراو نەکا ، خەو بەچاوانیدا نایە .

له نێو جێ و بانەکەیدا وەرسووڕایەوە . دەستێکی کێشا و جامی ئاوەکەی لە دەم پەنجەرە هەڵگرت و بینی پێوە نا. لە پشتی پەنجەرەوە چاوێکیشی لەدەر کرد . گوتی : « بە ڕەنگی شەو ، دەبێ دەوری سێی نیوە شەو بێ . » هیچ سەعاتێکی لە ماڵدا نەبوو کە پێی بزانێ چەندی شەوە . سەعاتی چاڵمەی سەر ڕەفەکەیان لەمێژ بوو لەکار کەوتبوو . دوو ساڵ بەر لە کۆچی ئەزیەتبارانەی ڕەزیەی خێزانی بوو کە سەعاتە زەرد لە کار کەوت ، بەلام بە یادی سەردەمی نەوماڵی ، هەر لە شوێنی خۆی ، دەستیان لێ نەدابوو. بیر و یادێکی گیان پرووکێن بوو ئەو شەوەی کە سەعاتی دڵی ڕەزیەش لە کار کەوت . ئەودەم هێشتا دەور نەگۆڕابوو . ئیشی قەپانداری و شەو دانیشتنی پەنا لالەحەمەیشی هەر گەرم بوو. ڕۆژەکانی باش دەچوون بە ڕێدا و شەوەکانی خۆشتر لە ڕۆژ تێپەڕ دەبوون . شەوانە لالەحەمە بە سرتەی بن گوێیان بۆی دەگوت کە خەبەر چییە و چ باسە . خەبەرەکان لە بەری موکوریانەوە بۆ «کاکە » دەهاتن و لە کورتە ماوەیەکدا، سنگ بەسنگ دەگەڕان و بە شار و دێدا بلاو دەبوونەوە . لالەحەمە خەبەرەکانی لەدەمی خودی کاکە وەردەگرت و بەگوێی خاسەبرایانی ڕادەگەیاند . خەبەری دەمی « کاکە »، شەو و ڕۆژی نەدەناسی . سووک و بێهەستتر لە شنە ، بە ژێر گوێی نەیاردا دەهات و بە گوێی یار دەگەیشت . سەتی وەک لالەحەمە پردی هاتووچۆی خەبەری دەمی «کاکە » بوون و خەبەر زۆر بە ڕەوانی دەهات و دەچوو. «کاکە » هومێدێکی مەزن بوو بۆیان . زانا و پیتۆڵ و قسەزان و چاوسووریان بوو . زۆر کەس خولیای بینین و دیداری کاکەیان لە دڵدا بوو. هاودەم بوونی کاکە هەموو شتێکی دەهێنا و زۆرکەس ئامادە بوون خۆیانی دەبەر بمرێنن . دیدار و دیەنەکەشی لە ئاوخواردنەوە بە سانیتر بوو ؛ هەربەس کەسێکی وەک لالەحەمەت ناسیبایە بەس بوو . بۆ لالەحەمە بەسانی بوو کە دەستی ناسیاوێکی وەک ئەو بگرێ و لەچاو تروکانێکدا ، شان بەشانی کاکەی دابنێ . لالە زۆرجارانیشی پێ گوتبوو کە دیدەنێک لە کاکە بکا پێی باشە . بەلام ئەو دڵی بە سەرچاوەی مەزنەوە بەند بوو. پێی وابوو گلان و کەوتن و خزین لە تاکە کەسان زۆر بەدوور نییە و هەتا سەرچاوەیەکی ژیر و مەزن ، تلیش و تەلاشی بەتوانای ئەم تاکە کەسانە نەگرێتەدەست و لێکیان نەهاڵێنێ ، تاکە کەسان جێی بەقا نین .

لە سەرێشت ڕاکشایەوە . چاوەکانی وەک ئاویان تێ وەردرابێ ، لە خەو و خەوتن بێگانە مابوونەوە . چەند ساڵێک بوو تەنیا دەژیا ، بەلام لەو ماوەیەدا قەت ئاوا ، ئەوتۆ تووشی نیگەرانی و تووشی دڵەخورپە نەهاتبوو . دەتگوت لەناوەوە هەستێک دەیبزوێنێ و خەبەرێکی لە دەر بۆ دێنێ . پێی وابوو لە پشتی دیواری حەوشەوە ، پشووی گەرمی ئاشنایەک بە کەلێنی دەرگاکەدا دێت و دەچێت . جاران ، واتە لە سەردەمی لاوی و پێش قەپانداری ، هەسهەس و چاوەدێری شەوانەی بازاڕی گەورەی شار بوو . هەر شەوێک کە ترسی دز و دیواربڕ لە گۆڕدا بووایە ، هەموو پێنج هەست و شەش هەستەکەی دەبوون بە یەک و گوێقوڵاغتر لە هەمیشە ، هەستیار دادەنیشت . هاژەی باڵی مێشەکوێرە و دەنگی ڕۆیینی مێرووی هەست پێ دەکرد . چاوەکانیشی مووی چەرمگیان لە سەر بەفری سپی دەبینی . هەتا ئەو هەسهەس و پاسەوانی بازاڕی گەورەی شار بوو ، بازاڕ دزی بە خۆیەوە نەدیت . کە بوو بە پیاوی ماڵ و ڕەزێی خواست ، دەستی لە پیشەی چاوەدێری هەڵگرت و بوو بە قەپاندار . لە قەپانداری و لە وردەواڵە فرۆشیشدا ، هەر وەک جاران لەسەر هەست مابۆوە .

لە جێ هەستا و ڕوو بە پەنجەرە ڕاوەستا . هالاوی دەمی لە شووشەیەکی پەنجەرەکە گرت و بە سەری نینۆکەکانی ، توێژاڵی سەهۆڵی سەرسنگی شووشەکەی کراند و چاوێکی لە حەوشە کرد . حەوشە بچکۆلانەکەی ، جامێکی قووڵی پڕاوپڕی شەوقی مانگەشەو بوو . بەفری ناو حەوشەکەش ، بە ڕەنگێکی ماتی فۆسفۆری ، تەواو تاریکانیی لە شەودا بڕیبوو . دیواری کورت و خوار و خێچی حەوشەکەی وەک بلێی پالانێکی لۆکەیی بەسەردا کشابێ ، لە بن بەفردا کورتتر و کوورتر لە هەمیشە دەهاتە بەر چاو . کۆتەرە داری پاش پانێی دەرگاکەیشی وەک جەندەکێکی سڕ و ساردی بەلاداهاتوو ، لە پای دەرگاکە لێی خەوتبوو. کۆتەرە دارەکە تەنیا قفڵ و کلیل وگۆڵەیەک بوو کە شەوانە دەرگاکەی پێ دادەخست . جاران قەت دەرگاکەی دانەدەخرا . شەو هەتا ڕۆژ و ڕۆژ هەتا شەو ، دەرگاکەی

chalakmuhamad@gmail.com

بێ قفڵ و بێ لەمپەر ، واز و ئاواڵە بوو . بەڵام ماوەیەکە ناچارە دەرگا لەسەرگازەرا ئاواڵە نەهێڵێ و، شەوانەش وریا و لەسەر هەست بخەوێ . دنیاکە وەک جاران نەماوە . جاران کەس بەچاوی مۆرەوە تێی ڕا نەدەما . نێو و نێوبانگەکەیشی قەت بە خراپی لە کۆڕ و کۆمەڵاندا نەدەهاتە سەر دەم و زوانان . لەوەتی ناوی ئەو و چەندێکی دی بە بەدناوی زڕاوە ، هەڕەشە بە دوای هەڕەشەدا بۆی دێ . ناوەکەی تێکەڵی ناوان بووە و بەدەم و زاراندا دەگەڕێ و دەیان بەدناوی پێ شاردراوەتەوە . ناچارە ئەم کۆتەرە دارە بکاتە قفڵ و قایمگیری پاش پانێی دەرگاکەی .

چەندێک لە ژووردا هات و چوو . ئەوسا لە ژێر سەرینەکەیدا دەسرۆکەیەکی پێچراوەی دەرهێنا و لەبەر ڕووناکاییی پەنجەرە ، دەسرۆکەکەی کردەوە . بە دەسرۆکەکە مشت و ماڵێکی پێدا و لەبەر شۆق و شەبەقی مانگەشەوی پشتی پەنجەرە ڕایگرت ؛ بە شەبەقی مانگ تروسکەی دا . ڕەش بوو ، بە چەشنی ماری ڕەش . چەماغەکەی کێشا و فیشەکی بردە بەر . سێرەیەکی پێگرت و دەسرۆکەیەکیشی بەسەر سیپەکەیدا ماڵی . گوتی :

« ... نزیک بە چل ساڵە لەمەوبەر ، لە گەڕەکی ( قوڵەقەبران )ی سابلاغ تەقەی شایی و زەماوەندت پێ کراوە . لە شەڕەکەی داشکستاندا ڕوو بە دوژمن ڕاوەستاوی و دوژمنت پێ تێک شکێنراوە . کە جمهورییەتە ساواکەیان لێ بە دارەوە کردین و لە چوار چرا ، چرایان لێ کوژاندینەوە ، خاوەنە ئەڤیندارەکەت لە سوێی بەر باد چوونی هیوا ، هۆشی سووڕا و ڕووی کردە چۆڵگەی ئەبەدەوە . تۆیش هاتی و چووی و بە زۆر ماڵاندا گەڕای . لە موکریانەوە ڕووت کردە گەرمێن و دیسان گەڕایتەوە . هاتی و چەند ساڵێک تۆزی پشتی دوکانی لالەحەمەشت پێدا گەڕا. کە بووی بە میوانی ماڵی من و، مچە پێتی زانی؛ مچە ددانەکانی لێ تیژ کردی و بوو بە کڕیارت . بەڵام من پێم گوت و هێستاش هەر پێی دەڵێمەوە کە چەک بۆ ئەو نابێ. پیاو دەستی ڕاست و چەپی لێک نەکاتەوە و نەزانێ دۆستی کێیە و دوژمنی کێ ، چەک لێی دەبێتە داسی ڕمانە و بەڵەکی خۆیی پێ دەئەنگێوێ. مچە کوڕی خۆمە و خۆم دەیناسم. پیاوخاس بوویایە ، هەموو ڕەنج و هاواری من و ڕەزیەکەمی لە هەردی ناموڕادی نەدەدا و دەستی لە خوێندن بەرنەدەدا. چی دەهاتە دەستم و هەرچی دەسڕەنجم بوو ، بە فیدای مچەمان دەکرد ؛ هەر بەڵکوو بخوێنێ و نەیخوێند. گوێی نەدایە هاواری من و بەرۆک دادڕینی ڕەزیەش . لە جیاتی مەشق و مەدرەسە و زانین، ڕێی شەڕ و کێشە وشەڕەسەگی بۆ هەڵگرتین. هیچ مانگێک نەبوو چوارجارانی بۆ نەچمە مەسڵەت و تکایە و لە بەند و زیندانی دەرنەکێشمەوە . ڕەزیەکەم ، دەردی دڵی ئەو بوو کوشتی. کێ دەڵێ ماڵی یەدە بێسارانی پیاوچاکی تێدا ناشتراوە و بۆ ڕاکشان و ڕازانی نامەحرەمان نابێ ؟ دەڵێن ڕەزیەکەم پیاو چاک ئەنگاوتوویەتی . ئەدی ئەگەر لەم ماڵەدا پیاوچاکی تێدا نێژراوە و بۆ ڕاکشان و ڕازانی نامەحرەمان نابێ ، خاوەنی پێشووی ئەم ماڵە ، بۆچ قیت و قنج تێیدا ژیان و پێ گەیشتن و لێی ڕۆیشتن ؟ چ بوو ! چما ئەو پیاوچاکە بۆچ هەر بە ڕەزیەکەی من وەستا و بە هی ترا دی نەوەستا ؟! ئەوان کوڕ و کوڕەزاکانیشیان پێ گەیشتن و هەر ڕەزیەکەی من بوو بە ئەنگاوتەی پیاو چاکان ؟! نەخێر ! من قەت بڕوا بەمە ناکەم کە مەستوورە خانمی دراوسێمان ، گلۆڵەی نووری کەسک و سۆری ئەم پیاوچاکەی بە دوو چاوی خۆی بەسەر ماڵی ئێمەوە دیبێت. ئەو قسانەم پێ هەوایە . ڕەزیەکەم دیق و وەرهەمی مچە بوو ، ئەنگاوتی ... »

قسەی لە دەمدا سارد بۆوە. لە پەنجەرە نزیکتر بۆوە و وردتر سەیری دەری کرد. حەوشەکەی، جامێکی قووڵی پڕی مانگەشەو بوو . سەرپشتی دیواری حەوشەکەش، لێوارە و لێوار، بەفری شەقڵ نەشکاوی لەسەر نیشتبوو. نوای بەفری سەر دیواری خوار و خێس ، دەتگوت کۆپانی مێخەک پەمبەیییە و بەسەر پشتی دیوار ڕۆکراوە . کۆتەرەداری پاڵکەوتووی پشتی دەرگاکەیشی لێی خەوتبوو . بەڵام نەک وەک شەوانی تر ئارام ؛ جار جارێک دەلەقی ؛ دەستێک بەکەلێنی دەرگاکەدا دەهات و دەیلەقاند . کۆتەرە دارەکە قایمگیرێکی قورس وگران بوو ، دەبزووت بەڵام دەرگاکەی بەر نەدەدا. دەست لە قەڵشی دەرگاکە بەرەو دەر خزی و ئەمجار بەفری سەر دیوارەکە جووڵەی تێکەوت . بەشێک لە کلاوەی کووڕی بەفر داڕووخا و مەچەکێک و چەکێک بەسەر ڕەشانگی دیوارەکەدا هاتن . ئیستێک دواتر ، گوڵینگی کڵێتەیەکی هاتە بەر سێرەی چاوی . کڵێتەکەی ناسییەوە . ئەوکڵێتەیە و دەمانچە برنەوەکەی ناودەستی ، هەردوویان هی « محیەدین » بوون . هەردوویان شنەی جمهورییەتیان بەسەردا هاتبوو و هەردوویان شەڕی داشکستانیان بینیبوو . کڵێتەکە لە تووتن و دەرماندا ڕاگیرابوو و دەمانچەکەش لە بینایی چاوان بە قەدرتر ڕاگیرابوو . ئەودەم کە هەوای چەک هەڵگرتن بە کەللەی مچەدا چووبوو ، بە بێ پرسی باوک ، کڵێتەکەی لە

chalakmuhamad@gmail.com

دەرمان و تووتن دەرهێنابوو ، بەڵام دەمانچەکەی بۆ نەدۆزرابوویەوە . مچە زۆری کەمشەرتی لەگەڵدا کردبوون. دڵی ڕەزیەکەی بە ناسۆر خستبوو و دڵەکەی ئەویشی بەسەدە جێ شکاندبوو . بەڵام هێستاش کە هێستایە ، هەر وەک جاران تاسەی دیەن و دیداری ئەوی بە دڵدا دەگەڕێ و ڕوناکیی هەموو دین و دنیاکەیەتی . پێی خۆشە ئاسمان لە پڕا بقەڵەشێ و مچەی بۆ لێ دابەزێ .

چەک و مەچەک و کلێتەکە ، لەش و لارێکی بەرزیان بەدوادا هات ؛ پێشمەرگەیەکی گورج نیشتە سەر دیوار و بە چالاکی خۆی خستە ناو حەوشە و کۆتەرەدارەکەی لادا . بە ڕەوت و جووڵە و بزووتن ، دەتگوت سێوێکە و دەگەڵ خۆی قاش کراوە . هەموو سەر و سەردەمی گەنجی و لاوێتیی خوی لە بەژن و باڵای بەرزی مچەدا هاتەوە بیر .

کە دەرگایان کردەوە ، سێ کەس بوون . دوویان بەرەو ژوور هاتن و یەکیان لەبەر دەرگا چەقی . لەبەر دەرگای چێشتخانە تەسک و تاریکەکەیدا وچانێکیان گرت و سرت و خورتێکیشیان کرد . دەرگای چێشتخانەیان کردبایەوە ، هاتنە ژووریان بەسانی بوو ؛ چی نیازێ کە لە کەللەیاندا بوو لە گەڵیان دەکرد و ئیتر تەواو. پەنجەرەکەیشی بە ئاسپا کرابایەوە و توانیبای پشتیان لێ بستێنێ ، ئەو سەردەکەوت . بەڵام مچە ! ... تۆ بڵێی مچە خەیاڵی خەراپی لە کەللەدا بێ ؟ نەخێر ! ... ڕەنگ بێ بۆ دەمانچە ڕەش گەڕابێتەوە . دەمانچە ، بۆ پێشمەرگەی شەڕکەر پشت و پشتیوانە . لە شەڕی شاردا زۆرجاران تفەنگ برەوی نامێنێ و دەمانچە وەک کەو دەخوێنێ . پێشمەرگە هومێدێکی مەزنە بۆ خەڵک . تەقەی چەکی دەستی پێشمەرگە نەبێ ، دوژمن کایان لە پێستی سەر دەئاخنێ . پێشمەرگە دەستی ڕاست وچەپی خۆی لێک دەکاتەوە و دەزانێ چۆن ببزوێ و کەی ببزوێ . پێشمەرگە ئەمبەری گوێڕایەڵ نییە و بۆ هەر ئەنجامێک ، هەزار پرسیاران دێنێتە گۆڕێ . خۆزگە مچەش ئەو پیاوەی لێ هاتبێتەدەرێ کە بکرێ پێشمەرگەی پێ بڵێی ! شەرتە گەر مچە ئاوا کرابێتەوە، دەمانچەڕەش هیچە بۆی ، گەر گیانیشی پێویست بێ ، حەیفەیە دەبەری نەمرێنێ .

هەر دوو دەرگای چێشتخانە و هۆدەکە ، وێکرا ، بە زەبرێکی شێرانە کرانەوە و گەرووی دوو چەک بە جوت سەریان لێ هێنایە ژوور . دەمانچە برنەوەکە لەناو مشتیدا بوو . دەیتوانی هەردووکیان لە پای دەرگاکەدا سارد کاتەوە . بەڵام هیچی نەکرد و لەبەر شەوق و ڕووناکیی مانگەشەوی بەر پەنجەرە دووتاکییەکەیدا چەقی . پێی خۆش بوو چرا هەڵکاتەوە و بە ڕووناکی تاوێکی چاوێکی لە بەژن و باڵای مچە بگرێ . نان و چایەکیان بۆ ساز بکا و لە ژوورەکەیدا بە ئەهوەنی سەرخەوێکیش بشکێن .

لە دووەکان یەکیان سام گرتی و هەنگاوێک بەرەو دوا کشایەوە . لە بەژن و باڵای بەرزی و لە دەست دەمانچەکەی ترسا . بەژن و باڵاکەی هەتا دەست هەڵێنی کەڵەگەت و چوارشانە مابۆوە . دەمانچەی ناو مشتیشی لەبەر شەوقی مانگەشەو تروسکەی دەدا . مچە گرماندی بە سەریدا :

« بگرە هەق و مافی خەیانەتەکانت ، بەکرێگیراو ! ... ئەمەش هەقەکەت ! » دوو شریخەی دوبەدوای یەک ژوورەکەیان کەڕ کرد . یەدە بێسارانی کەوتە سەر چۆک . مچە دیسان گرماندی :

« چەلێ نۆرەی جاش موریدەکانە و پاشانیش نۆرەی سەرجاش کاکە ــ تانە ! »

دەمانچەکەی بە هەموو هێزەوە ، لەناو مشتدا گوشی . هەر ئەوتۆی گوشی ، کە تەنانەت پاشی مەرگیشی، مچە مشتی بۆ نەکرێتەوە. تەقەیەکی تر بەدەمدا خستی . کەوتە سەر هەر ئەو ڕاخەرە خۆش نەخش و نیگارەی کە یادگاری ڕەزیەکەی بوو. دەستیشی کرایەوە . مچە داهاتەوە و دەمانچە برنەوەکەی پڕ پێداگرت . لە دەسرۆکەکەیەوە پێچا و لە ژوور هاتنە دەر.

ژوورەکە بۆنی خوێنی تێگەڕا . لە ژووردا هەستی بە نەفەستەنگی و بێحاڵی و بێخودی کرد ، زۆریشی توونی بوو. بە سنگە خزە خۆی بەرەو دەر کێشا . کە هاتە دەر و سنگی بە سەرمای بەفری حەوشە شاد بوو ، پشووی تۆزێ هاتەوە جێ و تووناییەتییەکەشی ئاهێک دامرکا . بە نێو بەفردا خزی . سەعاتێک ، دووان و سێیانی پێ چوو هەتا چوار میترەی حەوشەی تێپەڕ کرد .

مچە و هاوڕێیانی لە گردەکەی کەناری شار ئاوا بوون . یەکەم گزنگی بەربەیان ، تروسکەی پێکەنینی بە گەرووی چەکەکانیاندا هێنا . کلاشنیکۆفی هەر سێ هاوڕێ تازە و بێ پەڵە و بێ غەوڕ بوو ، تازە لە ڕۆن هاتبوونە دەر . هەر بەس چەکی مچە بوو کە سێ فیشەکی بە دەمدا دەرچووبوو . سێ فیشەک بە دەمانچەیەک . سەودایەکی خەراپ نەبوو . دەمانچەکە کۆن بوو ، بەڵام باش ڕاگیرابوو .

هەتاو لە سووچی ئاسۆی شاری سنە دەهاتە دەر . بەفری تورتی سەرماتێمردووی ژێر پەل و پێی سێ هاوڕێ کریەی دەهات . بەفری دانار داناری حەوشەکەی

یەدە بێسارانیش بە هێڵێکی ئاڵ ، شوێنی خزینێکی هەتا ژێر دیواری ئەوسەر بردبوو . ئەوان بەرەو مەنزڵ دەرۆیشتن و یەدە بێسارانیش هەر لەو شوێنەی کە رەزێیان بۆ جاری ئاخر لێ شۆردبوو ، رەق هەڵاتبوو. لە ماڵی یەدە بێسارانیدا پیاو چاکێک بۆ هەتا هەتایە خەوتبوو .

.....................................

قوڵقەبران = گەڕەکی قوڵقەبران ، گەڕەکێکی کۆن و قەدیمی بوو لە مەهاباد. شەقامێکیان پێداکێشا و گۆڕ و تەختیان کرد و ناوی تەرەماش خانێکیان بەسەردا بڕی.

* کاکە = مەبەست کاک ئەحمەدی مفتی زادەیە .

* محیەدین = محیەدینی ئایشـــەکـــوللێـــران،نـــاوی پێشمەرگەیەکی ئازای مەهابادی بووە لە سەردەمی جمهوورییەتدا ، کە پاش جوانەمەرگ بوونی کۆماری کوردستان ، لە هەموو تەمەنی دوایینیدا، پێی وابوو پێشەوا ماوە و ئیمرۆ نا سبەیەکی دەگەڕێتەوە .

# بەردی ڕەش

مەهاباد قەرەداغی

لە دوندی شەودا...
بە دیار لەدایکبوونەوە دادەنیشم
ئێشکی خەون دەگرم
لە ترۆپکی ڕۆژدا...
تەپڵەکەکەم پڕە لە سووتووی وشە و...
تیپی مۆسیقای دەستم ئاوازی بێدەنگی دەژەنن!

ئەمە تاریکییە... یان بەردی ڕەشە...
کە لافاوی جەستە بە مەداریدا دەخولێتەوە... و
عیبادەت دەکا؟
ئەمە دووکەڵی شەونمە... یان هەناسەی باران
کە گەردوونی پڕکردووە لە تەم؟
ئەم گۆزەی زەمەنە شێتە شەوی لێ دەرژێ...
یان تاریکی پاڵتۆی ڕۆحی لەبەر جەستەم داکەندووە؟
سەدای پێکەنینی زامە، کاسی کردووم... یان هاوار دەتەقێتەوە؟
لەدایکبوون تاوانبارە... یان ساتەکانی شێتبوون و
حاڵ لێ هاتن؟

بە کام خۆر ئەم سێبەرە بپێوم؟
بە کام لەدایکبوون ئەم بێشکەیە ئاوەدان دەبێتەوە؟
سەرم لە دەریاکاندا بشارنەوە
با ئیتر جەستەم بە دوایدا نەگەڕێ!
جەستەم لە تراویلکەدا حەشاردەن
با ڕۆح بە دوایدا نەگەڕێ!
ڕۆحم لە قۆزاخەی بەردا بشارنەوە
با مەرگ نەیدۆزێتەوە
ئەمە کراسە یان دووکەڵ... لەبەر دەریادا؟
ئەمە جاجمە یان ئاڵا بەسەر تەرمی پردەوە دەدرەوشێتەوە؟
بە میلی کام کارەسات کاتەکان بپێوم؟

سەعات سفری پێش... یان پاش مێژوو
ئەم دووکەڵە خەست دەبێتەوە و... دەبێتە شەپۆل!
ئەم شەپۆلە ڕەق دەبێتەوە و... دەبێتە بێشکە!
بە کام لەدایکبوون ئەم بێشکەیە ئاوەدان دەبێتەوە؟
ئەمە تاریکییە
یان
بەردی ڕەش؟!

١٩٩٤/١/٧سوێد

chalakmuhamad@gmail.com

# کاریکاتوور

کورتە ناساندنێکی کاریکاتوور : شێوەیەکی هونەرە ، بە گشتی پۆرترێت ، کە تێدا لایەنە تایبەتییەکانی ئەو بابەتەی پێشان دەدرێ، بۆ کارکردی پێکەنین و گاڵتە دەشێوێنرێ یا زێدەڕۆیی تێدا دەکرێ. زاراوەکە هەندێ جار بە جۆرێکی بەرینتر بە کار دەبرێ بۆ گەیاندنی شێوەی دیکەی گاڵتەجاڕیی وێنەئامێز، نواندنی گرۆتێسک یا قەشمەرانە ( پێکەنیناوی ) ، وەک سەری پێکەنینهێنەری لیۆناردۆ . داهێنانی کاریکاتوور لە سنووری تەسکی ماناکەیدا، دەدرێتە پاڵ ئانیبال کاراکسی، کە بە هونەرێکی دادەنا وەک هەر بەشێکی دیکەی هونەر ؛ کاریکاتووریستیش گەوهەری قوربانییەکەی دەردەخات، بەو شێوەیەی کە تێیدا دەردەکەوت ، ئەگەر سرشت بە تەواوی دەستی والا بووایە. گەلێ هونەرمەندی گەورەی دیکەی سەدەی حەڤدەیەم کاریکاتووریستی لێهاتوو بوون . بێرنینی نموونەیەکی بەرچاوە، کە بەهرەی خۆی لە لای لویسی پانزدەهەم پێشان دا. بەڵام یەکەم هونەرمەندێک کە بەشێکی گەورەی داهات و بژێوی خۆی بە کاریکاتوور دابین کردبێ پییێر گێززی ( ١٦٧٤ - ١٧٥٥ ) بوو، کە پۆرترێتی هونەردۆستانی دەکێشا، ئەوانەی لە ڕۆما خڕ بووبوونەوە . کاریکاتووری سیاسی ، وەک ئەمڕۆ دەیبینین ، لە سێ دەیەی کۆتایی‌ی سەدەی هەژدەیەمدا سەری هەڵدا و لە لایەن هونەرمەندانی وەک گیلرای ، ڕۆلانسۆن و کروکشانک - ەوە پوختەو تەواو کرا . گاڵتەجاڕییە بێئابڕوو و ڕەق و جڵەونەگیراوەکانی ڕۆلاندسۆن لە مەڕ کەسایەتییەکانی سەردەمی خۆی ، بوو بە هۆی بڵاوبوونەوەی لێکچواندنی پێکەنیناویی پیت ، فۆکس و تەنانەت جۆرجی سێیەم و ئەمانە بوون بە جۆرێ ستیریۆتایپ کە یەکسەر دەناسرانەوە . گۆڤاری کارتۆنی‌ی پەنچ Punch بوو بە هۆی دامەزراندن و چەسپاندنی کاریکاتووری سیاسی . هەر وەها وێنە پۆرترێتەکانی گێززی لە گۆڤاری Vanity Fairدا زیندوو کرانەوە. هەر لەوساوە هونەرمەندانی بریتانی لەو مەیدانەدا دەستڕەنگینییان نواند تا سەرەتای قۆناغی فەرهەنگی ڤیکتۆریایی. گەورەترین کاریکاتووریستی سیاسی بە هەرحاڵ دۆمییری فرانسەیی بوو . کرژیی باری سیاسی لە فەرەنسای سەدەی نۆزدەهەم بوو بە هۆی برەو دان بە کارەکانی دۆمییر ، کە لە حەفتەنامەی La Caricature و ڕۆژنامەی Le Charivari دا بڵاو دەبوونەوە . هەردوو بڵاوکراوەکە دژی لویس فیلیپ ( ١٧٧٣ - ١٨٥٠ ) بوون و پێشاندانی دەم و چاوی قەڵەوی ئەویان بە وێنەی هەرمێیەک کردە باو. گەلێ لە هونەرمەندانی پێشەنگی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم بەهرەی کاریکاتوور کێشانیان تێدا هەبووە ، تەنانەت پیکاسۆش، ئەگەر چی بە زۆری وەک هونەرێکی لاوەکی .

The Thames and Hudson Dictionary of Art and Artists, Consulting Editor : Herbert Read, Revised ediditron : Nicos Stongos, Thames and Hudson 1984.

The Concise Oxford Dictionary of Art and Artists, ed. by : lan Chilvers, OUP 1990.

The Oxford Dictionary of Art, edited by : Ian Chilvers and Harold, Consultant editor : Dennis Farr, OUP 1988.

Lexikon för Konst ,
AB nordiska Uppslagsböcker , Vol.3, Stockholm 1960.

لەم لاپەڕانەدا کۆمەڵێ کاریکاتووری سیاسی بڵاو دەکەینەوە ، کە لە ڕۆژانی شەڕی کەنداودا ، پاش داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە و پاشانیش کۆڕەوەکەی گەلی کوردی کوردستانی عێراق ، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ناسراوەکانی دنیادا بڵاو کراونەتەوە. زۆر سوپاس بۆ برای هێژا نووسەری کورد کاک ڕۆهات کە وێنەکانی پێشکەش بە گۆڤارەکەمان کرد.






نووسراوە کە دەتوانین لێرە بمێنینەوە و بە ئاشتی بژین .






chalakmuhamad@gmail.com






chalakmuhamad@gmail.com






chalakmuhamad@gmail.com












« The independent » du 4 avril



chalakmuhamad@gmail.com

ڕێکخستنەوەی تازەی دنیا






GABLE
*Globe and Mail*
Toronto
CANADA






chalakmuhamad@gmail.com

# دوو شیعری سویدی

وەرگێڕانی : گۆران قەرەداغی

کریستینا لونگن
Kristina Lugn

## ئەگەر چاوەکانم بقووچێنم و خۆم نەبزوێنم

ئەگەر لە خەو ڕابیت
لەوانەیە بمرین ،
بەڵام ئەگەر بە ئارامی
ڕابکشێم و وای نیشان دەم
پێ نازانم چەندە تەنیام ،
بەڵام ئەگەر
چاوەکانم قایم قایم بنووقێنم و
لە ژێر لەشتا
جووڵە نەکەم ڕەنگە ئیدی پێت وا بێ
من ژنێکم شایانی خۆشویستن
ئەگەر یەکجار ئارام
لەژێر شیرینخەوی تۆدا ڕاکشێم .

ئیڤار کۆنرادسۆن ( ١٨٨٤ - ١٩٦٨)
Ivar Conradson

## دڵخۆشی

ئێستا .. ئەم ئێوارەیە
یادت لە دڵما دەسووتێ
ئای ، ئازاری خۆش
کە شێوەت
ئاوا بە تین لە دڵدا هەست پێ بکرێ ،
کە شێوەت
ڕستەی گەرم و گوڕی ژیان
لە ناو دڵما بنووسێ .

ئای ، ئەو ئەوینەی ئاوا بە قووڵی
جوانیی دڵبەرەکەم لە ڕۆحمدا
دەنووسێ ،
ئای ، ئەو ئەوینەی
تا ناخی دڵم پیرۆز دەکات .

chalakmuhamad@gmail.com

چەپکێک لە گوڵزاری شیعرەکانی

# ئێدیت سوێدەرگران

# Edith Södergran

وەرگێڕانی : ڕزگار عەبدوڵڵا

### خوشکەکانمان بە جلی ڕەنگاوڕەنگەوە دەڕۆن

خوشکەکانمان لە ڕۆخی ئاو ڕادەوەستن و گۆرانی دەچڕن ،
خوشکەکانمان لەسەر بەرد دادەنیشن و چاوەڕێ دەکەن،
لە سەبەتەکانیاندا ئاو و بایان پێیە و
ناوی گوڵیان لێ ناوە .
بەڵام من باوەش بە خاچێکدا دەکەم و دەگریم ،
سەردەمێک وەک گەڵایەکی سەوزی کاڵ نەرم بووم و
لە بەرزاییی هەوای شیندا هەڵواسرابووم ،
ئەودەم لە دەروونمدا دوو تیغ بەر یەک دەکەون و
سەرکەوتوویەک بۆ لێوی خۆی ڕاکێشی کردم .
لاساریی ئەو هێند میهرەبان بوو نەژاکام ،
ئەستێرەیەکی پرشنگداری بە نێوچەوانمەوە نووساند و
بە دەم ئەشکەوە هەڵدەلەرزیم
کە لەسەر دوورگەیەک بەجێی هێشتم ، نێوی زستانە .

### سێ خوشک

خوشکێکیان حەزی لە تووە فەرەنگییە شیرینەکان دەکرد ،
خوشکەکەی دیکە حەزی لە گوڵە سوورەکان دەکرد ،
خوشکی سێیەم حەزی لە تاجەگوڵینەی مردووان دەکرد،
خوشکی یەکەم شووی کرد :
دەڵێن کە ئەو شادمانە .

خوشکی دووەم بە دڵ و بە گیان ئەڤینداریی کرد ،
دەڵێن ، ئەو شادیی نەدی .

خوشکی سێیەم بوو بە چاکێک
دەڵێن ، ئەو تاجی ژینی ئەبەدی دەباتەوە .

### ڕازی بەهار

خوشکم
وێنەی بایێکی بەهارە بە سەر دۆڵەکانماندا دەشنێیتەوە.
لەبەر سێبەر وەنەوشەکان بۆنی خۆشیان لێ دێ .
دەمەوێ بتبەمە دڵگیرترین پەنای دارستان :
لەوێ بۆ یەکتریمان باس دەکرد چۆن خوامان دی .

### وشە

وشەی گەرم ، وشەی جوان ، وشەی قووڵ ...
دەڵێی بۆنی گوڵێکن بە شەو
مرۆڤ نایبینێ .
لە پشتیانەوە گەردوونی چۆڵ خۆی مەڵاس داوە ...
ڕەنگە دووکەڵی پێچ خواردووی
ئاگردانی گەرمی ئەوین بن ؟

chalakmuhamad@gmail.com

## گوڵ

جیهان هی منە .
بۆ هەرکوێ برۆم
بۆ هەمووان گوڵ هەڵدەدەم .
هونەرمەند هەموو گوێیەکی مەرمەڕی خۆش دەوێ
لە وشەکانی تێ بگات .
بە من چی ژان و دەردەسەری ؟
بە قرچەیەک هەموو بە یەکەوە ڕمان :
من گۆرانی دەچڕم .
ئەوسا سروودی گەورەی ئێش
لە دەروونێکی بەختیارەوە هەڵدەقوڵێ .

## لە تاریکیدا

ئەڤینم نەدۆزییەوە . دیداری کەس نەبووم .
بەدەم لەرزەوە لە شەوانی پاییزدا
بە لای گۆڕی زەردەشتدا تێپەڕیم
- ئیتر لە سەرزەوی کێ گوێم لێ دەگرێ ؟
ئەوسا باسکێک بە نەرمی خۆی لە کەمەرم ئاڵاند -
خوشکێکم دۆزییەوە ...
پڕ ئەدەمە قژە لوولە زێڕینەکەی -
ئەمە تۆی کە مەحاڵی ؟
ئەمە تۆی ؟
بە گومانەوە دەڕوانمە ڕوخساری ،
ئاوا خواکان یاریمان لەگەڵ دەکەن ؟

## لە دارستانە گەورەکاندا ...

ماوەیەک لە دارستانە گەورەکاندا وێڵ بووم ،
بە دوای ئەو چیرۆکانەدا گەڕام ، کە منداڵیم گوێی لێیان بوو .

ماوەیەک لەناو چیا بەرزەکاندا وێڵ بووم
بە دوای ئەو کۆشکی خەونەدا دەگەڕام کە تەمەنی لاویم دروستی کردبوو .

لە باخچەی خۆشەویستەکەمدا وێڵ بووم
لەوێ کوکوختییە بەختیارەکە نیشتبوو ،
تاسەم لە دووی دەگەڕا .

## دۆزەخ

ئای دۆزەخ چەند خۆشە !
لە دۆزەخدا کەس باسی مردن ناکا .
دۆزەخ بە دەروونی زەوی شووره دراوە و
بە گوڵی سوورەوەبووش ڕازێنراوەتەوە ...
لە دۆزەخدا کەس وشەیەکی پووچ ناڵێ ...
لە دۆزەخدا کەس نەیخواردۆتەوە و کەسیش نەنووستووە.
کەس پشوو نادا و کەسیش بێئارام دانانیشێ .
لە دۆزەخدا کەس ناپەیڤێ ، بەڵام هەموو هاوار دەکەن ،
لەوێ فرمێسک نییە و هەموو غەمەکانیش بێهێزن .
لە دۆزەخدا کەس ماندوو نابێ و کەسیش نەخۆش ناکەوێ .
دۆزەخ لە گۆڕان نەهاتووە و ئەبەدییە .

chalakmuhamad@gmail.com

# ئێدیت سـویدەرگران
# Edith Södergran



یەکێکە لە شاعیرە هەرە ڕەسەن و سەرسووڕهێنەرەکانی ئەدەبی هاوچەرخی سوێدی . هەموو مۆدێرنیسمی زمانی سوێدی لەم شاعیرە پێشەنگەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. هەر هەموو شیعرەکانی لەمەڕ ئەزموونی ژیانی تەنیایی و پەژارەی خۆیەتی ، تا ئەو ڕادەیەی کە وتوویەتی : " من شیعر نانووسم ، بەڵکە خۆم دروست دەکەم " . ئێدیت شیعری هێندە بەپێز و جوانی نووسیوە کە تا ئەمڕۆ لە کۆتاییی ئەم سەدەیەشدا لە گەشەکردنی شیعری سوێدیدا کاریگەرن .

ئێدیت سوێدەرگران لە ٤-٤-١٨٩٢ لە شاری "پێتەرسبورگ " ی ڕووسیا لە دایک بووە . تەمەنی سێ مانگ بوو کە ماڵیان گوێزرایەوە بۆ گوندی " ڕەیڤۆلە ـ Raivola " ی فینلاند ، کە ئێستا سەر بە ڕووسیایە . لە تەمەنی شانزدە ساڵیدا تووشی نەخۆشیی سیل دەبێ . ساڵێک لەوەوپێش باوکیشی هەر بەو نەخۆشییە مردبوو . ئێدیت ناچار دەست لە خوێندن هەڵدەگرێ و لە نەخۆشخانەدا دەکەوێ . لە فینلاند چاک نابێتەوە . ساڵی ١٩١١ لەگەڵ دایکی سەفەری سویسرا دەکەن و لەوێ سێ ساڵ لە نەخۆشخانە دەکەوێ ، بێ ئەوەی لە نەخۆشییەکەی ڕزگاری ببێ . پاشان بە یەکجاری دەگەڕێتەوە بۆ گوندە خۆشەویستەکەی ، کە سرووشتێکی گەلێک جوانی هەبووە، و ساڵی ١٩٢٣ بە یەکجاری سەر دەنێتەوە. یەکەمین کۆمەڵە شیعری ساڵی ١٩١٦ بە ناوی "شیعر" بڵاوکردەوە . لەوەودواش هەر لە ژیانی خۆیدا سێ کۆمەڵە شیعری دیکەی بڵاوکردەوە : شیعری ئەیلوول : ١٩١٨؛ قوربانیگەی گوڵڕەنگ : ١٩١٩ ؛ سێبەری پاشەڕۆژ : ١٩٢٠. ساڵی ١٩٢٥ یش ڕەخنەگری هاوڕێی هاگار ئولسسۆن ، دوای مردنی ئێدیت کۆمەڵە شیعری " ئەو وڵاتەی کە نییە" ی ئەوی بڵاوکردەوە . کۆکراوەی سەرجەمی شیعرەکانی ئێدیت سوێدەرگران یەکەم جار ساڵی ١٩٤٩ بڵاوکرایەوە و لەوەوپاشیش دەیان جار بڵاوبۆتەوە.

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

ISSN 1102 - 2000

# Mamostay Kurd



21

Spring 1994